WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (295) دووشەممە 2014/1/27 7ی ڕێبەندانی 2713 (750) دینار



## کۆسرەت ڕەسوڵ هەڕەشەی وازهێنان لە سەرکردایەتی یەکێتی دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڕەشەی وازهێنانی لە سەرکردایەتی یەکێتی کردبوو، ئەگەر کۆنگرەی چوارەم لەکاتی خۆیدا نەکرێ.

سەرکردەیەکی باڵای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی دواخستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی کێشەی زۆری لەنێو یەکێتی دروستکردووە و تەنانەت گەیشتە ئەوەی کە جێگری سکرتێری گشتی هەڕەشەی وازهێنان بکات لە سەرکردایەتی یەکێتی. ئەو سەرکردەیە بە (ڕووداو)ی گوت "کاک کۆسرەت گوتی ئەگەر یەکێتی کۆنگرەی چوارەم لە کاتی خۆیدا نەکات ئەوا لە سەرکردایەتی نامێنێ و تەنیا وەکو ئەندامێکی یەکێتی دەمێنێتەوە". بەڵام "دواتر برادەرانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی چوونە لای و قەناعەتیان پێکرد کە غیابی ئەو زیانێکی گەورە بە یەکێتی دەگەیەنێ". عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بێ ئاگایی خۆی لەو هەڕەشەیە نیشانداو بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر بڕیاری وا بەشێوەیەکی فەرمی درا ئەوکات لە مەکتەبی سیاسی قسەمان دەبێ".

3 «

600 پیاو بۆ ژنی دووەم چوونەتە کەرکووک و مەخموور

15

سلێمانی لە دەستدرێژی و هەولێریش لە کوشتنی ژنان لە پێشەوەن

14



بە تەمەنترین کورد لە دڵی شارە پیرۆزەکەدا

20

لە بەرامبەر جێگری سەرۆکی حکومەت

# گۆڕان داوای جێگری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکات

3 «




REKLAM



## کاندیدێکی یەکێتی کۆچی دواییکرد

**ڕووداو- شنگال**

کاندیدێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پەرلەمانی نوێی عێراق لە قەزای شنگالی سەر بە پارێزگای مووسڵ کۆچی دواییکرد. ڕۆژی 2014/1/26 عوبێد مەتۆ خەلەف، کە کاندیدی خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە تەمەنی 46 ساڵی بەهۆی جەڵتەی دڵ کۆچی دواییکرد. ناوبراو لەکاتی دەوامی فەرمی خۆی بوو لە فەرمانگەی ناسنامە و باری کەسی لە کۆمەڵگەی گرعزێر. عوبێد یەکێک بوو لەو 66 ئێزدییەی کە پارتە کوردییەکان لە سنووری پارێزگای مووسڵ کاندیدیانکردوون بۆ هەڵبژاردنەکانی خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق.

### لەدایکبووانی 1996 دەنگدەدەن

# بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو 95 هەزار دەنگدەری تازە لە کوردستان دەنگ دەدەن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، لە هەڵبژاردنەکانی مانگی نیسانی داهاتوو، ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بۆ نزیکەی 100 هەزار زیاد دەکات، بەڵام بەڕێوەبەری گشتی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە هەولێر ڕەتیدەکاتەوە ئەوان بەو ئامارە کاربکەن و دەڵێ "ئێمە بەپێی ئاماری داتابەیسی کۆبوونی خۆراک کاردەکەین نەک ئەو ئامارانە".

هەندرێن محەممەد ساڵح، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان، پێیوایە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، دەنگدەرانی نوێ تارادەیەکی زۆرتر لەوانەی پێشتر دەنگیانداوەو بەشداریی لە هەڵبژاردن دەکەن "بەڵام ژنان زیاتر لە پیاوان دەچنە دەنگدان".

مانگی نیسانی داهاتوو، دوو هەڵبژاردن بەڕێوەدەچن، ئەنجوومەنی پارێزگاکان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵام ئەم دوو هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە 4 مانگ لەمەوبەر ئەنجامدرا، لەدایکبووی ساڵێکی دیکەی بۆ زیاد دەبێ و مانگی نیسانی داهاتوو لەدایکبووانی 1996 دەتوانن دەنگ بدەن.

هەمیشە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان جەخت لەوە دەکەنەوە، بەغدا هەموو شتێکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە شەڕی سیاسی کردووە و وایدەبینن ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی بەغدا دەیکاتە پێوەر بۆ دیاریکردنی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا. بەڵام وەزیری بازرگانی عێراق کە کوردە، پێیوایە ڕێژەی گەشەسەندن لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لاوازترە.

خەیروڵڵا حەسەن، وەزیری بازرگانی عێراق دەڵێت "بۆمان دەرکەوتووە لە هەرێمی کوردستان خێزانی مامناوەند دروستبووە و 2 تا 3 منداڵ زیاتریان نییە، بەڵام خێزان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق 8 بۆ 9 منداڵە، چونکە دیاردەی فرەژنی بەشێوەیەکی بەرچاو لەو ناوچانە پەرەی سەندووە و وای لێهاتووە، ئێستا دیاردەی فرەژنی لەو شارانە بووەتە 3 ژن و 4 ژن کە ئەوەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان".

بەگوێرەی فەرمانگەکانی ئاماری هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە 2014 دا 95 هەزار زیادی کردووە، کە بەو جۆرە بووە (سلێمانی 41 هەزار دەنگدەر، هەولێر 34 هەزار و دهۆک 27 هەزار دەنگدەر). بەڵام لەبەر ئەوەی بەغدا کار بە داتا و ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی و کۆبوونی خۆراک دەکات، ژمارەی دەنگدەرە نوێیەکانی هەرێمی کوردستان لای کۆمیسیۆن کەمترە و تەنیا پشت بەو ئامارە دەبەستن کە لە داتا بەیسی کۆبۆنی خۆراک وەردەگیرێ.

وەزیری بازرگانی عێراق، باسی یەکێک لە هۆکارەکانی کەمبوونەوەی قەبارەی خێزان و نەمانی تەواو کەمبوونەوەی فرە ژنی دەکات لە هەرێمی کوردستان و دەڵێ "لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ڕێکخراوەکانی ژنان بێدەنگن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ڕێکخراوەکانی ژنان بە توندی دژی ئەو دیاردانە دەوەستنەوە و فشاری سیاسیشی بۆ دروستدەکەن".

ژمارەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران 44 کورسییە، بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش 89 کورسییە، کە سلێمانی 32 کورسی و هەولێر 30 کورسی و دهۆک 27 کورسییە.

سامان فەوزی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ داوامان لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد و سەیری ئەو داتایانەمان کرد لەبەردەستیان بوو "پێداچوونەوەمان بۆ کرد و توانیمان بۆ هەولێر و سلێمانی و دهۆک یەکی کورسییەکی دیکە زیاد بکەین".

سامان فەوزی جیاوازی ئەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراق لەوانی دیکە ڕوونەدەکاتەوە و دەڵێت مادام ژمارەی کورسییەکان دیاریکراوە "خەڵکی پارێزگای سلێمانی کەم یان زۆر بەشداری هەڵبژاردن بکەن، هەر 18 کورسی هەیە".

عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەرپرسی پێشووی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمیسیۆن باسی نەبوونی ئاماری نوێی ساڵانە دەکات لە عێراق و بەگرفتی بەردەم هەڵبژاردنەکانی دەزانێ "بۆیە ناچار کۆمیسیۆن پشت بە داتای کۆبۆنی خۆراک دەبەستێ و داتاکانیش لە وەزارەتی بازرگانی عێراق کڕدراون". گوتیشی "بێگومان ڕێژەی دانیشتووان لە ناوچەکانی ناوەراست و باشوور زۆرترن، لەو هەڵبژاردنە ڕەنگە ژمارەی کورسی کورد لە پەرلەمانی عێراق زیاد بکات، بەڵام ژمارەی کورسی پارێزگا عەرەبییەکان و شیعە و سوننە زۆر زیاتر دەبێ لە پەرلەمان".

ئەو یاسایەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی پێ ئەنجام دەدرێ ، جیاوازە لەو یاسایەی هەڵبژاردنەکەی دیکە ئەنجام دەدات، بۆیە لە هەڵبژاردنی یەکەمدا هەر پارێزگایەک 25 کورسی دیاریکراوی خۆی هەیە و ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی لە 500 هەزار کەس زیاتر بێ، بۆ 200 هەزار کەس 1 کورسی دادەنرێ . کە بەو پێیەش سلێمانی 1 ملیۆن و 900 هەزار دانیشتوی هەیە لە ئامارەکانی لای بەغدا، 7 کورسی بۆ دانراوە.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ "ئەنجوومەنی ئێستای پارێزگای سلێمانی بۆیە 41 کورسییە، چونکە بەپێی یاسا 71ی بریمەر هەڵبژاردنی 2005 ئەنجامدراوە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە بە یاسای بریمەر ئەنجام نادرێ".


بنکەیەکی دەنگدان لە شاری سلێمانی
(فۆتۆ:سەرتیپ عوسمان)

### ئەندامێکی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق:

# خەڵک هەیە 4 ساڵە گیراوە و دادگای نەبینیوە



**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

ئەندامێکی کوردی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق باسی ڕەوشی زیندانەکانی عێراق دەکات و دەڵێت گیراوی تێدایە 4 ساڵە دەستگیر کراوە تاوەکو ئێستا دادگایی نەکراوە. هەروەها دەڵێت شیعە و سوننە بە یاسای دژە تیرۆر تەسفیە حیسابی یەکدی دەکەن.

دوای 7 ساڵ لە پەسەندکردنی دەستووری عێراق، کە لە مادەی 102 ئاماژە بە دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ دەکات ئەو کۆمیسیۆنە لە لە 15/5/2012 دامەزرا، بەڵام بەپێی قسەی ئەندامێکی کۆمسیۆن تاوەکو ئێستا نە بارەگایان هەیە و نە دەسەڵات و نە هیچ ئیمتیازێک.

هێمن باجەلان، ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ ڕەخنە لە حکومەتی عێراق دەگرێت و دەڵێت "حکومەت ئاگادارکردنەوە سەردانی گرتووخانەکان بکەین، بەڵام تا ئێستا نەمانکردووە، تەنیا سەردانی سێ گرتووخانەمان کردووە، ئەویش بە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە".

باجەلان ئاماژەی بەوەدا کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دژایەتییان دەکرێت و بەربەست بۆ کارەکانیان دروست دەکرێت "بە نووسراوی فەرمی زیاتر لە شەش مانگە داوامان لە وەزارەتی داد کردووە بۆ ئەوەی ناوی گرتووخانە فەرمییەکانمان بداتێ، بەڵام تا ئێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە، بۆیە ناتوانین ئەو قسانە بە درۆ بخەینەوە، کە باس لە گرتووخانەی نهێنی دەکەن"

#### باجی ڕەشیان نادەنێ

هێمن باجەلان، باسی ڕەوشی کۆمسیۆنەکەی کرد کە تاوەکو ئێستا تەنانەت بارەگاشیان نییە "تا ئێستا بارەگامان نییە، جارێک خانوویەکمان بە کرێ گرت، دواتر خاوەنەکەی پەشیمان بووەوە، دواتر زانیمان کە هەڕەشەی لێکرابوو بۆ ئەوەی پێمان نەدات، لەبەر ئەوەی حەسانەمان هەیە بۆیە پێویستە باجی ڕەنگی ڕەشمان بدەنێ بۆ ئەوەی بچینە ناوچەی سەوز، بەڵام پێمان نادەن بە بیانووی ئەوەی کە پلەی ئێمە بەڕێوەبەری گشتییە.

#### "4 ساڵە گیراوە و دادگایی نەکراوە"

ئەو ئەندامەی ئەندامەی کومسیۆن باسی ڕەوشی زیندانییەکان دەکات و دەڵێت "بەشێویەکی گشتی خواردنیان باش نییە، بۆ هەموو گرتووخانەکانی عێراق تەنیا یەک کەس موتەعەهیدە بۆ ئەوەی ڕۆژانە نانیان بۆ دابین بیات، ئەمە پێشێلکاری ڕوونە، کەسێک چۆن دەتوانیت ئاگای لە خواردنی زیندانیانی موسڵ و بەسرابێ، بۆ هەر کەسێک ڕۆژانە 8.750 دینار تەرخان دەکرێت بۆ خواردن، بەڵام بینیمان خواردنەکەیان زۆر زۆر خراپە.

هێمن باجەلان، باسی پێشێلکاری ناو گرتووخانەکان دەکات و دەڵێت "بە بیانووی یاسای ژمارەی 4 تیرۆر، خەڵکانێک هەن، بە تایبەت شیعەکان تەسفیەی حیسابات لەگەڵ سوننەکان دەکەن، کەسێکمان لە زیندان بینی کە چوار ساڵ بوو گیرابوو دادگایی نەکرابوو".

#### "بێ سەرۆک و جێگرە"

کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق تا ئێستا بێ سەرۆک و جێگرە و ئەو کۆمسیارە کوردە هۆکارەکەی بۆ ململانێی سیاسی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران دەگەڕێنێتەوە کە سەر سەرۆک و جێگری کۆمسیۆنەکە ڕێکناکەون، بۆیە دەڵێت "بۆ پاراستی هەیبەتی کومسیۆن لە دەستێوەردانی حزبی، ئێمە پێشنیازمان کردووە سەرۆک بەشێوەی دەوری بێت لە ناو ئەنجوومەنی کۆمسیاران و نەبوونی سەرۆک و جێگر خاڵی هەرە لاوازیمانە".

بەپێی یاساکەی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ دەبێت ساڵانە ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق بنووسێت و پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بکات. هێمن دەڵێت "ئێستا ئێمە سەرقاڵی کۆکردنەوەی داتا و ئامارین، پێمولیە ئەگەر توانیمان بە جورئەت هەموو پێشێلکارییەکان بنووسین، تووشی هەڕەشەی زیاتر دەبین".

#### شیعە و سوننە بە یاسای تیرۆر تەسفیەی حیساب لەگەڵ یەک دەکەن

#### لە نێو حکومەتی عێراق دژایەتیمان دەکرێت

دژایەتیمان دەکات و ئەوە شەش مانگە بە فەرمی داوامان لە وەزارەتی داد کردووە ناوی گرتووخانە فەرمیەکانمان بۆ دیاری بکات، بەڵام تا ئێستا وەڵامی نەداوینەتەوە.

کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق 11 ئەندامی هەیە، کە دوویان کوردن، لەگەڵ سێ شیعە، دوو سوننە و یەک تورکمان، ئەوان بەپێی یاسا لە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران سوێندی یاساییان خواردووە، بەڵام هێمن باجەلان دەڵێت "هەرچەندە ئێمە حەسانەمان هەیە و ئەو مافەمان هەیە هەر کاتێک بمانەوێت بەبێ

# "چەند کەسێکی دەمامکدار کوڕەکەمیان ڕفاند"

### عەلی کەریم:
## دەیان کەس هەن بەبێ فەرمانی دادگا دەستگیرکراون

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

"کاتێک بەیانی لە ماڵەوە دەچێتە دەرەوە، لە نزیک ماڵی خۆمان لە ئەسحابە سپی، زمناکۆ فەرەج لەلایەن چەند کەسێکی دەمامکدارەوە، دەخرێتە نێو ئۆتۆمبێلێکی بێرەقەم و دەرفێنرێت". ئەمە قسەی فەرەج عومەری باوکی زمناکۆیە.

فەرەج دەڵێت بەمشێوەیە کوڕەکەی دەستگیرکراوە، بەڵام سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دەڵێ "تاوەکو ئێستا نەمزانیوە هیچ کەسێک لە هەرێمی کوردستان، بەبێ فەرمانی دادگا دەستگیرکرابێ".

فەرج عومەر، یەکێکە لەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستان، کە کوڕەکەی بەبێ فەرمانی دادوەر دەستگیرکراوە و نزیکەی 10 ساڵیشە هەوڵ دەدات بیبینێت، بەڵام تاوەکو ئێستا هەر نەبینیوە و دەڵێ "نازانم کوڕەکەم ماوە یان نا".

فەرەج لە دادگای سلێمانیش سکاڵای تۆمارکردووە و نێوی ئەو کەسانەشی داوەتە دادگا، کە کوڕەکەی دەستگیرکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوە لەگەڵ کەسیان نەکراوە.

سلاح کەریم، پارێزەری دۆسیەی زمناکۆ فەرەج، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەردەوام لە دادگا بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە دەکەم، دادوەری سلێمانیش چەندینجار داوای لە دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی کردووە، کە تۆمەتبارانیان بداتە دەست بۆ دادگاییکردن، بەڵام وەڵامی دادگا نەدراوەتەوە".

فەرەج دەڵێ "کوڕەکەم هیچ تاوانێکی نەکردووە، ئەو ڕیشی هێشتبووەوە و نوێژی دەکرد، ماوەیەکیش ئەندامی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، ئەگەر هەر تاوانێکی کردبێ با بە ئاشکرا دادگایی بکەن، ئەگەر ئەو کوڕەی من تاوانبار بوو خۆم بە دەستی خۆم دەیکوژم".

بە پێی یاسای ئوسولی موحاکەماتی جەزائی لە عێراق دەستگیرکردنی هەر کەسێک بەبێ فەرمانی دادگا، پێشێلکارییە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) چەندین کەس لە بەبێ بڕیاری دادوەر دەستگیرکراون و بەشێکیشیان تاوەکو ئێستا کەس نازانێ ماون یان مردوون.

### سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان:
## هیچ کەسێک لە هەرێمی کوردستان بەبێ فەرمانی دادگا دەستگیرنەکراوە


فۆتۆ: (سێڤان محەممەد سەلیم)

زەییا پەترۆس، سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "گرنگترین کاری ئێمە سەردانیکردنی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەوەی دەیزانین هیچ کەسێک بەبێ فەرمانی دادوەر دەستگیرنەکراوە، لەنێو چاکسازییەکانیش پرسیارمان کردووە، هەموویان گوتویانە بە فەرمانی دادگا دەستگیرکراون".

بەڵام عەلی کەریم، سەرۆکی ئەنستیتۆتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئاماژە بەوەدەکات "کە خەڵکێکی زۆر هەیە بەبێ فەرمانی دادگا دەستگیرکراون، کە ئەوە پێشێلکارییەکی گەورەیە لە یاساو مافی مرۆڤ دەکرێت".

عەلی کەریم دەڵێ "چەندین کەس هەن کە بەبێ فەرمانی دادوەر، لە زیندانە تایبەتییەکانی ئاسایشدان، هەندێکیان دوای 6 ساڵ لە دەستگیرکردنیان دراونەتە دادگا حوکمدراون، بەڵام ئەو ماوەیەیان بۆ حیساب نەکراوە، کە لە زیندانی ئاسایش گیرابوون".

هەروەها عەلی کەریم دەڵێ "چەندین کەس لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان هەن، کە دادوەر بڕیاری ئازادکردنی داون و حوکمەکانیشیان تەواو بووە، بەڵام لەلایەن داو و دەزگاکانی حکومەت ئازاد نەکراون، ئەمانە هەمووی جۆرێکن لەو پێشێلکاریانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە".

ئەو باس لە یاسا و مافی مرۆڤ لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان دەکات و دەڵێ "لەو وڵاتانەی مافی مرۆڤ تێیدا بە باشی پەیڕەو دەکرێت، ئەگەر کەسێک بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیربکرێت، ڕاستەوخۆ لایەنێکی ئەمنی دەستگیری دەکات، نەک بە فێڵ دەستگیری بکەن، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی توند لەسەر تۆمەتەکەی دەکرێت، دواتر تۆمەتەکانی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە و دەرفەتی بەرگری لەخۆکردنێکی عادیلانەشی پێدەدرێت، دادگا هەموو ئەو شتانە دەکات، بەڵام لە کوردستان قسەی حاکم وەکو قسەی ئاسایش بەهێز نییە، تاوەکو ئەو کارانە بکات".

ڕووداو
ژمارە (295) دووشەممە 2014/1/27

## ژنێک دەبێتە بەرپرسی لقێکی پارتی



**عوبێد ڕەشاڤایی-دهۆک**

پاش بڕیاری کردنەوەی لقێکی پارتی لە قەزای سێمێلی سەر بە پارێزگای دهۆک، مەکتەبی سیاسی ئەو پارتە ژنێکە بۆ بەرپرسی لقەکە پێشنیازکردووە. بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی ڕووداو) هەفتەیەک پێش ئێستا لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی پارتی بە سەرپەرشتی نێچیرڤان بارزانی، پێشنیاز کراوە ئەڤین هرۆری، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی بکرێتە بەرپرسی لقە نوێیەکەی پارتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش بە تێکڕای دەنگ پێشنیازەکەیان پەسەند کردووە. ئەڤین هرۆری، ئەو هەواڵەی ڕەتنەکردەوە بەڵام گوتی "پێم باش نییە جارێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم".

### لە بەرامبەر جێگری سەرۆکی حکومەت

# گۆڕان داوای سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

**پارتی:**

**جێگری یەکەمی سەرۆکی حکومەت بۆ یەکێتی**

**جێگری دووەمی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان بۆ گۆڕان**

**ئەندامێکی لیژنەی دانوستاندنکاری گۆڕان:**

**پارتی پێشنیازەکەی ئێمە دیراسەت دەکات**

**یەکێتی:**

**سازش لەسەر پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت ناکەین**

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بزووتنەوەی گۆڕان بۆ یەکەمجار پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەخاتە نێو گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت و دەڵێ "ئەگەر یەکێتی سووربێ لەسەر وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت، ئەوا دەبێ جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمان بدرێتە گۆڕان". پارتیش بە شاندی گۆڕانی گوتووە کە دیراسەی ئەو پێشنیازەیان دەکەن.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە مانگێک بەسەر وەستانی کۆبوونەوەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، ڕۆژی 2014/1/26 دیسانەوە کۆبوونەوەکان دەستیانپێکردەوە، بەڵام ئەمجارە پێشنیازی نوێ خراونەتەڕوو کە هەندێ لایەن بە پێشنیازی "تەعجیزی" ناوی دەبەن.

### یەکێتی سازش ناکات

کۆبوونەوەکە بێ ئەنجام کۆتایی هات، هەرلایەک کۆمەڵێک پێشنیازی داوەتە لایەنەکەی دیکە و بڕیارە بەم زووانە وەڵامی یەکدی بدەنەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆبووەوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکە بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێتی سووربوونی خۆی لەسەر وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت دووپات کردەوە".

ئەندامێکی لیژنەی دانوستاندنکاری یەکێتی، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمە داواکاری یەکێتییە و بەهیچ شێوەیەک سازشی لەسەر ناکەین".

هاوکات عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە هاوکات ئەندامی لیژنەی دانوستاندنکاری یەکێتییە بۆ پێکهێنانی حکومەت سەبارەت بە کۆبوونەوەکە بە (ڕووداو)ی گوت "لەگەڵ پارتی مەبدەئییەن ڕێککەوتین کە دەبێ پەلە بکرێ لە پێکهێنانی حکومەت". گوتیشی "هەردوو لایەن ڕێککەوتین کێشەی بەردەم پۆستە سەرەکییەکان یەکلایی بکرێتەوە و پەرلەمانی کوردستانیش دەست بە کۆبوونەوەکانی بکاتەوە".

### پارتی پێشنیازی بۆ گۆڕان کرد

دوای کۆبوونەوەکەی پارتی لەگەڵ یەکێتی، یەکسەر کۆبوونەوەی نێوان پارتی و شاندی بزووتنەوەی گۆڕان دەستپێکردەوە.

ئاکۆ حەمە کەریم، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمجارەش هەردوولا چەند پێشنیازێکیان لەبارەی پێکهێنانی کابینەی حکومەت ئاڵوگۆڕ کرد. پارتی و گۆڕان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بەزووترین کات وەڵامی یەکدی بدەنەوە".

بەڵام هەڵسوڕاوێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکرد و گوتی "شاندی پارتی نەیشاردەوە کە یەکێتی پێداگیری لەسەر پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت دەکات". بۆیە وەک ئەو گوتی "برادەرانی پارتی بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە پێشنیازێکیان خستەڕوو کە سەرۆکی حکومەت دوو جێگری هەبێ، جێگری یەکەم بۆ یەکێتی و جێگری دووەم لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ گۆڕان". هەروەها گوتی "شاندی پارتی داوای کرد جارێ باسی پۆستە وەزارییەکان نەکەین، تاوەکو لەسەر پۆستە سەرەکییەکان دەگەینە ئەنجام". گوتیشی "هەرچەندە ئەو بیرۆکەیەمان ڕەتکردەوە، بەڵام برادەرانی پارتی پێداگرییان کرد کە ئەو پێشنیازە دیراسە بکەین".

ئەو هەڵسوڕاوە ئاماژەی بەوەشدا کە داوایان لە پارتی کردووە "داوا تەعجیزییەکانی یەکێتی قبوڵ نەکات، بەڵام ئەوەمان لە پارتی بینی کە حەریسن و نایانەوێ ئاستەنگی زیاتر بێتە بەردەم پێکهێنانی حکومەت".

### گۆڕان پێشنیازێکی نوێ دەخاتە روو

هەڵسوڕاوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان پێشنیازێکی حیزبەکەی لەبارەی دابەشکردنی پۆستەکان ئاشکرا کرد و گوتی "ئێمەش پلانی دیکەمان هەبوو بۆ گفتوگۆکان و پێشنیازی خۆمان خستە بەردەم شاندی پارتی کە ئەویش پێکدێ لە دوو ستوون، ستوونی یەکەم دەبێ جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە دەست یەکێتییە و کۆسرەت ڕەسول عەلی لەو پۆستەدایە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان بدرێ بە گۆڕان. ستوونی دووەم: جێگری سەرۆکی حکومەت و سکرتێری پەرلەمان بدرێ بە یەکێتی".

سەبارەت بە وەڵامی پارتی بۆ پێشنیازەکەی گۆڕان. ئەو هەڵسوڕاوە گوتی "برادەرانی پارتی گوتیان دیراسەی پێشنیازەکە دەکەین و لەماوەی یەک دوو ڕۆژی دیکە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆدەبینەوە و ئەو پێشنیازە دەخەینەڕوو".

پێشتریش نێچیرڤانی بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوتبوو "نزیککردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کە بڕیاریان داوە بەشداربن لە حکومەتی داهاتوو ئاسان نییە". گوتیشی "ناتوانین کاتێکی دیاریکراو دەستنیشان بکەین و بڵێین لە فلان کات حکومەت پێکدەهێنرێ".

### ئەگەر کۆنگرە دوابخرێ

# کۆسرەت ڕەسوڵ هەڕەشەی وازهێنان لە سەرکردایەتی یەکێتی دەکات



**فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:**

**کێشەکانی نێو یەکێتی دەبنە هۆی دواخستنی کۆنگرە**

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڕەشەی وازهێنانی لە سەرکردایەتی یەکێتی کردبوو، ئەگەر کۆنگرەی چوارەم لەکاتی خۆیدا نەکرێ. کۆسرەت ڕەسوڵ گوتبووی کە دادەنیشێ و تەنیا وەکو ئەندامێکی یەکێتی دەمێنێتەوە.

سەرکردەیەکی باڵای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە دواخستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی کێشەی زۆری لەنێو یەکێتی دروستکردووە و تەنانەت گەیشتە ئەوەی کە جێگری سکرتێری گشتی هەڕەشەی وازهێنان بکات لە سەرکردایەتی یەکێتی و بەنیاز بووە ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی بڵاوبکاتەوە".

ئەو بەرپرسە باڵایەی یەکێتی کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "کاک کۆسرەت گوتی ئەگەر یەکێتی کۆنگرەی چوارەم لە کاتی خۆیدا نەکات ئەوا لە سەرکردایەتی نامێنێ و تەنیا وەکو ئەندامێکی یەکێتی دەمێنێتەوە". هەروەها گوتیشی کە "کاک کۆسرەت لەسەر ئەو هەڕەشەیە جددی بوو، دواتر برادەرانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی چوونە لای و قەناعەتیان پێکرد کە غیابی ئەو زیانێکی گەورە بە یەکێتی دەگەیەنێ".

عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بێ ئاگایی خۆی لەو هەڕەشەیە نیشانداو بە (ڕووداو)ی گوت "هەر کەس ئازادە چ بڕیارێک دەدات، بەڵام ئەگەر بڕیاری وا بە شێوەیەکی فەرمی درا ئەوکات لەمەکتەبی سیاسی قسەمان دەبێ و دیراسەتی دەکەین".

عەدنان موفتی دەربارەی ئەگەری دواخستنی کۆنگرەش گوتی "تەنیا چەند ڕۆژێک ماوەو دەبێ مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆببێتەوەو وەڵامێکی هەبێ لەبارەی دواخستنی کۆنگرە، دەبێ کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات و بزانین گەیشتنە کوێ".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش ڕایدەگەیێنێ کە هیچ لایەنێک نییە لە نێو یەکێتیدا بتوانێ بڕیاری دواخستنی کۆنگرەی یەکێتی بدات.

فەرید ئەسەسەرد لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ کەس و دەزگایەک نییە لەنێو یەکێتیدا دەسەڵاتی دواخستنی کۆنگرەی هەبێ". گوتیشی کە "نە مەکتەبی سیاسی و نە سەرکردایەتی و نە سکرتێری گشتی یەکێتی و بگرە پلینیۆمیش بۆیان نییە کۆنگرە دوابخەن".

فەرید ئەسەسەرد هۆکاری گەرمبوونی قسەوباسەکان لەبارەی ئەگەری دواخستنی کۆنگرە ئاشکرا دەکات و دەڵێ "هەرچەندە هێشتا نەبووەتە فەرمی کە کۆنگرە دوادەخرێ، بەڵام بوونی کێشە لەنێو سەرکردایەتی یەکێتیدا هۆکاری سەرەکی دەبێ بۆ دواخستنی کۆنگرە". گوتیشی "ئێستا داوا لە مەڵبەند و مەکتەبەکانی یەکێتی کراوە کە ڕایان هەبێ ئایا کۆنگرە دوابخرێ یان نا".

ئەسەسەرد باس لەوە دەکات کە ئەمە یەکەمین جارە حیزبەکەی تووشی حاڵەتێکی لەوجۆرە دەبێ کە دوای ئەوەی بڕیار لەسەر وادەی کۆنگرە دەدرێ و پلینیۆمیشی بۆ بکرێ، بەڵام کۆنگرە لەوادەی خۆی نەکرێ و دوابخرێ. بۆیە دەڵێت "لە پێڕەوی ناوخۆ باسی ئەو حاڵەتە نەکراوە، لەبەرئەوەش کەس دەسەڵاتی ئەوەی نییە بڕیاری دواخستنی بدات".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی بەشێکی ئەگەری دواخستنی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی دەخاتە ئەستۆی لیژنەی پێڕەوی ناوخۆ و دەڵێت "تەنیا یەک لیژنە نەیتوانیوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەویش لیژنەی پێڕەوی ناوخۆیە، کێشەی سەرەکیش لەبەردەم ئەو لیژنەیە ئەوەیە کە نەیتوانی بەرنامەیەکی ڕوون بۆ شێوەی سەرکردایەتیکردنی یەکێتی یەکلایی بکاتەوە".

سەبارەت بە هەڕەشەی وازهێنانی سەرکردەکانی یەکێتیش ئەگەر کۆنگرە دواخرا، ئەندامەکەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی "یەک ئەندامیش لە یەکێتی دەربچێ کاریگەری خۆی هەیە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) پێش هەڕەشەی وازهێنانی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، د.بەرهەم ساڵحیش هەمان هەڕەشەی وازهێنانی کردبوو ئەگەر کۆنگرەکە لەوادەی خۆیدا نەبەسترا، بەڵام ئەویش لەو نیازە پەشیمان کرابووەوە.

سەرەتای ئەم مانگە سێ سەرکردەی یەکێتی لە تاران بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی ڕێککەوتنیان ئیمزا کرد، بەڵام نەیتوانی ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەن.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ "چاوەڕێین لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی تارانمان پێبڵێن". (ڕووداو) زانیویەتی دوای ڕێککەوتنەکەی تاران بۆ یەکەم جار لە 2014/1/25 هەریەک لە بەرهەم ساڵح و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کۆبوونەتەوە. بەڵام ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ئاشکرا نەبووە.

هەرچەندە وا دەگوترێ کە ئەوانەی پێشنیازی دواخستنی کۆنگرەی یەکێتییان کردووە دەڵێن دوو هەڵبژاردن لە پێشە و دەبێ یەکێتی زیاتر خۆی سەرقاڵی هەڵبژاردنەکان بکات و دەکرێ دواتر کۆنگرە ببەسترێ، بەڵام فەرید ئەسەسەرد ڕەتیدەکاتەوە کە هەڵبژاردن هۆکار بێ و دەڵێ "کێشەکانی نێوخۆی یەکێتی هۆکاری دواخستنی کۆنگرەن".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هەریەک لە بزووتنەوەی گۆڕان و حیزبی زەحمەتکێشان دەکاتە نموونە و دەڵێ "بۆچی گۆڕان توانی لەدوای هەڵبژاردن کۆنگرە ببەستێ و بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێبهێنێ و کێشەی نەبوو، بۆچی زەحمەتکێشان کۆنگرەی خۆیان بەست خۆ ئەوانیش دوو هەڵبژاردنیان لە پێشە".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (295)  دووشەممە  2014/1/27

## کەماڵ شاکر بە سکرتێری مایەوە



**رووداو- هەولێر**

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوێکی حیزبی شیوعی کوردستان، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی کۆبونەوەیەکی تایبەت ئەنجام درا بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پێشووتری کۆمیتەی ناوەندی و پاش گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل هەڵبژاردن بۆ سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و جێگری سکرتێرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کرا. وەک لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، کە لە هەڵبژاردنەکەدا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، کەماڵ شاکر دووبارە بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و دکتۆر کاوە مەحمود بە جێگری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

# لە گەڕی سێیەمدا 300 پۆستی ئیداری گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ

## گۆڕان جێگری سەرۆکی حکومەت و دارایی و ناوخۆی کردووەتە یەک پاکێج

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەوەی دوو گەڕی دانیشتن و گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی بەبێ ئەنجام هێشتووەتەوە، تەنیا دوو پۆستی سیادی نێو حکومەت و پەرلەمان و بەشی گەورەی ناکۆکییەکە هێشتا قسەی لەسەر نەکراوە کە چاوەڕوان دەکرێ دابەشکردنی پۆستەکانی دیکەش، هێندەی دیکە تەنگوچەڵەمە بێنێتە بەردەم گفتوگۆکان.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، دانیشتنەکانی گەڕی سێیەم بە کۆبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی دەستپێدەکات و بڕیارە پارتی لەو کۆبوونەوەیەدا داوا لە یەکێتی بکات کە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێرێ و ناوەکانی خۆی ئامادە بکات بۆ وەزارەتەکانی دیکە.

### داواکارییەکەی گۆڕان یەک پاکێجە

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بزووتنەوەی گۆڕانەوە گوتی پارتی لەبەرامبەر ئەو داواکارییەی گۆڕان نەرمی نیشانداوە کە بە یەک پاکێج پێشکێشی کردووە بۆ بەشداریکردن لە حکومەت و "جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی دارایی و ناوخۆ یەک پاکێجە"، ئەو سەرچاوەیە هەروەها گوتیشی، ئەگەر گۆڕان بزانێ پارتی وەزارەتی پەروەردەی پێنادات، ئەوا "هەوڵی وەرگرتنی وەزارەتی تەندروستی دەدات".

هەر لەوبارەوە جەمال محەممەد، سکرتێری جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان گوتی کە ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆمان ئامادە کردووە و لە "جێگری سەرۆک حکومەت و 4 وەزارەت پێکدێ، وەزارەتە سیادییەکان پێکدێن لە وەزارەتی دارایی و ناوخۆ و دوو وەزارەتی خزمەتگوزاری، بەڵام هێشتا وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان یەکلایی نەکراونەتەوە".

گوتیشی کە جگە لەو داواکارییانە "ئێمە مادام دەبینە هاوبەشی حکومەت، بەرنامەیەکی درێژمان لەبارەی کەموکوڕی وەزارەتەکان ئامادە کردووە و دەیدەینە نێچیرڤان بارزانی، بۆ ئەوەی بە ئێمە و پارتی و یەکێتی و هەموو لایەنەکان هەوڵ بدەین کەموکوڕی وەزارەتەکان چارەسەر بکەین".

### پێشمەرگە بەرامبەر ناوخۆ

لەو پۆستانەی ئێستا بەدەست یەکێتییەوەن، بزووتنەوەی گۆڕان داوای سێیان دەکات کە ئەوانیش بریتین لە جێگری سەرۆکی حکومەت، هەردوو وەزارەتی دارایی و تەندروستی، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ کە بەدەست پارتییەوە بووە پێیدەدرێ. هەرچی یەکێتیشە وەزارەتی پێشمەرگەی بەدەستەوە دەمێنێتەوە.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت "لەناو وەزارەتی پێشمەرگەدا 18 لیوا هی یەکێتین، بۆیە ئەو وەزارەتە لەدەستی یەکێتی دەمێنێتەوە، بەڵام پارتی ئازادە و ئارەزووی خۆیەتی وەزارەتی ناوخۆ دەداتە گۆڕان یان نا".

یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە زۆرجار وەک لەمپەری بەردەم گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت پەنجەی بۆ رادەکێشرێ، لیستێکی داواکاری زۆری پێشکێش کردووە و داوای سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت دەکات، سەرباری ئەوەش دەیەوێ

## ئەگەر یەکێتی جێگری سەرۆکی حکومەت وەرنەگرێ سلێمانی لەدەستدەچێ

پارتی بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی پۆستی وەزارەتەکانی لەگەڵ بەشبکات نەک بەپێی 18 کورسیەکەی.

ئێستا یەکێتی جگە لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزارەتەکانی دارایی، پێشمەرگە، ئاوەدانکردنەوە، تەندروستی، شەهیدان، خوێندنی باڵا، کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بەدەستەوەیە. سەرچاوەیەک لە پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وای بۆدەچێ کە ڕەنگە لە کۆتاییدا لەو 7 وەزارەتە "پێشمەرگە، تەندروستی، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و خوێندنی باڵا بدرێتەوە بە یەکێتی".

رەهبەر سەید ئیبراهیم، ئەندامی سەکردایەتی یەکێتی، رەتیدەکاتەوە هێڵی سووریان هەبێ بۆ هەر وەزارەتێک کە بدرێتە گۆڕان "ئێمە خۆمان داوامان کردووە بەشدارییان پێبکرێ لە حکومەت و ئەو پۆستانەش کە بەر یەکێتی دەکەون، لیژنەیەک ناوەکانی بۆ کاندید دەکات کە د.بەرهەم سەرۆکایەتی دەکات".

پێداگیرییە زۆرەکەی یەکێتی لەسەر وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەزانێ پۆستی پارێزگاری سلێمانی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا لەدەستدەدات بۆ گۆڕان، هەربۆیە بە لەدەستدانی جێگری سەرۆکی حکومەتیش، بە تەواوی هەژموونی ئیداری و سیاسی بەسەر سلێمانیدا نامێنێ.

### یەکگرتووش دارایی دەوێ

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێ، تاوەکو ئێستا هیچ کام لە حیزبەکان باسی وردەکاری پۆستەکانیان لەگەڵ پارتی نەکردووە و هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەماوەی ڕابردوو ئەنجامدراون، دەگێڕێتەوە بۆ شێوازی پێکهێنانی حکومەتەکە و پۆستە سیادییەکان "بەڵام بەلای ئێمەوە هەموو وەزارەتەکان گرنگیی خۆیان هەیە، گرنگ ئەوەیە وەزیرەکە دەسەڵاتی تەواوی هەبێ و بودجەی لەبەردەستدابێ".

ئەبوبەکر هەڵەدنی، دەڵێ هەرچەندە بە دیاریکراوی باسی ئەو وەزارەتەیان نەکردووە کە دەبێ لە حکومەتی داهاتوو وەریبگرن، بەڵام گوتی، بەپێی گرنگی و ریزبەندی 4 وەزارەتیان دەستنیشان کردووە: دارایی و ئاوەدانکردنەوە و خوێندنی باڵا و پەروەردە.

یەکگرتووی ئیسلامی گرنگە بەلایەوە سەرەتا داوای وەزارەتی دارایی بکات، ئەگەر گۆڕان سوور بوو لەسەر وەرگرتنی، ئەوا پێداگیری لەسەر ئاوەدانکردنەوە یان خوێندنی باڵا دەکات، لەو پۆستانەش کە یەکگرتوو داوایان دەکات، ئێستا سێیان بەدەست یەکێتییەوەن.

### کۆمەڵ: با سەرۆکی حکومەت 5 جێگری هەبێ

کۆمەڵی ئیسلامی، بەهەمان شێوەی یەکگرتووی ئیسلامی یەکلایی نەبووەتەوە لەسەر ئەوەی کام وەزارەت وەربگرێ، بەڵام یەکلایی بووەتەوە لەسەر ئەوەی وەزارەتێکی خزمەتگوزاری وەربگرێ. مەروان گەڵاڵی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەڵێ "دەزانین کە پۆستە سیادییەکان لەنێوان لایەنەکانی دیکە دابەشکراوە و بەئێمە نادرێ و گەردەنیان ئازاد

## نوێنەرایەتیەکانی حکومەت لەدەرەوە بەشێکن لە گفتوگۆکان

بێ، بەڵام ئێمە وەزارەتێکی خزمەتگوزاریمان دەوێ".

بەبڕوای ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ، "ململانێی لایەنە سیاسییەکان پەرلەمانی عەیبدار کردووە و هیچ بەهایەکی بۆ نەهێشتووەتەوە، چونکە هەموو شەڕەکە لەسەر جێگری سەرۆکی حکومەتە".

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش پێشنیاز دەکات سەرۆکی حکومەت 5 جێگری بۆ دابنرێ، پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ یەکی جێگرێکیان هەبێ، بەڵام ناوی راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بێ نەک جێگر. ناوی ئەو وەزارەتانەشی ئاشکراکرد کە ئەوان داوای یەکێکیان دەکەن: "شارەوانی، کارەبا، پەروەردە، ئەوقاف، هەرچەندە ئەوقاف لە وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانیشدا نەماوە".

### 300 پۆستی دیکە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی زانیارییەکی نوێ لەبارەی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێ کە لە پێکهێنانی ئەمجارەی حکومەتدا، تەنیا پۆستە سیادییەکان و وەزارەتەکان گفتوگۆیان لەسەر ناکرێ "بەڵکو نوێنەرایەتییەکانی حکومەت لە وڵاتانی دەرەوە و دەستەکانی مافی مرۆڤ و نەزاهە و وەبەرهێنان و ژینگە و پەیوەندییەکانی دەرەوە، دەبێ جارێکی دیکە بەپێی مافی لایەنەکان دابەش بکرێنەوە".

ئەبوبەکر هەڵەدنی، گوتیشی کە لە دووەم دانیشتنیان لەگەڵ پارتی گوتوویانە "جگە لە دەستەکان و نوێنەرایەتییەکان، 300 پۆستی دیکەی ئیداری هەن کە لە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان پێکدێت و دەبێ ئەوانەش بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن دابەشبکرێن، پارتیش گوتیان وەڵامتان دەدەینەوە". وەک ناوبراو گوتی، گۆڕان و حیزبەکانی دیکەش لەو وردەکارییە ئاگادارن و پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن "چونکە کە ئێمە دەڵێین هاوبەشی راستەقینە، دەبێ وابێ".

لە کابینەی شەشەم و حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، چەند جارێک باس لە ئاڵوگۆڕی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان کرا، بەڵام پرۆسەکە سەرینەگرت. هەڵەدنی دەڵێ، ئیتر دەبێ لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک "قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەی سەر بە گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵیش هەبن، ئەوەش لە چوارچێوەی پۆستەکانی کابینەی هەشتەمدا قسەیان لەسەر دەکرێ".

جەمال محەممەد، سکرتێری جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێ، جومگە بە جومگە موناقەشەی دەکەین "هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکان و نوێنەرایەتی و دەستەکان و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان، بەشی خۆمان وەردەگرین لەو حکومەتەدا".

لای خۆیەوە مەروان گەڵاڵی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی گوتی "وەک چۆن لە گفتوگۆکاندا وەزارەتێکمان بەلاوە گرنگە، وەرگرتنی دەستەکانیشمان بەلاوە گرنگە، هەوڵ دەدەین دەستەی مافی مرۆڤ وەربگرین، چونکە وەکو کۆمەڵی ئیسلامی پێشتر زۆر مافمان خوراوە".

## بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

# پارتی لایەنی یەکلاکەرەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی دەبێ



پارێزگای سلێمانی (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

هێشتا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەکراوە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هۆشداری پێشوەختە دەدات و دەڵێ "ئەستەمە لە سلێمانی بەبێ یەکێتی حوکم بکرێ". هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانیشە دەڵێت "بەدەنگی خەڵک حوکم لە سلێمانی دەگۆڕدرێ".

وا بڕیارە لە 2014/4/30 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، لایەنە سیاسییەکان هەر لە ئێستاوە حیسابات بۆ چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی نێوخۆیی پارێزگای سلێمانی دەکەن و ترسیان هەیە کە ئەگەر یەکێتی لەو هەڵبژاردنە براوە نەبێت بە زەحمەت سلێمانی رادەستی لایەنی براوە بکات.

> **سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:**
> **ئەستەمە لە سلێمانی بەبێ یەکێتی حوکم بکرێ**

> **ئارام شێخ محەممەد، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان:**
> **بەدەنگی خەڵک ئیدارەی سلێمانی دەگۆڕدرێ**

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەرچۆنێک بێت، دەبێ ئەو ناوچەیە حوکم بکرێ". بەڵام بەئەستەمی دەزانێ کە "ئیدارە و حوکم لە سلێمانی بەبێ یەکێتی بکرێ".

بەڵام ئارام شێخ محەممەد، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان دڵنیایە لەوەی کە گۆڕان ئەمجارە ئیدارە و حوکمی سلێمانی دەگرێتە دەست. ناوبراو گوتی "لەڕووی یاساییەوە ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە کام لایەن سەربکەوێ ئەو لایەنە حوکم دەکات، چونکە دیارە حکومەت بە (نیوە+ 1) پێکدەهێنرێ".

هەڵسوڕاوەکەی بزووتنەوەی گۆڕان بەدووری دەبینێ ئەو ئاستەنگ و تەگەرانەی لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی هەشتەم دروستبووە بۆ پێکهێنانی حکومەتی لۆکاڵیش لە سلێمانی دروست ببێ "ئەو کێشەیە روو لە گۆڕان ناکات، چونکە گۆڕان نەئاڵاوە بە ڕێککەوتنی ستراتیژییەوە، پێکهێنانی حکومەت بەهۆی ڕێککەوتنی ستراتیژی کێشەی بۆ دروستبووە و دواکەوتووە".

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کە لە 2013/9/21 بەڕێوەچوو، تەنیا هێزێک لە سلێمانی کە دەتوانێ پۆستی پارێزگار یەکلایی بکاتەوە پارتی دیموکراتی کوردستانە بەوپێیەی نزیکەی 100 هەزار دەنگی هەیە.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە هەموو هەوڵێک دەدات بۆئەوەی پۆستی پارێزگار لەدەست نەدات، پێویستی بە هاوپەیمانێتی هەیە. چونکە دەنگەکانی ئەو حیزبە لە پارێزگای سلێمانی 234 هەزار و 252 دەنگ بووە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان (333 هەزار و 961) دەنگی هێناوە. پارتی وەکو هێزی سێیەم لە سنووری پارێزگای سلێمانی (92 هەزار و 500) دەنگی هێناوە کە لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو نزیکەی 15 هەزار دەنگی زیاد کردووە.

ئاری هەرسین، پەرلەمانتاری پارتی بە (رووداو)ی گوت "پارتی ناوچەگەرێتی ناکات و پێمانوایە دەبێ حوکمی لۆکاڵی رەنگاوڕەنگ بێ".

هەرسین ئەوەشیگوت کە حیزبەکەی ماسی لەناو دەریا ناکڕێ "ئێمە چاوەڕێ دەکەین لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتدا کام لایەن نەرمتر و زیاتر دێتە پێش، ڕەنگە ئێمەش بەوشێوەیە مامەڵە بکەین". گوتیشی "جارێ ناتوانین بڕیار بدەین، بەڵام ئەوکات بڕیاری کۆتایی خۆمان دەدەین کە چۆن دەبێ و لەگەڵ کام لایەن دەبین".

یەکێتی ناتوانێ پشت بە یەکگرتووی ئیسلامی ببەستێ بۆ هاوپەیمانێتی، چونکە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا کە پارتی لە لیستی هاوپەیمانی لە کەرکووک جیابووەوە بەهۆی ئەوەی دژی ئەوەبوو نەجمەدین کەریم بکرێتە سەرۆکی لیست، یەکگرتووی ئیسلامیش لەو لیستە جیابووەوە.

محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی نەیشاردەوە کە یەکێتی بەو هەڵوێستەی یەکگرتوو ناڕەحەت بووە "لەدوا کۆبوونەوەی نێوان شاندی یەکگرتووی ئیسلامی و یەکێتی لە سلێمانی برادەرانی یەکێتی گلەییان هەبوو کە بۆچی ئێمە جیابووینەوە، ئێمەش بە برادەرانی یەکێتیمان گوت خەتای پارتی و یەکێتی بوو کە ئێوە نەگەیشتنە ئەنجام، ئێمە بەشێک نین لەو ململانێیە، بەڵام یەکێتی لەوە دڵگران بوون".

یەکێتی لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانیش پەیوەندی باش نییە. بەرپرسانی یەکێتی نایشارنەوە کە نارازین لە لێدوانەکانی عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەبارەی یەکێتی کاتێک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (رووداو) گوتی "کێشەی دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لای یەکێتی ئەڵقاوە".

محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بە (رووداو)ی گوت "لەسەر ئەو قسانە یەکێتی گلەیی زۆری هەبووەو ناڕەحەت بوونە، بەڵام خۆ مامۆستا عەلی باپیریش هیچ شتێکی ناحەقی نەگوتووە، بگرە خاتری یەکێتیشی گرت".

یەکێتی کۆمەڵی ئیسلامی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەلایەن پارتییەوە "بەرتیلیان وەرگرتووە".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی گوت "پارتی پارەیەکی باشی داوەتە کۆمەڵی ئیسلامی تاوەکو ئەو قسانە دەرهەق بە یەکێتی بکەن".

لەلایەکی دیکەوە سەعدی ئەحمەد پیرە، کە حیزبەکەی ئێستاش ئیدارەی سلێمانی لەدەستە، رەخنە لە بزووتنەوەی گۆڕان دەگرێ کە "شتێکی بەدیلی پێشکەش نەکردووە و تەنیا دەڵێ ئەمە ئیدارەیەکی گەندەڵە، یاسا سەروەر نییە و غەدر دەکرێ". سەعدی پیرە بەردەوام بوو لە ڕەخنەکانی لە گۆڕان و گوتی "بەشێکی زۆری ڕەخنەکانی گۆڕان لە یەکێتی ناحەق بوون، تەسوێرێکی وای پیشانی خەڵک دا کە یەکێتی لەگەڵ پارتییە و سیاسەتی پارتی جێبەجێ دەکات".

گوتیشی "گۆڕان با لە هەڵبژاردنی داهاتوو ئەو دەنگە بهێنێ".

بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان لەگرنگی ئەو قسانەی یەکێتی کەمدەکاتەوە. ئارام شێخ محەممەد دەڵێ "ئەم گوتارە حیزبییە بەدەنگی خەڵک بەسەرچووە و دەبێ باوەڕمان بە دیموکراسییەت و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبێ و ڕێز لە دەنگی خەڵک بگیرێ". ئەو پێیوایە لێدوانی بەرپرسانی یەکێتی تەنیا بۆ ڕاکێشانی دەنگی خەڵکە "ئەوە دوورە لە ڕاستی و ئەزموونی چوار ساڵی ڕابردووی گۆڕان ئەوەی دەرخست کە کێشەی لەگەڵ هیچ کەس و هیچ حیزبێک نییە، ئەوەی هەیە ڕەخنەگرتنە لە سیستەمی ئیداری و حوکمڕانی، ئەو قسانە بۆ ڕاکێشانی سۆزی خەڵکە".

## جەمیل بایک: ئاکەپە نەمێنێ بۆشایی دەسەڵات دروست دەبێت

**رووداو-هەولێر**

جەمیل بایک، سەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) دەڵێ سەرەڕای نارازیبوونی ئەمریکا بە سیاسەتەکانی پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا، بەڵام بە هەڵوەشانەوەی ئەو پارتە لە تورکیا بۆشایی دەسەڵات دروست دەبێت. جەمیل بایک پێشبینیش دەکات کە ئاکەپە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام حکومەتی داهاتووی تورکیا حکومەتێکی ئیئتیلافی بێت. ئەمەش وەکو هەل دەبینێت بۆ کورد و ئەو هێزانەی دیکەی نێو تورکیا، کە ئەو بە "هێزە دیموکراتییەکان" ناوزەدیان دەکات.



رووداو
کوردستانی
ژمارە (295) دووشەممە 2014/1/27

دوای ڕاگەیاندنی کانتۆنی جزیرە

# PYD کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین ڕادەگەیەنێت

**رووداو- هەولێر**

دوای راگەیاندنی کانتۆنی جزیرە لە رۆژئاوای کوردستان لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD، وا بڕیارە پارتی ناوبراو ئەمڕۆ دووشەممە حکومەتی کانتۆنی کۆبانێش رابگەیەنێت.

سەرۆکی حکومەتی کانتۆنی جزیرە دەڵێت ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا دەتوانێت بەشداری ئەنجوومەنی یاسادانانی کاتیی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری دیموکراتی لە کانتۆنی جزیرە ببێت، بەڵام ناتوانێت بێتە نێو حکومەتەکەی.

رۆژی 2014/1/21 حکومەتی کاتیی کانتۆنی جزیرە وەک یەکەمین کانتۆن لە چوارچێوەی پرۆسەی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی لەلایەن PYD راگەیێنرا. کانتۆنەکە لە سەرۆک و دوو جێگر و 22 وەزیر پێکهاتووە.

ئەو حیزبە دەیەوێت هەر ئەم هەفتەیە هەردوو حکومەتی کانتۆنی کۆبانێ و عەفرینیش رابگەیەنێت.

بەپێی پەیماننامەیەک کە PYD بە "دەستوور"ی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتی کاتی رۆژئاوای کوردستان ناوی دەبات، حکومەتی رۆژئاوای کوردستان لە هەرسێ کانتۆنی جزیرە، کۆبانێ و عەفرین پێکدێت.

رۆژی هەینی رابردوو ئەنجوومەنی یاسادانانی بەڕێوەبەرایەتی کاتی لە کۆبانێ کۆبووەوە بۆ دەستنیشانکردنی رۆژی راگەیاندنی حکومەتی کانتۆنی کۆبانێ، ئەنجوومەنەکە بڕیاری دا رۆژی دووشەممە 2014/1/27 حکومەتی کانتۆنی کۆبانێ رابگەیەنێت. ئەو حکومەتەش هاوشێوەی حکومەتەکەی کانتۆنی جزیرە لە 22 وەزارەت پێکدێت.




ئەنوەر موسلیم کە بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی بەڕێوەبەرایەتی کاتیی خۆسەری دیموکراتی لە کانتۆنی کۆبانێ راسپێردراوە، لەوبارەوە رایگەیاند "ئەنجوومەنی یاسادانان هەموو ئامادەکارییەکانی بۆ راگەیاندنی حکومەتی کاتیی کانتۆنی کۆبانێ کردووە، ئەوەش بە راوێژ لەگەڵ سەرجەم حیزب و لایەن و کەسایەتییەکانی ناوچەکە بووە.

ئەنوەر موسلیم راشیگەیاند "ئەنجوومەنی جێبەجێکردن سەرجەم پێکهاتەکانی کۆبانێ و لەوانەش پێکهاتەی عەرەب لە پێکهێنانی ئیدارەی کانتۆنەکەدا بەشدار دەکات".

ئەنجوومەنی یاسادانان داوای لە دانیشتووانی کۆبانێ کردووە هاوکات لەگەڵ راگەیاندنی حکومەتە کاتییەکە بۆ ئاهەنگگێڕان لەبەردەم بارەگای پارتی یەکێتی دیموکراتی ئامادەبن.

پەیامنێری (رووداو) لە کۆبانێ سەبارەت بە ئامادەکارییەکان بۆ راگەیاندنی کانتۆنی کۆبانێ گوتی "رەوشی ئەمنی لە کۆبانێ بەشێوەیەکی گشتی ئاساییە و جەماوەری PYD و لایەنە هاوپەیمانەکانی بە پەرۆشن بۆ راگەیاندنی کانتۆنەکە".

پەیامنێری (رووداو) راشیگەیاند "ئاڵایەکی تایبەت بە کانتۆنی کۆبانێ ئامادەکراوە و بڕیارە لەگەڵ راگەیاندنی حکومەتە کاتییەکە وەک ئاڵای کانتۆنی کۆبانێ بناسێنرێت".

لەکۆی 14 پارتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد 2 پارتی پێکهێنەری ئەو ئەنجوومەنە (پارتی چەپی کورد و پاتی چەپی دیموکراتی کورد) بەشداری بەڕێوەبەرایەتی کاتیی PYDیان کردووە و 12 پارتەکەی دیکەی ئەنجوومەنی نیشتمانی لەدەرەوەی ئەو ئیدارەیە ماونەتەوە.

ئەوان دەڵێن پێکهێنانی ئیدارەی کاتی لە رۆژئاوای کوردستان بیرۆکەی هەردوو ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنی گەل بووە، بەڵام PYD بەشێوەیەکی یەکلایەنە پرۆژەکەی راگەیاند و تێبینییەکانی ئەوانی لەبەرچاو نەگرت.

حکومەتی کاتی کانتۆنی جزیرە بە سەرۆکایەتی ئەکرەم حەسۆ، ئەندامی سکرتاریەتی گشتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریا ENKS و جێگرایەتی حوسێن عەزام، کەسایەتی عەرەبی و ئەلیزابێس کۆرییە، کەسایەتی مەسیحی پێکهێنراوە. لەو حکومەتەدا کە لە 22 وەزارەت پێکدێت و سەرۆک دوو جێگری هەیە، پشکی نەتەوەکان بەم شێوەیەیە: کورد 15 وەزارەت و سەرۆکی حکومەت. عەرەب 4 وەزارەت و جێگرێکی سەرۆک. مەسیحی 3 وەزارەت و جێگرێکی سەرۆک.

سەبارەت بە بەشداریکردنی پارتەکانی نێو ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لەو حکومەتانەدا، ئەکرەم حەسۆ، سەرۆکی حکومەتی کانتۆنی جزیرە بە میدیاکانی نزیک لە PYDی راگەیاندووە دەرگای بەڕێوەبەرایەتی کراوەیە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریا بۆ ئەوەی تێکەڵی ئەنجوومەنی یاسادانان (پەرلەمانی PYD) ببن.

حەسۆ کە خۆی خەڵکی شارۆچکەی دربەسییەیە، گوتی "بەڵام ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد تاوەکو چوار مانگی دیکە، کە هەڵبژاردن دەکرێت ناتوانێت بەشداری حکومەتی جزیرە بکات".

ئەکرەم حەسۆ کە خۆی ئەندامی سکرتاریەتی گشتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد بوو، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان ئامادەن کار لەگەڵ حکومەتی کاتی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بە سەرۆکایەتی ئەحمەد توعمە بکەن، بەڵام بەو مەرجەی دان بە بەڕێوەبەرایەتی کاتیی رۆژئاوای کوردستاندا بنێن.

سەبارەت بە پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا و باشووری کوردستانیش، ئەکرەم حەسۆ گوتی کە پەیوەندییان لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی نییە، بەڵام گوتی "ئێمە و گەلی تورک براین، ئێمە هەوڵ دەدەین پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی تورکیا دروستبکەین، هەروەها لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش براین، هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئەوانیش سنوورمان کراوە بێت".

بەپێی ئەو دەستوورەی PYD ئامادەی کردووە، دەگوترێ شاری قامشلۆ کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی هێزە ئەمنییەکانی سووریادایە، ناوەندی حکومەتی کانتۆنی جزیرەیە، بەڵام حکومەتی کانتۆنی جزیرە لە خۆیەوە بڕیاری داوە کە ئامودا ناوەندی کانتۆنەکە بێت.

ئەکرەم حەسۆ لەوبارەیەوە گوتی "بارەگای سەرۆکایەتی حکومەت لە ئامودا دەبێت، چونکە ئامودا دەکەوێتە ناوەڕاستی سنووری جوگرافی کانتۆنی جزیرە و لەلایەنی ئەمنییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت". گوتیشی "لەبەر ئەوەی قامشلۆ لە ناوەندەوە دوورە ئامودا بووەتە ناوەندی کانتۆنی جزیرە".



# "چیدی ئەمریکا و رۆژئاوا پشتگیری لە PJAK ناکەن"

**ئەلێکساندرا دی ستیڤانۆ**
**رووداو- تاران**

پرۆفیسۆرێکی مێژووی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ژنێڤ پێیوایە بەهۆی رێککەوتنی ئێران و ئەمریکا و رۆژئاوا لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، بەرە بەرە پشتگیری ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK کەمدەبێتەوە.

لە نێو پارتە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK تەنیا گرووپە لە خەباتی چەکداریدا بێت لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ئێران.

کوردی سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان هەندێک لە مافەکانیان بەدیهاتووەو بە قەوارەی ئۆتۆنۆمی گەیشتوون، بەڵام رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەوتنێکی ئەوتۆی لە بەدیهێنانی مافەکانیدا بەخۆیەوە نەبینیوە. ناوچەکانیان هەژارترین و کەمخزمەتگوزارترین ناوچەکانی ئێرانن و حکومەتی ئەو وڵاتە بەردەوامە لە لەسێدارەدانی چالاکوانانی کورد کە دواترینیان لە مانگی تشرینی دووەمدا بوو.

ڤێرا ئێسکاریۆس، توێژەر و پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە ئەمریکا دەڵێت "کوردی ئێران بەشێوەیەکی خراپ دەچەوسێنرێنەوەو و هەلێکی زۆر کەمیان هەیە بۆ گوزارشتکردن لە مافە سیاسی و کەلتوورییەکانیان لە ئێران".

ئیسکاریۆس بە (رووداو)ی گوت "رژێمی ئێران بەردەوامە لە ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانی چالاکوانانی کورد لە وڵاتەکەی و بەتایبەت لە هەوڵی بنبڕکردنی ئەندامانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستاندایە".

مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو، حکومەتی ئێران دوو ئەندامی PJAKی لە سێدارە دا کە یەکێکیان حەبیبوڵڵا گوڵپەری پوور بوو.

هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە هۆکاری دامەزراندنی PJAKی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان نائومێدیی گەنجانی کوردی ئێران بوو لە پارتە کوردییەکانی وەک پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە).

جۆردی تێجێل، پرۆفیسۆری مێژووی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ژنێڤ کە نووسەری چەندین کتێب و بابەتە دەربارەی کورد، گوتی "PJAK ئەنجامی دوو داینەمۆی هاوتەریبە. لەلایەک نائومێدبوونی گەنجانی کوردی ئێران لە پارتە کوردییە کۆنەکانی ئێران کە وازیان لە خەباتی چەکداری هێنا و پەنایان بۆ کوردستانی عێراق برد. ئەوەش بۆشاییەکی دروستکرد کە PJAK پڕی کردەوە. لەلایەکی دیکەوە لە پاش دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، PKK بڕیاری دروستکردنی گرووپ و پارتی نوێی لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا".

حکومەتی ئێران 5 هەزار سەربازی لە سنوورەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بڵاوکردووەتەوە لەو ناوچانەی کە ئەندامانی PJAK یان لێیە. هەروەها PJAK نزیکەی 3 هەزار چەکداری هەیە کە نیوەیان ژنن.

لەچەند ساڵی رابردوودا PJAK بەرپرسیارێتی خۆی راگەیاندووە لە کوشتنی چەندین سەرباز و پاسەوانی سنووری ئێران.

بەپێی وتەی ئیکاریۆس کێلی، ئامارەکان وا دەردەخەن کە ئەو گرووپە تەنیا 1000 چەکداری ماوە. گوتیشی "پاش گفتوگۆ و رێککەوتنەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاواو ئەمریکا دەربارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، ئەندامانی ئەو گرووپە چیدی لەلایەن رۆژئاواوە پشتگیری و پارێزگارییان لێناکرێ".

ساڵی رابردوو حکومەتی ئێران لەگەڵ گرووپی 5+1 گەیشتە رێککەوتنێک سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی و رازی بوو بەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بەرووی پشکنەرانی نێودەوڵەتیدا واڵا بکات لە بەرامبەر سووککردنی هەندێک لە سزا ئابوورییەکانی سەر وڵاتەکەی.

ئیکاریۆس کێلی دەڵێت "پێویستە PJAK گۆڕانکاری لەخۆیدا بکات بە تایبەت کە ئێستا واشنتن و تاران بەرژەوەندی هاوبەشیان لە سووریا هەیە و لە گفتوگۆدان".

مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو، تەنانەت عەبدوڵڵا ئۆجەلان گوتی کە پێویستە PJAK هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە رێگەی گفتوگۆی سیاسییەوە لەگەڵ تاران بدات.

"لەو قۆناغەدا شەڕی PJAK لەگەڵ ئێران دوو دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە: چەوسانەوەی زیاتری کورد لەلایەن ئەو وڵاتە، لەبەرامبەردا زیادبوونی رق و کینەی کورد لە دژی رژێمی ئێران،" تێجێل گوتی "بەڵام بەهەرشێوەیەک بێت، ستراتیژی سەربازی لە ئێران شکست دەهێنێ".

عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی، سەرۆکی PJAK کە نیشتەجێی ئەڵمانیایە چەندین جار لەلایەن تارانەوە داواکاری بۆ رادەستکردنەوەی دراوەتە حکومەتی ئەڵمانیا.

"مانگی مایسی 2010 لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانیاوە دەستگیر کرا، بەڵام هۆکاری ئازادکردنەکەی نەزانرا"، ئیکاریۆس گوتی "رژێمی ئێران داوای رادەستکردنەوەی ئەحمەدی دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی رەگەزنامەی ئەڵمانی هەیە و رووبەڕووی لە سێدارەدان دەبێتەوە ئەگەر رادەستی ئێران بکرێتەوە، حکومەتی ئەڵمانی هەرگیز نایگەڕێنێتەوە بۆ ئەو وڵاتە".

مانوێل مارتۆرێل، رۆژنامەنووس و نووسەری چەند کتێبێک دەربارەی کوردستان کە چەند ساڵێک لەمەوبەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەحمەدی سازکردووە لە ئەوروپا، گوتی "PJAK رەنگدانەوەی خواست و ویستی کوردی ئێران نییە".

مارتۆرێل لە شاری پامپلۆنای ئیسپانیاوە بە (رووداو)ی گوت "نابێت راپۆرتی میدیاکان دەربارەی چالاکییەکانی PJAK و ئەو هەست و سۆزەی لەنێو گەنجان دروستی دەکەن تێکەڵ بکەین لەگەڵ ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزەی کوردستانی ئێران کە جگە لە شەڕکردن لە دژی رژێم چەندین فاکتەری دیکەی وەک ئاینی و خێڵەکی و ناوچەیی و سیاسی هەیە".

مارتۆرێل پێیوایە حیزبە کوردییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران دووبارە کاریگەرییەکانیان لەنێو کوردی ئێران سەرهەڵدەداتەوە کاتێک ئێران دەرگای زیاتر بۆ ئازادی دەکاتەوە لە ژێر سایەی حکومەتی حەسەن رووحانی.

بە وتەی ئیکساریۆس کێلی "PJAK لەلایەن بەشێکی زۆری کوردی ئێرانەوە وەکو رێکخراوێکی توندڕەو تەماشا دەکرێ". هەروەها دەڵێت "توندوتیژییەکانی حکومەتی ئێران وایکردووە PJAK وەک گرووپێکی رەسەن دەربکەوێ لەنێو گەنجانی کوردی ئێران، بەڵام توانەوەی ئەو بەستەڵەکەی لە نێوان پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکادا هەیە، بارودۆخەکە لە داهاتوودا قورس دەکات بۆ گەریلا کوردەکانی ئێران".

زانیارییەکی کەم هەیە دەربارەی حاجی ئەحمەدی، تەنیا هێندە دەزانرێ کە لەساڵی 1941 لەدایکبووە و بڕوانامەی لە ئەندازیاری کشتوکاڵدا هەیە و لە شوقە سادەکەیەوە لە شاری کۆێلنی ئەڵمانیا کە دیوارەکانی بە وێنەی شەهیدانی کورد داپۆشراوە، پارتەکەی بەڕێوەدەبات.

رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئامارەکانی 2013دا

# 14 چالاکوان لە سێدارە دراون و 160 یشیان گیراون

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

ئامارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی رابردوودا دەریدەخەن کە ئەو بەشەی کوردستان هێشتا لە ژێر باری رێکاری توندی هێزە ئەمنییە جۆراوجۆرەکاندایە.

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو)، ساڵی رابردوو 1151 کەس بوونەتە قوربانی کە پێدکێن لە حوکمدراو بە لەسێدارەدان، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کوژران و بریندابوون بەهۆی تەقینەوەی مین.

## 160 زیندانی سیاسی

بەگوێرەی ئامارەکان، ساڵی رابردوو بەگشتی 670 کەس لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون کە گرتنی 160 کەسیان بەهۆی چالاکی سیاسی بووە. هۆکاری گیرانەکانی دیکەش چالاکی فەرهەنگی، ئاینی، هونەری، چالاکی سیاسی ئەندامانی دیکەی بنەماڵە، بەزاندنی سنوور، دەربڕینی ناڕەزایی لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەکان، ناڕەزایی لە دژی دروستکردنی مۆڵگەی جاش لە گوندەکان. هەروەها 30 کەسیش بەتۆمەتی پەیوەندییان لەگەڵ کوشتنی چەند کوردێکی سوپای پاسداران دەستگیرکراون.

بەپێی راپۆرتێکی نافەرمی، زۆرینەی گیراوان لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کراون، ئەوانی دیکەش لەلایەن بنکەکانی هێزی بەسیج لە گوندەکان، هێزی ئینتیزامی، هێزە سنووپارێزەکان و سوپای پاسدارانەوە گیراون.

## 14 گیراوی سیاسی و ئاینی لە سێدارەدراون

بەپێی ئەو ئامارەی لەبەردەستی (رووداو) دایە، ساڵی رابردوو 14 گیراوی سیاسیی کورد لەسێدارەدراون کە دیارترینیان دوو ئەندامی چالاکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان بوون بەناوەکانی حەبیبوڵلا گوڵپەری پوور و ئیسماعیل رەزایی، هەروەها ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەش بە ناوی شێرکۆ مەعاریفی لەنێو لە سێدارەدراواندا بوو.

بەشێک لە دانیشتووانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی نیشتەجێی سەر سنوورەکانن، بە کاری کۆڵبەری و قاچاخچێتییەوە خەریکن، ئەوان زوو زوو دەکەونە بەر دەستڕێژی گوللە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە.

بەپێی ئامارەکان، ساڵی رابردوو 37 کۆڵبەر بە گوللەی هێزە ئەمنییەکان کوژراون و 56 کەسی دیکەشیان بریندار بوون. هەروەها 41 هاووڵاتی مەدەنی کوژراون و 56 کەسی دیکەش بریندار بوون.

## زۆرترین پێشێلکارییەکان لە پارێزگای ورمێن

زۆربەی ئەو ئامارانە لەلایەن ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵی کوردپاوە بڵاوکراونەتەوەو وەک حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ناوی بردوون.

لەیلا حەسەنپوور، وتەبێژی ئەو ئاژانسە بە (رووداو)ی گوت "ئامارەکانی ئاژانسی کوردپا ورد و دروستن. ئامارەکانیش لەڕێی پەیامنێرەکانی ئاژانسەکەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە یان لەڕێی ئەو هەواڵانەی کە لە ئاژانسە هەواڵییەکانی ئێرانەوە بڵاودەبنەوە، کۆدەکرێنەوە.

لە کۆی ئەو 1151 قوربانییە، 339 یان خەڵکی پارێزگای ورمێ، 275 یان خەڵکی سنە، 169یان خەڵکی کرماشان، 36یان خەڵکی ئیلام و 3 حاڵەتیش خەڵکی باکوور و باشووری کوردستان بوون، هەروەها 315 حاڵەتیش نازانرێ خەڵکی کوێ بوون.

بەپێی راپۆرتی کەمپینی بەرگری لە گیراوانی سیاسی و مەدەنی، ئێستا 39 گیراوی ئاینیی سوننە مەزهەبی کورد لە زیندانەکانی ئێراندا چاوەڕێی بەڕێوەچوونی حوکمی لەسێدارەدانیان دەکەن. ئەوان بە تۆمەتی "شەڕ لەگەڵ خودا" گیراون. هەروەها زیاتر لە 200 گیراوی سوننە مەزهەب لە زیندانەکانی کەرەج، تاران، سنە، کرماشان، سەقز، مەهاباد و مەریوان راگیراون کە ژمارەیەک لەوان زیاتر لە سێ ساڵە چارەنووسیان ناڕوونە و حوکم نەدراون.

## مین 39 کەسی کوشتووە

سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران مینێکی زۆری لێ چاندراوە، هەروەها بەو دواییەش بەهۆی چالاکییەکانی پژاکەوە هەندێک لە ناوچە سنوورییەکان مینڕێژکراونەتەوە، ئەو مینانە یەکێکن لە هۆکارەکانی مردن لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە جۆرێک ساڵی رابردوو 17 کەس بەهۆی تەقینەوەی ئەو مینانە گیانیان لە دەستداوە و 29 کەسیش بریندار بوون. کە حەوت لە قوربانییەکان منداڵ بوون و خەڵکی گوندی نشکاشی نزیک مەریوان بوون.

## لەیلا زانا پەیامی بارزانی گەیاندووەتە ئۆجەلان



**ڕووداو- هەولێر**

پاش گەڕانەوەیان لە دورگەی ئیمرالی سرِی سورەیا ئۆندەر ڕایگەیاند، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان نامەیەکی بۆ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نووسیوە. سرِی سورەیا ئۆندەر، بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند، بارزانی لە ڕێگەی لەیلا زاناوە پەیامێکی بۆ ئۆجەلان ناردووە "پەیامەکەی بارزانی پەیامێکی نیازپاکی بووە. لە پەیامەکەیدا لە تەندروستی ئۆجەلانی پرسیوەو ئاماژەی بەوە داوە پشتگیری لە پرۆسەی ئاشتی دەکات". ئۆندر ئاماژەی بەوەشکرد، "ئۆجەلانیش پەیامێکی بۆ بارزانی ڕەوانە کرد، پەیامەکە لە ڕێگەی وەزارەتی دادەوە دەگاتە دەستمان و پاش گەیشتنیشی لەگەڵ لەیلا زانا دەیگەیەنینە بارزانی".

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە (295) دووشەممە 2014/1/27

### بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان:

# پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق 9.9%یە

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتێک، کە بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ناوی ناوە "ڕاپۆرتی شیکردنەوەی پرۆژە بودجەی 2014ی عێراق و پشکی هەرێمی کوردستان" و کۆپییەکی نێردراوە بۆ (ڕووداو)، پشکی هەرێمی کوردستان دوای دەرهێنانی خەرجی سیادی و حاکیمە دەبێتە تەنیا 9.9%ی بودجەی گشتی.

### فۆرمێک لە بودجەی گشتی عێراق

بەپێی پرۆژەی بودجەی عێراق کە ئێستا لە پەرلەمانە، بودجەی عێراق لە ساڵی 2014دا بە 164 ترلیۆن و 523 ملیار و 383 ملیۆن دینار خەمڵێنراوە، بە بەراورد بە ساڵی 2013 کە 138 ترلیۆن و 824 ملیارو 608 ملیۆن دینار بووە بڕی 27 ترلیۆن دینار زیادی کردووە، داهاتی عێراقیش لە ساڵی 2014دا بە 139 ترلیۆن و 640 ملیار دینار خەمڵێنراوە، واتە: بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2014 بەبڕی 20 ترلیۆن و 793ملیار دینار کورتهێنانی هەیە.

دارِشتنی بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2014 زیاتر لەسەر بنەمای فرۆشتنی نەوتە، بۆ ساڵی 2014 دانراوە کە عێراق ڕۆژانە 3 ملیۆن 400 هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێت لەکاتێکدا ساڵی ڕابردوو ئەوەی لە بودجەدا پەسەندکرابوو ڕۆژانە فرۆشتنی 2 ملیۆن و 900 هەزار بەرمیل نەوت بووە.

پێویستە ئەمساڵ هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت بۆ فرۆشتن دابین بکات، لەکاتێکدا ساڵی ڕابردوو 250 هەزار بەرمیل بووە.

بەپێی پرۆژەکە کۆی پارەی وەدەستهاتوو لە فرۆشتنی نەوت بەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە لە سندوقی گەشەپێدانی عێراق (DFI) هەڵدەگیرێت.

بەشی سەرەکی بودجەی عێراق بۆ بواری بەکاربردنە، بە ئەندازەیەک 99 ترلیۆن و 480 ملیار و 384 ملیۆن دینار بۆ بواری بەکاربردنە و 59 ترلیۆن و 234 ملیار و 470 ملیۆن دیناریش بۆ بواری وەبەرهێنانە، ئەمە جگە لەوەی کە 150 ملیار دینار بۆ یەدەگ (تەواری) دانراوە.

### پشکی کورد لە بودجەی عێراقدا

پشکی هەرێمی کوردستان لەم بودجەیەدا پاش دەرهێنانی خەرجییە سیادی و حاکیمەکان 17%یە کە دەکاتە 16 ترلیۆن و 452 ملیار و 383 ملیۆن دینار، بە بەراورد بە پارساڵ کە 14 ترلیۆن و 406 ملیار و 735 ملیۆن دینار بووە، 2 ترلیۆن و 46 ملیار دینار زیادی کردووە.

ئەم 16 ترلیۆن و 452 ملیار دینارەی هەرێمی کوردستان، بەسەر دوو خانەی سەرەکیدا دابەشکراوە. یەکەم: پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق 15 ترلیۆن و 518 ملیار دینارە. دووەم: پشکی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان 933 ملیار دینارە.

### ئەم خشتەیە پشکی هەرێمی کوردستانە پاش دەرهێنانی خەرجی سیادی و حاکیمە:

بەملیۆن دینار

| بودجەی گشتی عێراق | پشکی هەرێمی کوردستان |
|---|---|
| 164.523.383 | 16.452.383 |
| %100 | %9.9 |

وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ دەکات، 36%ی بودجەی گشتیی عێراق بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراوە. ئەم بڕەش هەمووی وەک خۆی و بەشێوەیەکی تەندروست خەرج ناکرێت، لە کاتێکدا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەبێت بودجەی وەبەرهێنان لە نێوان 65% بۆ 70% بێت، کەمی پشکی وەبەرهێنان لە بودجەی گشتی کاریگەرییەکی نەرێنی دەبێت لەسەر پێشکەوتنی خزمەتگوزاری و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری.

بە وردبوونەوە لە بودجەی گشتیی عێراق، وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت، دەردەکەوێت بیرێکی ئابوورییانە لە پشتی ئەم بودجەیەوە نییە کە بایەخ بە زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆی عێراق و کەمکردنەوەی ئاستی هاوردەکردن و زیادکردنی دەرفەتی کارو بەرزبوونەوەی داهاتی تاک بدات، بەڵکو ئەم بودجەیە زیاتر سیمایەکی ئەمنی و سەربازی و سیاسی هەیە و باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە وەک ڕاپۆرتی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت، زیادبوونی نائاسایی خەرجییە سیادییەکان و خەرجییەکانی ئەمنی و بەرگرییە و تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی کەمە بۆ خەرجییەکانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی. بۆ نموونە:

ئەگەر خەرجییەکانی ئەمنی و بەرگری وەربگرین، 23 ترلیۆن و 204 ملیار و 931 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت، بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەنیا 3 ترلیۆن و 83 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، واتە ئەو پارەیەی بۆ کەرتی بەرگری و ئەمنی تەرخانکراوە حەوت ئەوەندەی ئەو پارەیەیە کە بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخانکراوە. هەروەها بۆ کەرتی پیشەسازیش یەک ترلیۆن و 415 ملیار دینار تەرخانکراوە، واتە ئەو پارەیەی کە بۆ کەرتی ئەمنی و بەرگری تەرخانکراوە چواردە ئەوەندەی ئەو پارەیەیە کە بۆ کەرتی پیشەسازی تەرخانکراوە.

### گرفتەکانی پشکی کورد لە بودجەی عێراقدا

گرفتەکانی پشکی کورد لە بودجەی گشتی عێراقدا بەسەر دوو خاڵی سەرەکیدا دابەش دەبێت.

یەکەم: زیادبوونی خەرجییەکانی سیادی و حاکیمە.

پشکی هەرێمی کوردستان پاش دەرهێنانی خەرجییە سیادی و حاکیمەکان دیاری دەکرێت، واتە: لە هەموو زیادبوونێکی خەرجییە سیادی و حاکیمەکاندا پشکی هەرێمی کوردستان کەمدەبێتەوە هەرچەندە دواتر لە خەرجییەکانی حاکیمەدا پشکی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت و لە بەشێک لە خەرجییە سیادییەکانیشدا سوودمەندە.

خەرجییە سیادییەکان: لە ساڵی 2014دا 47 ترلیۆن و 429 ملیار و 889 ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی سیادی تەرخانکراوە، دوای دەرهێنانی خەرجی سیادی، ئینجا پشکی 17%ی کورد دیاری دەکرێت.

بە دیوێکی دیکەدا، کورد 17%ی خەرجییە سیادییەکان دابین دەکات، بەڵام لە بەشێکی زۆری ئەم خەرجییانە سوودمەند نابێت. کە دەبووایە سوودمەند بێت. لەوانە خەرجییەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراق، خەرجییەکانی وەزارەتی دەرەوە، ئەمیش لە ڕێگای کردنەوەی نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باڵیۆزخانەکانی عێراقدا، پرۆژەکانی بەنداو و پرۆژەکانی کەشناسی و هێڵی ئاسنین، لەو خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێت کورد چ زیانێکی بەردەکەوێت:

**خەرجییە سیادییەکان و پشکی کوردستان تێیدا**

| یەکەکان | کوژمە / ملیون دینار |
|---|---|
| ئەنجوومەنی نوێنەران | 281.674 |
| کۆمیسۆنی باڵای مافی مرۆڤ | 27.298 |
| دەستەی نەزاهە | 86.345 |
| سەرۆکایەتی کۆمار | 92.443 |
| ئەمینداریێتی ئەنجوومەنی وەزیران | 111.891 |
| سەرۆکایەتی وەزیران بۆ 9600 پرۆژەی سیادی | 508.683 |
| نووسینگەی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری وزە | 5.146 |
| نووسینگەی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ئابووری | 9.731 |
| نووسینگەی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری خزمەتگوزاری | 14.686 |
| ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی | 300.358 |
| دەستەی عێراق بۆ سەرچاوە تیشکدارەکان | 4.159 |
| نوسینگەی سەرکردەی گشتی | 70.471 |
| دەزگای هەوڵگری نیشتمانی لەگەل پشکێنەری گشتی | 330.798 |
| وەزارەتی دەرەوە | 581.703 |
| ناسنامە و سنوور و 79 ملیار دیناری پرۆژەی سیادی و دەرماڵەی پاسەوانی پەرلەمانتاران | 1.533.156 |
| وەزارەتی بەرگری | 11.019.925 |
| زیادەی قەرزی بانکی نێودەوڵەتی | 8.106 |
| زیادەی قەرزی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی | 7971 |
| زیادەی قەرزی بیانی | 17.939 |
| زیادەی سەنەدات لەسەر کوژاندنەوەی قەرزی بیانی لەسەر کەرتی تایبەت | 188.892 |
| زیادەی سەنداتی حەواڵاتی گەنجینە | 252.500 |
| زیادەی کەوتووە سەر دووبارەکردنەوەی هەیکەلی قەرزی بیانی بە گوێرەی ڕێکەوتنی وڵاتانی یانەی پاریس و ولاتانی دەرەوەی یانەی پاریس | 874.500 |
| دانوستاندن و داواکاری یاسایی بۆ قەرزە بیانییەکان | 11664 |
| وردبینی و بەدواداچوون و گەڕان بەدوای قەرز لە دەرەوە | 6368 |
| لێژنەی شارەزایانی دارایی | 5.113 |
| بەشداریکردن لە تێچووی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو، جگە لە هەرێمی کوردستان | 2.353.500 |
| کرێی گواستنەوەی نەوت لە ڕێگای تورکیا | 270.000 |
| بەشداریکردنی عەرەبی و جیهانی جگە لە ئەنجوومەنی وەزیران و نوێنەران و وەزارەتی دەرەوە و بەرگری | 175.944 |
| قەرەبووی جەنگی کوێت | 6.511.527 |
| تەسویەی نەختینە بۆ قەرزە بیانییەکان | 816.200 |
| قستی ڕێکەوتنە دوو قۆڵییەکان لەگەڵ ولاتانی یانەی پاریس و وڵاتانی دەرەوەی یانەی پاریس | 1.399.200 |
| خەرجی تەمویلکردنی هاوبەش | 50.000 |
| دانەوەی دەرکردنی حەواڵاتی گەنجینەی کۆن | 400.000 |
| تەسویەی دراوی بۆ قەرزە بچوکەکانی کەرتی تایبەت لە دەرەوە | 40.810 |
| موستەحەقاتی سندوقی عەرەبی تایبەت بە ڕێکەوتنی دووبارەکردنەوەی هیکەلی قەرزەکان لە عێراق | 466.640 |
| قستی قەرزی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی | 986.442 |
| قستی قەرزی بانکی نیودەوڵەتی | 13.876 |
| پرۆژەکانی هێڵی ئاسن | 483.215 |
| پرۆژەکانی بەندەرەکان | 433.499 |
| پرۆژەکانی کەشناسی | 1.350 |
| پرۆژەکانی بەنداو و سوودی گشتی | 175.000 |
| پرۆژەکانی کۆمپانیاکانی نەوتی بیانی، وەزارەتی نەوتی فیدراڵ | 16.000.000 |
| تێچووی کۆمپانیای نەوتی بیانی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان | 900.000 |
| کۆی خەرجی سیادی | 47.429.889 |

خەرجییەکانی حاکیمە: ساڵ بەساڵ خەرجییە حاکیمەکانیش ڕوو لە زیادبوون دەکەن، هەرچەندە بەپێی یاسای بودجەی عێراق 17%ی خەرجییە حاکیمەکان بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، بەڵام بەشێک لەم خەرجییانە لە ڕابردوودا نەگەیشتوونەتە کوردستان، بەتایبەت ئەو بڕە پارەیەی کە پەیوەندی بە هێنانی وزەی کارەبا و سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و دەستەی حەج و عەمرەوە هەیە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی 2012دا 289 ملیار دیناری پشکی هەرێمی کوردستانە کە تایبەت بووە بە هێنانی وزەی کارەباو سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە نەدراوەتە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2013دا خەرجی هێنانی وزەی کارەباو سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا 302 ملیار دینار بووە، بەڵام نەدراوەتە هەرێمی کوردستان.

لە ساڵی 2014دا بۆ خەرجییەکانی حاکیمە 12 ترلیۆن و 558 ملیارو 528 ملیۆن دینار تەرخانکراوە لەو بڕەیەش 2 ترلیۆن و 134 ملیار و 949 ملیۆن دینار بۆ هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەم پارەیە ناگاتە هەرێمی کوردستان.

بە وتەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، لەماوەی ڕابردوودا بەشێکی زۆری ئەم خەرجیانە وەک خۆی نەگەیشتووەتە هەرێمی کوردستان و بەشێکیشی بەهیچ شێوەیەک نەگەیشتووە، لەوانە خەرجییەکانی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و خەرجییەکانی هێنانی تەزووی کارەبا.



دووەم: سەرنج لەسەر چەند ماددەیەکی پرۆژە یاسای بودجە

چەند ماددەیەکی پرۆژە یاسای بودجە هەیە کە پەیوەندی بەهەرێمی کوردستانەوە هەیە و بەشێک لەو ماددانە بە جێبەجێبوونیان زیانی دەبێت بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

لەوانە: مادەی دەیەمی یاسای بودجەی عێراق تایبەتە بەداهاتە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان.

لە خاڵی یەکەم- بڕگەی ئەلفدا هاتووە "دیوانی چاودێری دارایی عێراق بەڕێککەوتن لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، هەڵدەستن بە ئەژمارکردن و دیاریکردنی ئەو داهاتە فیدڕاڵییەی کە هەرێمی کوردستان بەدەستی دێنێ و وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان مانگانە ڕەوانەی وەزارەتی دارایی عێراقی دەکات.

لەماددەی 10دا خاڵی دووەم "بڕگەی با" هاتووە: پاش وردبینی لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی عێراق بەهەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، داهاتەکانی ناوخۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی تەسویە دەکرێت لەساڵی (2004 – 2013) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە نەگاتە 15/10/2014 .

لە خاڵی دووەمی هەمان ماددەدا هاتووە: ئەگەر هەرێمی کوردستان داهاتە فیدراڵییەکانی کە لە هەرێمی کوردستان وەدەستهاتوون نەگەڕاندەوە بۆ خەزێنەی گشتی فیدراڵی، ئەوا حکومەتی فیدراڵی بە ئەندازەی ئەو بڕە پارەیە کە وەدەستهاتووە لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت.

هەرچەندە لە ساڵانی ڕابردووشدا ئەم ماددەیە بەشێوەی جیاواز هاتووە، ئەگەر ئەمساڵیش ئەم مادەیە جێبەجێنەکرێت لە ساڵانی ئایندەدا لە یاسای بودجەدا جێگای دەکرێتەوەو لە هەموو ئان و ساتێکدا قابیلی جێبەجێکردنە، بۆیە دەبێت ئەم دۆسییەیە یەکلایی بکرێتەوەو یەکلایی بوونەوەکەش بەزیان بۆ خەڵکی کوردستان نەشکێتەوە، لە ساڵانی پێشووتریشدا بە بڕی جیاواز داهاتی هەرێمی کورستان گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، بەڵام حکومەتی ناوەندی پێیوایە ئەمە داهاتی فیعلی هەرێمی کوردستان نییە.

لە ماددەی دەیەم، خاڵی سێیەمدا هاتووە: هەر کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان یان پارێزگایەک ببێتە هۆکاری زیانگەیاندن بەهۆکاری ڕێگریکردنی لە بەکارهێنانی فەزا (ئاسمان)، یان ڕازی نەبوون بە ڕاکێشانی کێبلاتی زەوی بۆ خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و گەیاندنی فیدڕالی و جیهانی ڕێگەپێدراو لە لایەن حکومەتی عێراق بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی تەلەفۆنی مۆبایل و خزمەتگوزاری ئینتەرنێت. بەبڕی ئەو زیانانەی کە دەدرێت پارە لە پشکی هەرێمی کوردستان یان پارێزگا کەم دەکرێتەوە لە پێدانی مۆڵەت دەسکەوت لە ئیجازە و ڕسومی کۆمپانیای تەلەفونی موبایل وەدەستێت. وەزارەتی دارایی ئەو بڕە پارەیە دەبڕێت دوای ئەوەی وەزارەتی پەیوەندییەکانی عێراق بڕی ئەو زەرەرە دیاری دەکات. ئەم هەنگاوە ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کە زیان بەبودجەی هەرێمی کوردستان بگەیەنێت، چونکە ئێستا زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی ئەم کەرتە لە دەست کۆمپانیا حیزبییەکانی کوردستان یان نزیک لە حیزبییەکانن و چونکە ئەگەر ئەم داهاتانە نەگەڕێتەوە حکومەتی ناوەندی ناکرێت لە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕدرێت یان ئەگەر ڕێگرییەک بکرێت لە پێناو بەرژەوەندی کۆمپانیایەکی حیزبی ناکرێت خەڵکی کوردستان سزا بدرێت.


هەرچەندە لەماددەی یەکەم بڕگەی (ب) دا، تەنیا ئەوە هاتووە کە عێراق ڕۆژانە 3 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات و لەو بڕەش 400 هەزار بەرمیلی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت و هەناردە دەکرێت، لەم بڕگەیەدا هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوە نییە کە هەرێمی کوردستان لە ئەگەری نەناردنی ئەو بڕەدا سزای دارایی بدرێت، بەڵام لە ماددەی 10 بڕگەی چوارەمدا هاتووە: وەزارەتی دارایی عێراق بڕی ئەو زیانانە دیاری دەکات کە هۆکارەکەی هەرێم یان پارێزگاکانن لە دابیننەکردنی ئەو نەوت و غازەی بۆیان دیاریکراوەو وەزارەتی نەوتی عێراقی بڕی زیانەکە دیاری دەکات و لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەیخاتەڕوو بۆ ئەوەی بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدرێت، ئەگەر حکومەتی هەرێم یان پارێزگاکە نارەزاییان هەبوو لەسەری، پرسەکە دەگوازرێتەوە بۆ دادگای فیدڕاڵی بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی.

لە خوێندنەوەمان بۆ ئەم مادەیە لەوە تێدەگەین، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر گرفتێکی هەبوو لەگەڵ حکومەتی ناوەندا، یان هەر کێشەیەک لە ناوخۆدا دروستبوو یان گرفت لەگەڵ کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی نەوتدا هەبوو، ئەم گرفتانەش بوون بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێت ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگای حکومەتی ناوەندییەوە هەناردە بکات، ئەوا لە بودجەی گشتی کوردستان دەبڕدرێت.

هەرێمی کوردستان، ئەگەر ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت دابین بکات و نرخی بەرمیلێک نەوت بە 100 دۆلار بخەمڵێنین، واتە: هەرێمی کوردستان 14 ملیار و 600 ملیۆن دۆلار (17 ترلیۆن و 520 ملیار دینار) بۆ بودجەی عێراق دابین دەکات، لەکاتێکدا پارەی تەرخانکراو وەک پشکی هەرێمی کوردستان 16 ترلیۆن و 452 ملیار دینارە. بەمەش ئەگەر هەرێمی کوردستان بەهۆی هەر ناکۆکییەکەوە بێت ئەو 400 هەزار بەرمیل نەوتە بەشێوەی ڕۆژانە دابین نەکات، حکومەتی ناوەندی دەتوانێت لە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت.

لە ماددەی نۆیەم، بڕگەی پێنجەمدا هاتووە بەڕێککەوتنێک لەنێوان ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، خەرجیی هێزەکانی پاسەوانی هەرێمی کوردستان (پێشمەرگە) لە دابینکردنی مووچە و چەک و پێداویستییەکانی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە خەرجدەکرێت بەمەرجێک لەگەڵ دەستووری عێراقدا بگونجێت.

لە ساڵی 2007ەوە ئەم بابەتە بەشێوازی جیاواز لە یاسای بودجەدا هاتووە و جێبەجێنەکراوە، بەپێی خەمڵاندنەکانیش حکومەتی ناوەند تاوەکو ئێستا زیاتر لە 10 ترلیۆن دیناری خەرجی هێزی پێشمەرگەی نەداوە.



عارف تەیفور، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ (ڕووداو):

# ئوسامە نوجێفی ناهێڵێت پرۆژەکەی مام جەلال بخرێتە بەرنامەی کارەوە



**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

عارف تەیفور، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێشبینی دەکات کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا سوننە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستدێنن و کەسانی "توندڕەو" دەگەیەننە پەرلەمان، بۆ هەڵبژاردنیش لە کەرکووک دەڵێت دەنگی کورد دەوەستێتە سەر باشی و خراپیی کاندیدەکان.

وا بڕیارە کۆتایی نیسانی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەبچێ، شارەزایان پێیانوایە ئەو هەڵبژاردنە گۆڕانکاریی زۆر بەسەر نەخشەی سیاسی عێراقدا دەهێنێت.

هەفتەی ڕابردوو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دوای گوتاردانی لە پەرلەمانی ئەورووپا لە شاری برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ، گۆڕانکاری زۆر لە کوردستان و لە عێراق ڕوودەدەن".

عارف تەیفور، پێیوایە بەهۆی پەرتبوونی عەرەبی شیعە و سوننە بەسەر چەند لیست و هاوپەیمانییەک جارێ دیار نییە کێ براوەی ئەو هەڵبژاردنە دەبێت. بەڵام عارف تەیفور لەو باوەڕەدا نییە کە لەو هەڵبژاردنەدا گۆڕانکارییەکی بەرچاو ڕووبدات و دەڵێت "شیعەکان بوون بەچەند فراکسیۆنێک و سوننەکانیش بەهەمانشێوە، بەڵام لەدوای هەڵبژاردن یەکدەگرنەوە و تایەفەگەری جارێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە، بۆیە ئومێدی گۆڕانکاری زۆری لێناکرێت، بەڵام سوننەکان بەزۆری بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و کەسانی توندڕەویان سەردەکەوێت بۆ پەرلەمان".

کورد بەهۆی ململانێی پارتی و یەکێتی لەسەر سەرۆکی لیستەکە، نەیتوانی لە کەرکووک بە یەک لیست دابەزێ. لە هەمانکاتدا تورکمان و عەرەبەکانی ئەو شارەش وەکو هەڵبژاردنی ڕابردوو یەک لیست نین و بەسەر چەند لیستێکدا دابەش بوون.

سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای کەرکووک، عارف تەیفور کە ئەمجارە لەلایەن حیزبەکەی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە کاندید نەکراوەتەوە، پێیوایە ململانێی هەڵبژاردن لەکەرکووک توندتر دەبێت و لایەنی عەرەبی هەوڵی زۆردەدات بۆئەوەی زۆرترین خەڵک بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەن.



## ئەگەر کاندیدی باشمان هەبن کورد له کەرکووک 6 – 7 کورسی دەبات

کورد لە هەڵبژاردنی ڕابردووشدا لە کەرکووک کە بە چەند لیستێک دابەزیبوو، دەنگێکی زۆری فەوتا، بەڵام توانی 6 کورسی لە کۆی 12 کورسی پارێزگاکە بباتەوە (یەکێتی 4 کورسی و پارتی 2 کورسی). عەرەب و تورکمانەکانیش کە بە یەک لیست دابەزیبوون 6 کورسییان بەدەستهێنا.

سەبارەت بە کورسییەکانی کورد لە کەرکووک لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، عارف تەیفوور گوتی "ئەگەر کورد خەڵکانی باش کاندید بکەن دڵنیام 6 بۆ 7 کورسی لە کەرکووک دەباتەوە، بەڵام ئەگەر کەسانی فاشیل و سەرنەکەوتوو کاندید بکەن ئەوە زۆر خراپ دەبێت". گوتیشی "دروستنەبوونی یەک لیستی کوردی لە کەرکووک زۆر خراپ بوو بۆ کورد، بەڵام کورد دەتوانێ بە بەشداری زۆرینەی خەڵک لە هەڵبژاردندا قەرەبووی ئەو چەند لیستییە بکاتەوە".

عارف تەیفور کە بەدەنگی کورد لە کەرکووک ئەوە دوو خولە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، لەلایەن هەندێک لە کەرکووکیەکانەوە ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە لەو ماوەیەدا هیچ سەردانێکی شارەکەی نەکردووە.

عارف تەیفور ڕەتیکردەوە کە ئەو کەرکووکیەکانی پشتگوێ خستبێ و دەڵێت "ڕاستە وەک سەردان بەهۆی ئیشوکارەوە ڕەنگە لە چەند جارێک زیاتر نەمتوانیبێ سەردانی کەرکووک بکەم، بەڵام ئۆفیسێکی تایبەتی خۆم هەبووە کە لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو بارودۆخێکی کەرکووک بووم، بۆ نموونە گەیاندنی سوودی کۆمەڵایەتی "المنافع الاجتماعیە" بەبێ جیاوازی بۆ خەڵکانی کەمدەرامەت و خاوەن پێداویستی تایبەت".

هەروەها دەڵێت "لەکاتی تەقینەوەکان یارمەتیم بۆ کەسوکاری قوربانیان و برینداران ناردووە و هاوکاری تیمە وەرزشییەکانم کردووە". ناوبراو پێیوایە زۆر شتی دیکەشی بۆ کەرکووک کردووە لەگەڵ هاوڕێ پەرلەمانتارەکانی لە بەغدا "کێشەی کەرکووکمان بە دەرەوە گەیاندووە، ئەتڵەسی کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوە کوردییەکانمان گەیاندە سەرۆک ئۆباما لە واشنتن، هەروەها لەکاتی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ باڵیۆز و نوێنەرانی جیهان بەشێوەیەکی گشتی پێداگر بووین لە داواکارییە ڕەواکانی گەلی کورد لە کەرکووک".

چەندین پرسی کورد لە بەغدا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە مادەی 140ی دەستووری عێراق، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و پرۆژە یاساکەی مام جەلال بۆ ئاساییکردنەوەی سنووری ئیداری ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

عارف تەیفور لەبارەی جێبەجێنەکردنی مادەی 140ی دەستوور کە دوا وادەی جێبەجێکردنەکەی 2007/12/31 بوو، گوتی "زۆربەی فراکسیۆنەکان بەتایبەتی عەرەبە شۆڤێنییەکان ڕێگرن لە جێبەجێکردنی ماددەکە، ئێمە بەردەوام دەبین تاوەکو ئاواتی کەرکووکیەکان و هەموو کورد دێنینە دی، بەڵام ڕێگرییەکان زۆر زۆرن".

سەبارەت بە پرۆژە یاساکەی مام جەلالیش ناوبراو گوتی "ئەو پرۆژەیە گەیشتووەتە پەرلەمان لەلایەن لیژنەی هەرێم و پارێزگاکانەوە تاوتوێ کراوە و ڕەزامەندیشی لەسەرە و بەرزکراوەتەوە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، بەڵام ئوسامە نوجێفی، سەرۆکی ئەنجوومەن ڕایگرتووە و ناهێڵێت بخرێتە بەرنامەی کار و دەنگی لەسەر بدرێت".

له کەرکووک و خانەقین

# ساڵانە 80 ملیار دینار بۆ فێربوونی کوردی بەفیڕۆ دەچێ

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەو پلانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە بواری پەروەردەدا بەڕێوەی دەبات، لە دروستکردنی شێرە بەفرینەیەک دەچێ کە لە کۆتاییدا هەرخۆی بە پێڵەقەیەک بیڕووخێنێ، چونکە هەموو ئەو منداڵانەی بە میتۆدێکی کوردی تاوەکو قۆناغی ئامادەیی دەخوێنن، لە کۆتاییدا هەر دەچنەوە بەردەستی میتۆدێکی عەرەبی کە لە بەغداوە دانراوە.

ماوەی 11 ساڵە خوێندنی کوردی یەکێکە لە کێشە گەورەکانی ئەو ناوچانەی دەکەونە سنووری ماددەی 140 و بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر نێودەبرێن. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای 2003وە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، دەستی بە پرۆسەیەک کرد کە لە کردنەوەی خوێندنگەی کوردی و دابینکردنی مامۆستا و فەرمانبەر و پێداویستییەکانی خوێندندا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام هەر حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی خوێندکارانی ئەو ناوچانە ناچار دەکات دواجار ڕووبکەنەوە تکریت و بەغدا و شارە عەرەبییەکانی دیکە بۆ تەواوکردنی زانکۆ. بەڕێوەبەری پێشووی پەروەردە لە خانەقین دەڵێ "وەک ئەوەیە هیچمان نەکردبێ".

### باری سەرشانی بەغدا سووک دەکەن

لە سنووری پارێزگای کەرکووک، کە سیاسییەکان هەمیشە پێداگیری دەکەن لەسەر ئەوەی زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن، تاوەکو ئەو ڕۆژەی خەڵکی شارەکە پەیکەرەکانی سەددام حوسێنیان لەو شارەدا شکاند، یەک خوێندنگەی تێدا نەبوو بە زمانی کوردی، بەڵام لەماوەی ئەو 11 ساڵەدا 508 خوێندنگەی کوردی لە سنووری ئەو پارێزگایە لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە و هەندێکیشیان بە بودجەی بەغدا. بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووک دەڵێ "مادام قەدەری ئێمە ئەوەیە کە کەرکووکی بین، ناچارین ڕووبکەینەوە زانکۆکانی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق".

شێرزاد ڕەشید کاکە، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لەکەرکووک دەڵێت خوێندکارانی خوێندنگە کوردییەکانی کەرکووک، تاوەکو قۆناغی ئامادەیی دەتوانن لەسەر ئەو میتۆدە کوردییە بەردەوام بن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆیان دەنێرێ "چونکە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەریانناگرێت و دەبێ بچنەوە ئەو زانکۆیانەی سەر بەحکومەتی ناوەندین".

ئەگەر لە دیوێکی دیکەوە لەم پرسە بکۆڵرێتەوە، وەک ئەوە وایە باری سەرشانی بەغدا سووکتر بکرێ لە ڕووی خەرجی و بەکارهێنانی هێزی زانستی و فێرکردنەوە. چونکە وەک بەڕێوەبەرە کوردەکانی پەروەردەی کەرکووک و خانەقین بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) یان باسکرد، خەرجی و بەڕێوەبردنی 528 خوێندنگەی بنەڕەتی و ئامادەیی ئەو ناوچانە بۆ ماوەی 12 ساڵ بەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەبێ و لە کۆتاییشدا دەچنەوە لای سیستمی خوێندنی بەغدا و لەوێ بڕوانامەی زانکۆ وەردەگرن.

حوسێن سایە، بەڕێوەبەری پێشووی پەروەردەی خانەقین، باسی دۆخی دەروونی ئەو خێزانانە دەکات کە ناچارن منداڵەکانیان بنێرنەوە لای میتۆدە عەرەبییەکەی بەغدا "ڕەنگە ئەو کوردییەشیان بیربچێتەوە کە لەو ماوەیە فێری بوون، بەشێکیان زۆر لەوە ناڕازین و دەشزانن هیچ ڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە".

### 80 ملیار دینار بۆ فێرکردنی کوردی

لەساڵی 2003 حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرکووک دەستی بە خوێندنی کوردی کرد، شێرزاد ڕەشید دەڵێت یەکەمین خوێندنگەی کوردی لە ساڵی 2003 کراوەتەوە و لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا 508 خوێندنگەی کوردی و 13 باخچەی ساوایان هەن کە 92 هەزار و 800 خوێندکار لەخۆدەگرن.

لەبەر ئەوەی بەغدا پشتگیری بوونی خوێندنی کوردی ناکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بووە لەسەر بودجەی خۆی 8 هەزار و 200 فەرمانبەر و مامۆستا بۆ ئەو خوێندنگایانە دابمەزرێنێ و مووچەیان بداتێ کە وەک بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووک باسیکرد، ساڵانە 78 ملیار دینار بودجەیان بۆ دابین دەکرێ.

شێرزاد ڕەشید کاکە پێیوایە ئەو پارەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەدەر ناڕوات "چونکە هەر هیچ نەبێ فێری کوردی دەبن کە پێشتر لێیان قەدەغە کرابوو".

### کوردستان فێریان دەکات و بەغدا تاقییاندەکاتەوە

خانەقینییەکان بە زۆر خاڵ خۆیان لە کەرکووک جیادەکەنەوە و پێیانوایە بۆ نزیکتربوونەوە لە هەرێمی کوردستان و گێڕانەوەی شارەکە بۆ سروشتی پێشووی خۆی و دەستخستنەوەی زەوییە داگیرکراوەکان باشترن، بەڵام لەڕووی خوێندنەوە حاڵی ئەوان هەواڵی دڵخۆشکەری تێدا نییە.

حوسێن سایە، بەڕێوەبەری پێشووی پەروەردەی خانەقین دەڵێ لە سەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە کارێکی باشیان کرد بۆ ئەوەی خوێندنگەی کوردی بکەنەوە "بەڵام دواتر ئەوانەی خەڵکی خانەقین بوون و لە ڕومادییەوە دەگەڕانەوە، منداڵەکانیان خستەوە خوێندنی عەرەبی و زمانی کوردییان نەدەزانی".



لە خانەقین 20 خوێندنگەی کوردی دروستکراون، ساڵانە 3 ملیار و 600 ملیۆن دینار لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مووچەی مامۆستا و فەرمانبەری خوێندنگە کوردییەکان و 70 ملیۆن دیناریش بۆ پێداویستییەکانی خوێندن دابین دەکرێ.

لە خانەقین 12 خوێندنگەی عەرەبی هەن کە وەک حوسێن سایە گوتی "خوێندنگە عەرەبییەکانیش 92%ی خوێندکارەکانیان کوردن و خەڵکی خانەقینن".

کێشەیەکی دیکەی خوێندکارە خانەقینییەکان تێکچوونی ڕیتمی خوێندنە کوردییەکەیە، چونکە وەک حوسێن سایە باسیکرد "ئەو خوێندکارانە تاوەکو کۆتایی ساڵ بە مەنهەجی کوردی دەیانخوێند، بەڵام لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا بەغدا پرسیارەکانی بۆ دەناردن بۆ تاقیکردنەوە، کە ئەوەش وایدەکرد هەندێک لە خوێندکارەکان دەرنەچن، چونکە ئەوانەیان نەخوێندبوو".

## عێراق ئۆتۆمبێلی تاکسی بەرهەمدێنێ




**رووداو- هەولێر**

کۆمپانیای گشتیی دروستکردنی ئۆتۆمبیل لە عێراق رایگەیاند بۆ تاقیکردنەوەی کاری کۆکردنەوە (تجمیع)ی ئۆتۆمبێل 168 ئۆتۆمبێلی تاکسی بەرهەمهێناوە. عەبدولحوسێن عەبدولواحید، جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای گشتی دروستکردنی ئۆتۆمبیل لە عێراق بە رۆژنامەی (سەباح)ی نیمچە فەرمی عێراقی راگەیاند "ئەو ژمارە ئۆتۆمبێلە لە جۆرەکانی (سەمەندو سایپای ئێرانی و بی وای دی و لیڤان)ن". گوتیشی "کۆمپانیای گشتی دروستکردنی ئۆتۆمبێل لە عێراق بەردەوامە لە کۆکردنەوەی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگری جۆری رینۆ دروستکردنی گەلابە".

رووداو ئابووری
ژمارە (295) دووشەممە 2014/1/27

لە کوردستان

# پێستەیەکی ئاژەڵ بە 2 دۆلار هەناردە دەکرێت و بە 130 دۆلار هاوردە دەکرێتەوە

**ئارام کاکەخان**
**رووداو- هەولێر**

بازرگانێکی شاری هەولێر دەڵێت ساڵانە ژمارەیەکی زۆر پێستەی ئاژەڵ، دانەی بە دوو دۆلار بە کارگەکانی خۆشکردنی پێستە لە تورکیا دەفرۆشێت، لە بەرامبەریشدا دوو دەرزەن قایشی پانتۆڵ کە لە یەک پێستە دروست دەکرێت، بە 130 دۆلار لە کارگەکانی تورکیا دەکڕدرێتەوە.

بەپێی ئاماری یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان، لەساڵی 2012دا یەک ملیۆن و 123 هەزار و 65 تۆن پێستەی ئاژەڵ، زەیتونی خۆشکراو، میوە، هەنگوین و پلاستیکی هاڕاو و خورما هەناردە کراوە کە بەشی زۆری ئەو بەرهەمە هەناردەکراوانە پێستەی ئاژەڵ بووە.

خاوەنی کۆمپانیاکانی تایبەت بە هاوردە و هەناردەکردن دەڵێن ئەگەر حکومەت هاوکارییان بکات بۆ دامەزراندنی کارگە، ئەوا کەرەستەی خاوی زۆریان لەبەردەستە بۆ دروستکردنی هەندێک کاڵا و خواردەمەنی.

ئەو کەرەستە خاوانەی بازرگانان هەناردەی دەکەن، دواتر بەرهەمەکەی بە نرخێکی زۆر زیاتر هاوردە دەکەنەوە کە یەکێک لەو کەرەستە خاوانەش پێستەی ئاژەڵە و کۆمپانیاکان لە شێوەی قەمسەڵەی چەرم و قایشی پانتۆڵ و جانتادا هاوردەی دەکەنەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، تەنیا لە ساڵی رابردوودا 730 هەزار ئاژەڵ لە سەربڕخانەکانی کوردستان سەربڕدراون و پێستەکانیان هەناردەی دەرەوە کراوە بە تایبەتی بۆ تورکیا.

ئازاد کەمال، بازرگانێکی شاری هەولێر دەڵێت، ساڵانە نزیکەی 40 — 50 تۆن پێستە هەناردە دەکات و لە بەرامبەریشدا قایشی پانتۆڵی لە چەرم دروستکراو هاوردە دەکات.

ئازاد روونیکردەوە کە "یەک پێستە بە دوو دۆلار بە کارخانەکانی تورکیا دەفرۆشێت، هەر پێستەیەکیش 24 قایشی پانتۆڵی لێ دروست دەکرێت کە بە 130 دۆلار پێمان دەفرۆشنەوە، واتە تەنیا لە یەک پێستەی ئاژەڵدا 128 دۆلار دەڕواتە دەرەوەی کوردستان.

هەروەها گوتی "پێستەیەک کە بە دوو دۆلار دەفرۆشین، قەمسەڵەیەکی چەرمی لێدروست دەکرێت، ئەو قەمسەڵەیە بە 138 دۆلار دەکڕینەوە".

ئەو 730 هەزار پێستەیەی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان دەچێتە دەرەوە بەگوتەی ئازاد کەمال 17 ملیۆن و 520 هەزار قایشی لێ دروست دەکرێت، واتە "ئێمە ئەو 730 هەزار پێستەیە بە یەک ملیۆن و 460 هەزار دۆلار دەفرۆشین، لە بەرامبەردا کارخانەکانی تورکیا لەو پێستانەدا 94 ملیۆن و 900 هەزار دۆلاریان دەستدەکەوێت".

بەشدار حوسێن، لە بازاڕی نیشتیمان بازرگانە و کاری کڕین و فرۆشتنی پێڵاو دەکات. ئەو ساڵانە بایی 70 تاوەکو 80 هەزار دۆلار پێڵاو هاوردە دەکات. بەشدار دەڵێت "پێستەی ئاژەڵێک 10 پێڵاوی لێدروست دەکرێت، هەر پێڵاوێک لای من بە 95 هەزار دینارە، لە مۆڵەکانیش هەمان پێڵاو بە 160 دۆلار دەفرۆشرێت".

بەپێی لێکدانەوەی ئەو بازرگانە، دوای دەرکردنی قازانجی 10 پێڵاو کە لە یەک پێستە دروست دەکرێن، نزیکەی 900 هەزار دینار دەڕواتە دەرەوە.

هەر بەپێی لێکدانەوەی بەشدار، ئەگەر ئەو 730 پێستەیەی هەناردەی تورکیا دەکرێت، لە ناوخۆدا بەکاربهێندرێت، ئەوا 7 ملیۆن و 300 جووت پێڵاوی لێدروست دەکرێت و ئەگەر پێڵاوێک بە 90 هەزار دینار بفرۆشرێت، ئەوا دەکاتە 657 ملیار دینار.

### حکومەت ئاسانکارییان بۆ ناکات

ئازاد کەمالی بازرگان دەڵێت "من ئامادەم کارگەی دروستکردنی بەرهەمەکانی پێستە بکەمەوە، بەڵام یارمەتی حکومەتم دەوێت، چونکە دانانی کارگە هەروا ئاسان نییە، بەڵێنیش دەدەم بەرهەمەکانم بە نیوەی نرخی بەرهەمە هاوردەکراوەکان بفرۆشمەوە".

فەلاح ئەنوەر، یاریدەدەری سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان دەڵێت "تا ئێستا کەس نەهاتووەتە لامان بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام ئەگەر کارگەی لەو شێوەیەش بکرێتەوە هاوکاری زیاتری حکومەتی پێویستە، ئەگەر نا زەحمەتە سەرکەوتوو بێت".

فەلاح ئەنوەر هەروەها دەڵێت "دەتوانم بڵێم جگە لە دابینکردنی زەوی، حکومەت هیچ هاوکارییەکی ئەو بازرگانانە ناکات کە کارگە دەکەنەوە، بازرگانێکی ئێمە کارگەی ئاردی کردەوە 4 ملیۆن دۆلاری تێچوو، بەڵام زەرەری کرد، ئێستا دەبێت دایبخات، چونکە نرخی بەرهەمی ئەو لە بەرهەمی هاوردەکراو گرانتر دەکەوێت".

بە بڕوای ناوبراو، تەنیا پێدانی زەوی بەس نییە بۆ وەبەرهێنەرانی ناوخۆ "بەڵکو حکومەت دەبێت کارەبای بە هەرزان بداتێ و باجی کەمی لێوەربگرێت و پاڵپشتی بکات بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی لە بازاڕەکانی ناوخۆدا، ئەویش بەهۆی سنووردارکردنی بەرهەمی هاوردەکراو".

فەلاح بازرگانانی چین بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "بازرگانێک لە چین کە پارە لە دەرەوەی وڵات دەهێنێتە بانکەوە، حکومەت لە گۆڕینەوەی پارەکەدا یارمەتی دەدات و بە نرخی بەرزتر بۆی دەگۆڕێتەوە، بازرگان هەیە لە کڕین و فرۆشتنەکەدا قازانج ناکات، بەڵام لە گۆڕینەوەی پارەکەدا قازانج دەکات".

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نزیکەی 5 هەزار کارگە لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام زۆربەی بەرهەمەکانی بازاڕەکانی کوردستان هاوردە کراون.

ئەحمەد حوسێن، وتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە مەرجی دانانی کارگە دەڵێت "هەر بازرگانێک کاتێک کارگە دادەنێت، ئێمە مۆڵەتی کردنەوەی کارگەکەی پێدەدەین و نووسراوی بۆ دەکەین تاوەکو لە وەزارەتی شارەوانی زەوی پێبدرێت، ئاسانکارییەکی دیکەش هەیە ئەگەر مۆدێلی ئامێرەکانی بەرزبێت کە هاوردەی دەکات لێخۆشبوونی گومرکی بۆ دەکرێت".

هۆشمەند رەفیق، کە ماستەری هەیە لە ئابووری باسی زیانەکانی هەناردەکردنی کەرەستەی خاو دەکات و دەڵێت "ناردنە دەرەوەی کەرەستەی خاو وا دەکات کەرتی پیشەسازی زیاتر بەرەو داڕمان بڕوات، بەهۆی کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی کەرەستەی سەرەتایی، هەمیش داهاتی نەتەوەیی دەچێتە دەرەوە بۆ بەرژەوەندی خاوەن کۆمپانیاکان و بازرگانانی بیانی، ئەمە سەرباری ئەوەی هەلی کار کەمتر دەکاتەوە و سووڕی سەرمایە لە بازاڕی پیشەسازی بەرەو متبوون دەبات".


ساڵانە زیاتر لە 700 هەزار پێستەی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردە دەکرێت (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**کارخانەکانی تورکیا تەنیا لە کڕینەوەی پێستەدا 94 ملیۆن و 900 هەزار دۆلار قازانج دەکەن**

## ئەیال فرانک، دامەزرێنەری ئەنجوومەنی بازرگانی کوردستان - ئەمریکا:

# وەبەرهێنان لە کوردستان سەرنجی هەموو جیهانی راکێشاوە

**ئەیال فرانک، دامەزرێنەری ئەنجوومەنی بازرگانی کوردستان- ئەمریکا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت ئامانج لە دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە زیادکردنی هەلی وەبەرهێنانە بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە کوردستان. بەڵام دەڵێت هەندێک لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان دوودڵن لە هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە پێیانوایە رەوشی ئەمنی هەولێریش وەکو بەغدا وایە.**

زوبێر هەورامی
رووداو - واشنتن



**خەڵکی کوردستان حەز لە هاتنی کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەکەن**

**رووداو: ئەنجوومەنی بازرگانی کوردستان- ئەمریکی هەوڵی بەدەستهێنانی چی دەدات؟**

**ئەیال فرانک:** ئامانجی ئەنجوومەنەکە بەهێزکردن و زیادکردن و پەرەپێدانی هەلی بازرگانی و وەبەرهێنانە بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە هەرێمی کوردستان. هەروەها دابینکردنی یارمەتییە بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان و دڵنیابوون لەو وەبەرهێنانەی لە هەرێمەکەدا دەیکەن. شتی زۆر دەکەین.. یارمەتی کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەدەین، پەیوەندی و دیالۆگ بۆ کۆمپانیاکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان رێکدەخەین. هەروەها هەوڵی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە کوردستان دەدەین. رۆڵی سەرچاوە دەبینین بۆ ئەو کۆمپانیا ئەمریکیانەی دەچنە کوردستان و هەوڵی بنیاتنانی پێگەی خۆیان دەدەن لەوێ.

**رووداو: چ جۆرە هەلێکی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە کوردستان هەیە؟**

**ئەیال فرانک:** هەلی زۆر هەیە. مەبەستم ئەوەیە پێشبڕکێ لە بازاڕی کوردستاندا هەیە، بۆیە ئەنجوومەنی بازرگانی کوردستان-ئەمریکی دامەزراوە. وەبەرهێنان لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان سەرنجی هەموو جیهانی راکێشاوە، بۆیە کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەبێت کێبڕکێ بکەن. هەرچەندە خەڵکانێکی زۆر لە کوردستان هەن کە زیاتر حەز بە هاتنی کۆمپانیای ئەمریکی دەکەن و دڵنیان لە توانا و ستاندەردی کۆمپانیا ئەمریکییەکان، بەڵام ئەم کۆمپانیایانە تەنیا لەبەر ئەوەی ئەمریکین گرێبەستیان پێنادرێ. کۆمپانیا ئەمریکییەکان، بە تایبەت ئەوانەی نوێن پێویستیان بە رێکخراوێکی وەک ئەنجوومەنی بازرگانی کوردستان-ئەمریکی هەیە تاوەکو یارمەتییان بدەن لە گەڕان و دۆزینەوەی هەلی وەبەرهێنان لە بازاڕەکاندا.

**رووداو: چی وا لە کوردستان دەکات سەرنجی وەبەرهێنەر و بازرگانانی دەرەوە رابکێشێ؟**

**ئەیال فرانک:** کوردستان لەناو دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە و ئاسایشی بەرقەرارە، خەڵکەکەشی حەزیان بە رۆژئاوا هەیە و باوەڕیان بە ئەمریکا هەیە. هەموو کەس بەوشێوەیە بیردەکاتەوە هەر لە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە تا تاکەکانی کۆمەڵگە. ئاستی ئەو متمانەیەی کورد بەگشتی نیشانی دەدەن بەرامبەر ئەمریکییەکان و کۆمپانیا ئەمریکییەکان وادەکات کوردستان بازاڕێکی سەرنجڕاکێش بێت بۆ ئەوان. ئەوەی کوردستان سەرنجڕاکێشتر دەکات یاساکانیەتی لە بواری وەبەرهێنان و مۆدێلی بزنزە کە رێگە بە گەڕان و دۆزینەوەی سامانە سروشتییەکان دەدات. ئەو جۆرە رێککەوتنانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت ئیمزای دەکات زیاتر شێوازی رۆژئاواییە، ئەوەش کوردستان سەرنجڕاکێشتر دەکات بۆ کارکردن لەو کەرتەدا.

**رووداو: ئەنجوومەنەکەی ئێوە چ جۆرە هەنگاوێکی ناوە بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بۆ کوردستان؟**

**ئەیال فرانک:** شتی زۆرمان کردووە. ئەنجوومەنەکەمان گەورەترین سەردانی بازرگانی لە ئەمریکاوە بۆ کوردستان بۆ 25 کۆمپانیا و 50 شاندی بازرگانی رێکخست. لێرە لە واشنتن چاوپێکەوتنمان بۆ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە مەسعود بارزانییەوە تا سەرۆکی حکومەت و بەرپرسانی باڵای حکومی سازکردووە لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان، تاوەکو ئەو کۆمپانیایانە راستەوخۆ شتەکان دەربارەی کوردستان لە بەرپرسانی باڵای حکومەتەوە بزانن. هەروەها چاوپێکەوتنمان بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنەکە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت و نوێنەرایەتی حکومەتی ئەمریکا لە کوردستان رێکخستووە، لە تشرینی یەکەمی 2012 لە هەولێر کۆنفرانسێکمان بۆ کۆمپانیا ئەمریکی و کوردییەکان ساز کرد. نوێنەری کونسوڵگەری ئەمریکا لە هەولێر لە کۆنفرانسەکەدا باسی چۆنیەتی بزنزکردنی لە کوردستان کرد. هەروەها بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو کۆمپانیا ئەمریکیانەی لە کوردستاندا کاردەکەن باسیان لە سەرنج و پێشنیازەکانیان لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی بزنزێکی سەرکەوتوو لە کوردستان کرد. ئەو کۆنفرانسە وەک سەرچاوەیەک وابوو بۆ ئەو کۆمپانیایانەی دەڕۆنە ناوچەکە بۆ وەرگرتنی زانیاری لە شارەزایانی ناوەوە و دەرەوەی حکومەت لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی بزنز لە کوردستان. هەروەها ئەنجوومەنەکە سەردانێکی بۆ 10 ستافی کۆنگریس رێکخست کە لە کۆتایی مانگی نیسانی 2012 گەیشتنە کوردستان. لەکاتی ئەو سەردانەدا بە گرنگم زانی ئەو ستافە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کۆمپانیا ئەمریکیانە بکەن کە لە کوردستان وەبەرهێنان دەکەن تا بۆ خۆیان لە زاری ئەوانەوە ببیستن کە چۆن کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە کاردان لە کوردستان.

**رووداو: چۆن باس لە بارودۆخی ئەمنی کوردستان بۆ ئەو کۆمپانیایانە دەکەی کە دەیانەوێ وەبەرهێنان لە کوردستان بکەن؟**

**ئەیال فرانک:** بارودۆخی ئەمنی لە کوردستان وەکو بارودۆخێکی زۆر باش باس دەکەم. هەندێکجار بارودۆخێکی نائاسایی دێتە ئاراوە، بەڵام ئەو حاڵەتانە دەگمەنن و بەردەوام نین. هەرێمی کوردستان شوێنێکی سەلامەتە بۆ وەبەرهێنان، هانی خەڵکی ئەمریکا و کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەدەین بۆ وەبەرهێنان لە کوردستان. بەپێی ئەزموونی خۆم، هەرێمەکە لە چەندین لایەنەوە لە گەشەکردنێکی بەردەوامدایە. هەلێکی زۆر بۆ وەبەرهێنان لە کوردستان هەیە و ئەمڕۆ هیچ هۆکارێک نابینم لەوەی کە بڵێم بارودۆخی ئەمنی رێگرە لە وەبەرهێنان.

**رووداو: ئایا هیچ بەربەستێک هەیە بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە کوردستان؟**

**ئەیاڵ فرانک:** هیچ مەترسی و بەربەستێکی ئەوتۆ نییە، بەڵام ئەو بەربەستەی کە رووبەڕووی دەبمەوە ئەوەیە هەندێکجار کوردستان وەک ناوچەکانی دیکەی عێراق تەماشا دەکرێ. جۆرە تێڕوانینێکی لەوجۆرە هەیە لەلای هەندێ لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان، چونکە هەرێمی کوردستان لەناو عێراقدایە و عێراقیش بە بارودۆخێکی ئەمنی قورسدا دەڕوات، بۆیە خەڵکی دوودڵن تەنانەت لە چوونە هەولێریش. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەنجوومەنەکە روونکردنەوەی ئەو راستییەیە بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان کە کوردستان ناوچەیەکی سەلامەتە بۆ وەبەرهێنان لە عێراقدا.

**رووداو: تەنیا هانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان دەدەن بۆ چوون بۆ کوردستان یاخود هەوڵدەدەن وەبەرهێنەرانی کوردیش بهێننە ئەمریکا؟**

**ئەیال فرانک:** هاوکاری و پشتگیری ئەنجوومەنەکە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی لە کوردستان کاردەکەن و دەیانەوێ وەبەرهێنان لە ئەمریکا بکەن ئەوەندە نەبووە کە بە هیوا بووین ئەنجامی بدەین. جگە لە کۆمپانیای ئەمریکی ئەنجوومەنەکە ئەندامی کۆمپانیاشی هەیە کە لە کوردستان کاردەکەن. بەهیوایـن کۆمپانیای زیاتر پەیوەندی بە ئەنجوومەنەکەوە بکەن. لەگەڵ بەهێزبوونی ئەنجوومەنەکە بەهیوای کردنەوەی ئۆفیس و نوێنەرایەتین لە کوردستان.

**رووداو: ئایا بوارێکی تایبەت هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان حەز بکات کۆمپانیا ئەمریکییەکان وەبەرهێنانی تێدا بکەن؟**

**ئەیال فرانک:** چەندین هەلی وەبەرهێنان هەن، هەر لە کشتوکاڵەوە تاوەکو وزە و بواری گەشتیاری.



پێی ناوەتە 94 ساڵی تەمەنیەوە. یەکێکە لەو چەند کەسەی کە ساڵی 1938 کۆمەڵەی دارکەریان دامەزراندووە. ئەو کۆمەڵەیەی بووە بناغە بۆ حیزبی هیوا. پاش هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا دەبێتە ئەندامی حیزبی شیوعی عێراقی و لەماوەی ئەو ساڵانەدا دوو جار زیندانی کراوەو ساڵانێکیش وەزیری ئاودێریی عێراق بووە لەپشکی حیزبی شیوعی. بۆ گێڕانەوەی هەندێک لەو بیرەوەریانە چووینە ماڵەکەی لە گەڕەکی ئاشتی شاری سلێمانی، لەدەرگای ئەو خانووەی کە تێدا دەژی و دەکەوێتە ناو باخچەکەی سەعید بەگ، چاوەڕوانی دەکردین. پیاوێکی شیکپۆش، تەمەنی هێشتا زەفەری بە بەژن و باڵای نەبردووە و قنج و قیت، زۆربەی یادەوەرییەکانی لەبیرماوە. وەکو خۆی بۆی باسکردین، هەموو بیرەوەرییەکانی لە چەندین بەرگدا نووسیوەتەوە. لەو ژوورەی کە دەیڕوانییە سەر باخچەکە، گفتوگۆکەمان تێکەڵ بە نەغمەی ئەو باڵندانە دەبوو کە بەناو دارەکاندا دەهاتن و دەچوون. مامۆستا موکەڕەم بە دڵێکی کراوەوە گوێی بۆ شلکردین و وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین

2-2

## موکەڕەم تاڵەبانی:

# بە عادل مورادم گوت ئەو زەمانەی مەلا مستەفا چەکی بەشانەوە بوو تۆ لە کۆڵان هەڵماتێنت دەکرد

**ڕووداو: لە مفاوەزاتی ساڵی 1970دا هیچ ڕۆڵێکت هەبوو؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** ساڵی 1970 ئەو یاداشتەم پێشکەشکردن و تێیدا باسی ئەوەم کردبوو کە حوکمی زاتی چۆن بێت، داواشیان لێکردم کە پرۆژەیەکیان بەناوی (قانونی حوکمی زاتی) بۆ ئامادە بکەم، ئەوەشم بۆکردن. لە کۆنگرەی حیزبی خۆیان دراسەتی ئەوەیان کردبوو، موافەقەتیان کردبوو لەسەری. کاتێکیش داوایان لە مەلامستەفا کرد نوێنەرێک بنێرێت بۆ لایان بۆ گفتوگۆ، ئەو دارا تۆفیقی نارد. ئەوکاتە مەلا مستەفا لەگەڵ حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف وا ڕێککەوتبوو کە لامەرکەزی ئیداری بدرێتە کوردستان، هەر هەمان شتی بە سەددامیش گوتبوو. سەددام گوتبووی: "ئەو قوربانییەی ئێوە داوتانە لەم شۆڕشەدا لە ئاستی لامەرکەزیەتی ئیداری نییە، بۆ داوای ئۆتۆنۆمی ناکەن". ئیدی لەسەر ئەو ئەساسە مفاوەزات کرا، ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی و جەماعەت هاتن و ڕۆیشتن مفاوەزاتیان دەکرد تا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەیاننامەی ئادار دەربچێت و کورد بە پێنج وەزیر بەشداری لە حکومەتدا بکەن. ئێمە هێشتا بەشداریمان نەکردبوو، چونکە گەلێک بابەت هەبوون لە نێوانماندا چارەسەر

## بە سەددامم گوت قاوەکەت ناخۆمەوە

نەکرابوون. ئێمە داوامان دەکرد بەرەیەکی کوردستانی و بەرەیەکی نیشتیمانی سێ قۆڵی لە حیزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی دابمەزرێت. ئەوەبوو نوێنەری هەرسێ حیزبەکە مفاوەزەیان کرد، بەڵام دوایی پارتی دیموکراتی کوردستان کشایەوە، ئێمە هەر بەردەوام بووین، هەندێک شت هەبوو لە نێوانماندا چارەسەر نەکرابوون، بۆ نموونە مەسەلەی یەکێتی عەرەب و مەسەلەی هەڵوێست لە ئیسرائیل و هەندێک شتی دیکە. بەڵام لە ساڵی 1972 کە نەوت خۆماڵی کرا، ئێمە بمانویستایە یان نا، خۆمان لە خەندەقێکدا دەبینییەوە لەگەڵ حیزبی بەعس لە دژی کۆمپانیاکانی نەوت و ئەو حکومەتانەی لە پشتیانەوە بوون. لە ساڵی 1972 بە دوو وەزیر بەشداریمان لە حکومەتدا کرد، بەڵام هێشتا بەرەی نیشتیمانی دانەمەزرابوو، لەو ماوەیەدا هەر لە گفتوگۆدا بووین تا هەردوو حیزب لەسەر بەرنامەیەک ڕێکبکەون و بەرەی نیشتیمانی دابمەزرێنن.

**ڕووداو: کەی بۆ یەکەمین جار مستەفا بارزانیت بینی، هەڵسەنگاندت بۆ کەسایەتی بارزانی چییە؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** مەلا مستەفا تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. ساڵی 1931 لەو ڕاپەڕینەی لەدژی حکومەتی عێراق بەرپایان کرد، دەوری هەبوو، بەڵام شێخ ئەحمەد دیارتر بوو لەو ڕاپەڕینەدا. دوای ئەوەش بەردەوام بوو، کۆڵی نەدا، دوای ئەوەی کە دەستبەسەریش کرا هەر کۆڵی نەدا. تایبەتمەندییەکی دیکەی بارزانی ئەوە بوو، ڕێگای نەدەدا کەس تەجاوەزی زەعامەتی بکات، ئەمە مەیزەیەکی خراپ نییە، ڕەنگە هەندێک بە دیکتاتۆری ناوبەرن، بەڵام ئەوە وانییە. هەروەها دۆست و و دوژمنی لێک جیادەکردەوە و دەیزانی کامە دوژمنە، کاتێکیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد، لە پێناو مەسڵەحەتی میللەتی کورد دەیکرد، بەڵام دەیشیزانی ئەمە دوژمنی کوردە و بڕوای پێنەدەکرد. مەلا مستەفا تا دوا نەفەسی کۆڵی نەدا، نیو سەدە برنەوی کردە شانی و بەناو شاخەکانی کوردستاندا گەڕا و سەرکردایەتی شۆڕشی کرد، مەلا مستەفا ئەوە بوو، کەس ناتوانێ ئینکاری بکات. ئەوکاتەی ناکۆکی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەبوو، عادل موراد لە هەندێک ڕاگەیاندندا لەدژی مەلا مستەفا قسەی دەکرد. لەو دواییەدا مام جەلال و هەندێک لە هاوکارەکانی هاتنە لام. گوتم کامتان عادل مورادن؟ یەکێکیان وەڵامی دامەوە، گوتی: من. پێمگوت وەرە لامەوە دانیشە! گوتم ئەو مەلا مستەفایەی کە تۆ پێیدەڵێی ئاشبەتاڵی کرد، نیو سەدە چەکی بەشانەوە بوو بە شاخەکانی کوردستاندا سووڕایەوە، ئەو زەمانە تۆ منداڵ بوویت و لە کۆڵانەکاندا هەڵماتێنت دەکرد، عەیب ناکەیت ئەو قسانە دەکەیت؟

ئەوە ڕای شەخسی منە لەبارەی مەلا مستەفا، ئەوە هەر ڕای منیش نییە، خەڵکی دیکەش پێیانوایە.

**ڕووداو: نەتگوت یەکەمجار کەی مستەفا بارزانیت بینی؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** یەکەمجار لەساڵی 1943 مەلا مستەفام بینی. دوای ڕاپەڕینەکەی بارزان، ئەو هەر لە کوردستان بوو، بانگیان کرد بۆ بەغدا، لەگەڵی ڕێککەوتن کە بارزانییەکان و شێخ ئەحمەد بگەڕێنەوە بۆ ناوچەی بارزان، ئەو وەختە من قوتابی بووم لە کۆلێژی حقوق، ئەندامی سەرکردایەتی یانەی کوردانیش بووم، یانەکەمان دەعوەتێکی بۆ بارزانی ڕێکخست و لەوێ بینیم. دوای ئەوەش چەند جارێکی دیکە بینیم، دواجاریش لەساڵی 1974 بوو، تەقریبەن هەفتەیەک پێش ئەوەی شۆڕش هەڵگیرسێتەوە. ئێمە جەماعەتێک بووین، من، کەریم ئەحمەد و عەزیز محەممەد هاتین بۆ کوردستان، ئەوکاتە مەلا مستەفا لە دیلمان بوو، ئیدریس و مەسعود بارزانیشی لەگەڵ بوو. چووینە لای دانیشتین، هەوڵمان دەدا ئەو شەڕە نەکات، چونکە وەزعەکە گۆڕا بوو بە نیسبەت حکومەتی بەعس و جێگاوڕێگای لە جیهاندا، پاشان ئەوانەی پشتگیرییان لە شۆڕش دەکرد جێی متمانە نەبوون، واتە ئەمریکا و حکومەتی شای ئێران. بەهەرحاڵ شەڕەکە ڕوویدا و ئەوەبوو شکستی هێنا.

**ڕووداو: کێ تۆی ڕادەسپارد کە ببیتە ناوبژیوان لە نێوان حکومەت و شۆڕشی کورد؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** کاتێک پەیوەندی حیزبی بەعس و شۆڕشی کوردستان تێکچوو، پەیوەندی شای ئێرانیش لەگەڵ ئێمە تێکچوو. من تاوەکو ساڵی 1979 وەزیر بووم، واتە لە 1972 تاوەکو 1979 کە سەرکردایەتی حیزب چوونە دەرەوە و خۆیان دەربازکرد و ڕۆیشتن. ئەوەبوو داوایان لەمن کرد ئیستیقالە بکەم، لەوکاتەوە هەتا ساڵی 1986 پەیوەندیم بە حکومەتەوە نەمابوو، ئەوە بوو چووم لە ماڵەوە دانیشتم. لەوکاتەوە هەتاکو 1986 من پەیوەندیم نەمابوو لەگەڵ حکومەت. ماوەیەک بە توندی منیان خستبووە ژێر چاودێری. لەساڵی 1986 پیرۆت تاڵەبانی کە ئامۆزامە لەگەڵ کەمال شاڵی کە خەڵکی سلێمانییە، لەگەڵ سێ کەسی دیکە بە لە سێدارەدان حوکمدران. من تەسەورم نەدەکرد سەددام ئەو حوکمە ئیمزا بکات، بەڵام ڕۆژێک فەتاح شاڵی هاتە لام و گوتی: کار لەکار ترازاوە، چوومەتە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی گوتیان مەرسومی جێبەجێکردنی حوکمەکەمان چاپ کردووە و ناردوومانە بۆئەوەی سەددام ئیمزای بکات. ئەگەر نەگەیتە هاواریان لە دەست دەرچووە". من تەسەورم نەدەکرد گوێم لێبگیرێت، چونکە ماوەی حەوت ساڵ بوو پەیوەندیم لەگەڵیان نەمابوو، بەڵام گوتم با هەرنەبێ با بڵێن شتێکی کردووە.

## بۆ سەددامم نووسیبوو لە مێژوودا بیستووتە سەرۆکێک بەم ڕادەیە لەگەڵ میللەتی خۆی خراپ بێت

سەعات هەشت بوو چوومە پرسگەی کۆشکی کۆماری، وەرەقەیەکم نووسی و داوای موقابەلەی سەددامم کرد، سەعات نۆ تەلەفۆنیان بۆ کردم گوتیان سەعات 10 موقابەلەت هەیە لەگەڵ سەرۆک، ئۆتۆمبێلت بۆ دەنێرین و خۆیان دەتهێنن بۆ کۆشکی کۆماری. ئەوەبوو بە گەرمی پێشوازی لێکردم. هەندێ شتی گوت. گوتی ئەگەر لە وەزارەت دەرنەچوویتایە وەکو حەلەقەی پەیوەندی دەمایتەوە، ڕەنگە هەندێک کێشە چارەسەر ببوونایە، گوتم: من بۆ ئەوە نەهاتووم، حیزب بۆ ئەمە تەخویلی نەکردووم بێم و باسی ئەم شتانە بکەم، هاتووم بۆ شتێکی دیکە. قاوەی تاڵیان بۆ هێنام، قاوەکەم وەرگرت و سەددامیش قاوەکەی خۆی وەرگرت، لەسەر مێزەکە دامنا، سەددام تێگەیشت کە تەڵەبێکم هەیە، دیارە ئەمە لە عەشایریدا وایە. قاوەکەم نەخواردەوە. سەددام سەیری دەکرد و سەیری منیشی دەکرد، گوتی: "قاوەکەت نەخوارد"، گوتم: وەڵا داواکارییەکم هەیە لای جەنابتانە، ئەگەر بۆمی بکەن زۆر منەتبار دەبم و قاوەکەشت دەخۆمەوە، ئەگەر بۆیشم نەکەیت هەر منەتبار دەبم ،چونکە قەبوڵت کرد موقابەلەم بکەیت، بەڵام قاوەکەت ناخۆمەوە. نەختێک قسەی کرد و گوتی: "بۆ وایان کرد؟". گوتم: من بۆ ئەوە نەهاتووم بڵێم کردوویانە یان نەیانکردووە، عودەی کوڕتیان کوشتووە و هاتووم ڕجایان بۆ دەکەم. نەختێ بیری کردەوە و گوتی: "قاوەکەت بخۆرەوە"، دای لە جەڕەس و سکرتێرەکەی بانگ کرد و گوتی: "مەرسومێک دەربکەن بۆ عەفوکردنیان". لەو فەترەیەدا کە پێکەوە دانیشتبووین دەستی کردە قسەکردن، کوردەکان ئەمەیان کرد و شیوعییەکان ئەوەیان کرد. گوتم: من نە لەلایەن کوردەوە مخەوەل کراوم و نە لەلایەن شیوعییەکانەوە هاتووم، بۆ مەسەلەیەکی تایبەتی هاتووم و سوپاست دەکەم کە کێشەکەت چارەسەر کرد. پاشان کە چوومە ماڵەوە بیرمکردەوە و گوتم: وەزعی کوردستان خراپە، ئەوەتا شەڕی ئێرانە و کوردستان بووەتە گۆڕەپانی شەڕ بەبێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی هەبێ لەم شەڕەدا، گوتم: بۆچی نەڵێم بۆ دووبارە لەگەڵ کورد مفاوەزات ناکەیت؟. نامەیەکی دیکەم نووسی و دووبارە داوای موقابەلەم کرد. تێیدا باسی کێشەی کوردم کرد و باسی تێکچوونی بەرەکانی شەڕ و شتی لەو بابەتانە. ئەوەبوو ناردی بە شوێنمدا، منیش چووم بۆ لای، بەردەوام دەیگوت: "کوردەکان لەگەڵ ئێران لە دژی ئێمە وایان کرد و ئەمەیان کرد". منیش گوتم: باشە چی بکەن؟ تۆ ڕێگەت نەداون هیچ بکەن، ئەگەر بەڕێزتان وەختەکە بە گونجاو دەزانن، من ئامادەم بکەومە بەینەوە، لەوە زیاتر هیچ دەسەڵاتێکم نییە. پاش موناقەشەیەکی زۆر گوتی: "باشە تۆ لە نێوانماندا بە". من ئەوکاتە چووم بۆ ئەو دێیەی شێخ عەتای برامی لێبوو، لەوێ چوار نامەم نووسی، یەکێک بۆ کاک مەسعود، یەکێکیش بۆ مام جەلال، بۆ ڕەسوڵ مامەند و عەزیز محەممەد، بە براکەم گوت: تۆ دەتوانی دەستاودەست ئەمانە بگەیەنیتە دەستیان. زۆری خایاند تا نامەکان گەیشتبوونە دەستیان، چونکە بارەگاکانیان لەسەر سنووری ئێران و شوێنی دوور بوو. ئەوەبوو یەک یەک وەڵامیان بە ئیجابی هاتەوە و ئامادەبوون بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەت لەسەر بنەمای ئەوەی چاو بە یاسای حوکمی زاتیدا بخشێنرێتەوە.

**ڕووداو: ئەو لایەنانە کێ بوون کە ڕازی بوون بە گفتوگۆ؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** هەموو لایەنەکان بە باشی وەڵامیان دابووەوە، بۆ نموونە نامەکە نەگەیشتبووە مام جەلال، کاک نەوشیروان یەکسەر وەڵامی دابووەوە، هەتا ئێستا 4 نامەی لامە کە گوتوویەتی ئێمە ڕازین بە مفاوەزات، یەکەم کەس کە وەڵامی دامەوە ڕەسوڵ مامەند بوو، ئەویش لەڕێی شێخ محەممەد شاکەلییەوە نامەیەکی نووسیبوو کە ئامادەن، پاش ئەو نەوشیروان مستەفا، لەیەکێتی وەڵامی دایەوە.

**ڕووداو: ئەو گفتوگۆیانە ئەنجامیان هەبوو؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** ئەنجامی چی هەبێت، حیزبەکان لەناو خۆیاندا یەک نەبوون، ئەوکاتە هێشتا بەرەی کوردستانی پێکنەهاتبوو، عەزیز محەممەد نووسیبووی: " ئەم ئیشە بە نامە ناکرێت، دەبێت یەکتر ببینین، چونکە نامەکەی تۆ پاش مانگێک بە من گەیشتووە". لەو کاتەشدا کە نامەکەی منی پێگەیشتبوو مانگی ئایار بوو کە ئەنفال ڕوویدا.

**ڕووداو: ئەو جارانەی سەددام حوسێنت بینی باسی ئەنفالت لەگەڵ کرد؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** ئەوکاتە نامەیەکم بۆ نووسی، من نەمدەزانی مەسەلەی ئەنفال چۆن ڕوویداوە، ئێستاش نوسخەی نامەکەم لەلا ماوە کە نووسیومە: "بسم الله الرحمن الرحيم، واذا الموؤدة سئلت باي ذنب قتلت"، بەم ئایەتەی قورئان دەستمپێکردووە: "جەنابی ڕەئیس لە مێژوودا بیستووتە سەرۆکێک بەم ڕادەیە لەگەڵ میللەتی خۆی خراپ بێت، ئەگەر لە میللەت ناترسی، لە خواش ناترسی؟". بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە. ئێمە بەردەوام بووین لەو پەیوەندییە، ئەوکاتە یەکێتی سۆڤیەت دەیزانی مەترسی لەسەر ناوچەکە چۆنە، بۆیە پشتیوانیی لەوە دەکرد کە تێگەیشتن هەبێ لە نێوان شۆڕشی کوردستان و حیزبی شیوعی و حکومەتی عێراق، لەبەرئەوە هەموو ئیمکانیەتێکیان خستە بەردەستم تا بتوانم دەعوەتیان بکەم بۆئەوەی لە پراگ یان لە مۆسکۆ لەگەڵیان کۆببمەوە، ئەوەبوو چەند جارێک چوومە پراگ و مۆسکۆ و لەگەڵیان دانیشتم، دوای ئەوە چوومە لەندەن و لەگەڵ هۆشیار زێباری کۆبوومەوە. هەموویان ئامادە بوون. حیزبە کوردستانییەکانیش لە نێوان خۆیاندا ڕێک نەبوون، هەمیشە تەئکیدم لەسەر ئەوە دەکردەوە کە نوێنەر دەنێرن بۆ بەغدا با هەموویان پێکەوە بێن، نەک بە تەنیا، ئیتر هاتوچۆی من و نووسینی من دەوامی کرد تاوەکو لە ساڵی 1990 شەڕی کوێت ڕوویدا. لەساڵی 1991 ڕاپەڕین دەستیپێکرد، لەو ماوەیەدا بەرەی کوردستانی دروستکرابوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەڵوێستێکی بەهێزیان هەبێت بەرامبەر بە حکومەت، لەوکاتەدا کە کورد ڕزگاری بوو لە سلێمانی و دهۆک و هەولێر، سەددام داوای لێکردم بچم بۆ کوردستان. گوتم چیت دەوێ لە کوردستان بیکەم؟ گوتی: "نەدەبووایە بێنە ناو شارەکانەوە، بە تایبەتی کەرکووک و ئەوشوێنانە، ئێمە دەمانتوانی بە وتووێژ ئەو کێشانە چارەسەر بکەین، ئەوەی ئێستا دەمانەوێت، پاڵێوگەی نەوت لە شەڕەکەدا لێی نەدراوە، ئەوەندە نەوتمان بدەنێ کە پێویستی ناوخۆیی خۆمان دابین بکەین، شتێکی دیکە ئەوەیە ئەو ڕێگەیەی کە لە تورکیا و ئەورووپاوە بەناو کوردستاندا خۆراک و پێویستییەکانمانی لێوە دێت نەگرن". گوتم باشە ئاسانە، ئەوەبوو لە ڕێی تکریتەوە هاتم بۆ کەرکووک، سەیرم کرد لەوێ شتێکی دیکەیە، لە تکریتەوە تا کەرکووک 250 دەبابەم ژمارد.

**ڕووداو: دواجار کەی سەددام حوسێنت بینی؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** سەرەتا سەددام حوسێنم نەدەناسی، ئەویش زۆر خۆی دەرنەدەخست لە ئەنجوومەنی وەزیراندا، هەندێ جار سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکرد، ڕۆژێک لەناو ئەنجوومەن ناخۆشییەک لە نێوانمان ڕوویدا، من تووڕە بووم و ئیزبارەکەم فڕێدایە سەر مێزەکە و چوومە دەرەوە، سێ جار کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران کرا من ئامادەی نەبووم، دوایی کە هێڵی نەوتی حەدیسە بۆ بەسرە کرایەوە، ئاهەنگێکیان سازکرد و هەموو وەزیرەکان

## لەگەڵ ئەوە نەبووم سەددام لەلایەن ئەمریکییەکانەوە لەسێدارە بدرێ

ڕۆیشتین، سەیرم کرد سەددام حوسێن و کۆمەڵێکی زۆری قیادەی حیزب لەوێ بوون، منیش لەگەڵ وەزیرە کوردەکاندا وەستابووم، هات دەستیکردە ملم و گوتی: "من ئەو ڕۆژە لە سنووری خۆم دەرچووم، داوای لێبووردن دەکەم". ئەو ئیعتیزارەی لەبەردەم هەموو وەزیرەکاندا هێنایەوە، سەددام وەکو کەس نەبوو، ئەگەر خراپەی بکردایە هیچ ڕێگەیەکی پاشەکشەی بۆخۆی نەدەهێشتەوە، چاکەشی بکردایە کەس وەکو ئەو چاکەی نەدەکرد، وەک ئەو نموونەیەی بۆم باسکردی، کاتێ گوتم قاوەکەت ناخۆمەوە، دەستبەجێ پێنج کەسی لە ئیعدام عەفوو کرد، یەکێک هەبوو لە پارتیدا بە ناوی نیزامەددین گلی، شەو سەعات یەک هاتن پێیانگوتم: "تەبلیغ کراوین بەیانی سەعات 9 نیزامەددین لەسێدارە دەدرێت، دەبێ بچین جەنازکەی بێنینەوە، بۆ خاتری خوا شتێکمان بۆ بکە". من نەمدەزانی بەو سەعات یەکی شەوە چی بکەم، نازانم سەددام لە کوێ دەخەوێت، پێمگوتن ئێوە تابووت بەرن چونکە من دەسەڵاتم نییە، بەڵام بەیانی ئەوەی پێمبکرێ دەیکەم. بەیانی نامەیەکم نووسی و تەلەفۆنم کرد بۆ سکرتێرەکەی سەددام، گوتم: ئەمڕۆ یەکێک ئیعدام دەکرێت لە سلێمانی. گوتی: "بەڵێ دەزانین". گوتم: کێت لەلایە؟ گوتی: "ڕەئیسی دیوانی جمهوری". گوتم: بزانە دەتوانن ڕۆژێک بۆم دوابخەن؟ گوتی: "بەڵێ دەتوانین". پێمگوت: باشە، نامەیەک دەنێرم بۆ سەرۆک، چۆن بینێرم؟ گوتی: "ئێستا یەکێک دەنێرم لێت وەربگرێت، ئەمڕۆ دوو وەفدی هەیە ئەگەر بتوانم لە بەینی ئەو دوو وەفدە نامەکەی پێبگەیەنم باشە، ئەگەرنا ئەوە هیچ، چونکە دەردەچێت و دەڕوات". نزیکەی سەعات 10ی بەیانی سکرتێرەکەی تەلەفۆنی کرد و گوتی: "بۆت بخوێنمەوە کە سەرۆک چی لەسەر کاغەزەکە نووسیوە؟ گوتی نووسیویەتی "يعفى من جميع العقوبات ويعاد لە جميع حقوقه". ئەوە بوو نیزامەددین کە خۆی حاکم بوو، چوون جەنازەکەی بێننەوە، کەچی لەوسەرەوە بە دەهۆڵ و زوڕناوە هاتنەوە و پاشان گەڕاندیانەوە سەر کارەکەی. بەڵام سەددام کیمیاوی و ئەنفال و کوشتوبڕیشی هەبوو، تەنیا هەر بەرامبەر کوردیش ئاوا نەبوو، بەڵکو بەرامبەر شیعە و تورکمان و تەنانەت بەرامبەر حیزبی بەعسیش هەروا بوو. کە هاتە سەر حوکم 24 کەسی لە قیادەی حیزب دایە بەر گوللە و کوشتنی. 300 کەسی خستە زیندانەوە و کەسیان دەرنەچوون، لە سوننەی عەرەب ئەوانەی ببوونە ئیسلامی توندڕەو بە سەدانی لێ ئیعدام کردن.

## سەددام ئەگەر خراپەی بکردایە هیچ ڕێگەیەکی پاشەکشەی بۆخۆی نەدەهێشتەوە

**ڕووداو: تۆ وەکو پارێزەرێک ڕات چی بوو لەسەر شێوازی لەسێدارەدانی سەددام؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** لەگەڵ ئەوە نەبووم ئەمریکا لە سێدارەی بدات، هەر هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق داگیرکاری بوو، لە شەڕەکەی کوێتدا سەددام داوای لێکردم بچم بۆ مۆسکۆ تاوەکو ڕازییان بکەم لە کوێت بمێنێتەوە، ئەوەبوو کە چووم سەعدون حەممادی سەرۆک وەزیرانی عێراق و تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەش لەوێ بوون، گوتیان: "تۆ چیت هێناوە؟". گوتم: ئەوان بۆ شتێک هاتوون و منیش بۆ شتێکی دیکە، ئێستا خەتەر لەسەر عێراق هەیە و لەوانەیە داگیر بکرێت، هاتووم بۆ ئەوەی تەنسیق بکرێ ئێمە و ئێوە سەددام حوسێن قایل بکەین بەبێ شەڕ لە کوێت دەرچێت و بگەڕێتەوە.

ئەو کاتەش کە لە سێدارە درا دەبووایە میللەت لە سێدارەی بدات، نەک لەلایەن ئەمریکییەکانەوە، هەندێ کەس دەڵێن ئەگەر ئەمریکا نەبووایە سەددام نەدەڕووخا، نەخێر وا نییە، میللەت دەیتوانی بیڕووخێنێ. لەساڵی 1991 سەددام حوسێن بەدڵنیاییەوە دەڕووخا، هەموو چەکە بەهێزەکانیان لەبەرەی شەڕدا بەجێهێشت، عەسکەر بەپێی پەتی ڕایکرد، بەڵام کە ڕاپەڕین لە باشووری عێراق و لە کوردستان دەستیپێکرد، هەموو ئەو چەکانەی هێنایەوەو کوردستانی پێ داگیر کرد.

**ڕووداو: لەگەڵ ئەوەدای باشووری کوردستان جیاببێتەوە لە عێراق و دەوڵەتێکی کوردی دروست بێت؟**

**موکەڕەم تاڵەبانی:** لەڕووی مەبدەئییەوە کوردستان مافی خۆیەتی جیاببێتەوە، ئێستا کوردستان ئاسۆیەکی هەیە تاوەکو بتوانێت خۆی بەڕێوەبەرێت، بەڵام ئەگەر حکومەتی بەغدا حکومەتێکی دیموکراتی ڕاستەقینە بێت، ئەوا لە حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێزدا بێت باشترە، بەڵام وەکو ئێستا کە موحاسەبە دەکرێت لەسەر هەموو شتێک، دەبێت هێواش هێواش جیاببێتەوە و حکومەتی خۆی رابگەیێنێ.



## نەمسا ئاینی ئێزدی بە فەرمی دەناسێت

**رووداو- نەمسا**

حکومەتی نەمسا لە راگەیەنراوێکدا ئاینی ئێزدی، وەکو ئاینێکی فەرمی لەو وڵاتە ناساند و، بە نووسراوێکیش هەموو دەزگاکانی وڵاتی لێ ئاگادار کردەوە. حکومەتی نەمسا بەو هەنگاوە دەبێتە یەکەم دەوڵەتی یەکێتی ئەوروپا کە ئاینێکی کوردی بە فەرمی بناسێنێ. لە ساڵی 2011شدا حکومەتی جۆرجیا، ئاینی ئێزدی بە فەرمی لەو وڵاتە ناساند. دوای ئەو بڕیارەی حکومەتی نەمسا، چاوەڕێ دەکرێت ئێزدییەکانی ئەڵمانیاش کە ژمارەیان نزیکەی 100 هەزار کەس دەبێت بکەونە خۆ بۆ ئەوەی ئاینەکەیان لە ئەڵمانیاش بە فەرمی بناسرێت.

# ئەمنستی لەسەر پەناخوازانی کورد رەخنە لە بولگاریا دەگرێ

**زنار ئالا**
**رووداو- بولگاریا**

تەلەڤزیۆنی (Euronews)ی ئەوروپی لە ریپۆرتاژێکی 9 خولەکیدا لەبارەی کێشەی پەنابەرانی سووریا لە بولگاریا باسی چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی سنووری ئەو وڵاتە دەکات لەگەڵ تورکیا. هەروەها ئاماژە بە هەلومەرجی نالەباری ژیانی ئەو پەنابەرانە دەکات لەو وڵاتەدا کە زۆربەیان کوردن.

ئیڤان ئیڤانۆڤ، بەرپرسی خاڵی سنووریی 19 لەگەڵ تورکیا دەڵێت ئەوان چەندین خێزانی پەنابەریان دەستگیرکردووە کە هەوڵیان داوە بە قاچاخ بچنە نێو خاکی بولگاریا.

ئیڤانۆڤ لەنێو دارستانێکی سەر سنوور باسی ئەو خێزانانەی کرد کە منداڵێکی بچووک لە باوەش دەگرن و هەوڵی بەزاندنی سنوور دەدەن. بە سەرسوڕمانیشەوە دەڵێ "بینینی ئەم خێزانانە لەگەڵ منداڵەکانیان تووشی شۆکی کردین. ئەمە کارێکی نابەرپرسیارانەیە. بیر لەوەبکەنەوە ئەمانە چۆن دەتوانن لەگەڵ منداڵی بچووک ئەم سنوورانە ببەزێنن."

### سنوورەکانی تەلبەند دەکات

بەپێی راپۆرتەکەی (Euronews) ، بولگاریا هاوشێوەی یۆنان پلانی هەیە کە سنوورەکانی خۆی تەلبەند بکات لەگەڵ تورکیا بۆ ئەوەی رێگە لە کۆچی نایاسایی پەنابەران بگرێت.

ئیڤانۆڤ ئاشکرای کرد "ساڵی رابردوو 10 هەزار پەنابەر سنووری بولگاریایان بەزاندووە کە ژمارەیەکی زۆریان کورد بوون، 1648 پەنابەر لە کەمپی هارمانلی دەمێننەوە تاوەکو پەنجەمۆریان وەربگرن. چەند رۆژێک لەمەوبەر ئەو چادرانەی کە پەنابەران تێیدا دەژیان و هیچ ئامرازێکی گەرمکردنەوەیان تێدا نەبوو، لەلایەن سوپاوە لادران. لە جیاتی ئەوان کابینەی تازەیان دانان کە پێداویستی ژیانی تێدایە."



خەنسا عەبدولڕەحمان لە کەمپی هارمانلی کە منداڵێکی لەباوەش گرتووە و چوار منداڵی دیکەش لەبەردەمیدا راوەستاون، دەڵێ "دەمەوێ بچمە ئەڵمانیا بۆ لای هەردوو براکانم و لەگەڵ ئەو شەش منداڵەم دارستانی سنوورمان بەزاند". گوتیشی "رەوشمان زۆر خراپ بوو، زۆر ماندووبووین تاوەکو گەیشتینە ئێرە".

حەسەن حەسۆش کە لەنێو کەمپەکەدا دەژیت، بەمشێوەیە باسی هێرشی توندڕەوە ئیسلامییەکان و شەڕی سەرێکانی دەکات "ئێمە کوردی ئێزدین، گروپێکی تیرۆرستی ئیسلامی هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکردین و خانووی ئێمەیان تێکدا. هەروەها زۆر گوندی ئێزدینشینیان کاول کرد، منداڵەکانم تەنانەت شوێنی خەوتنیشیان نەبوو، بۆیە رامانکرد."

فاتیمە رۆستەم و یوسف موسا لەگەڵ منداڵەکانیان لە شاری دیمەشق دەژیان. کاتێک دەبینن ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن و پیاوی چەکداری دەمامکدار لەنێو گەڕەکەکەیاندا هاتوچۆ دەکەن، لەوە ترسان کە شەڕێکی کیمیاوی رووبدات. بۆیە روویانکردە وڵاتی بولگاریا. فاتیمە دەڵێت "گوتمان ئەگەر بمرین چی بەسەر منداڵەکانماندا دێت. بۆیە بڕیارماندا شاری دیمەشق جێبهێڵین".

محەممەد حوسێن کە لە شاری حومسی سووریا ئەندازیاریی پەترۆکیمیاوی خوێندووە، لەنێو کەمپی هارمانلیدا خواردن بەسەر پەنابەراندا دابەش دەکات. ئەو باسی رووداوی رفاندنی خۆی و 16 خوێندکاری کورد دەکات لەلایەن گرووپێکی توندڕەو و دەڵێ "توندڕەوەکان کە شمشێریان بەدەستەوە بوو، یەکێکیان گوتی ئێستا 17 خوێندکاری کوردمان لەبەردەستە، من سەری دووانیان دەپەڕێنم. کەسێکی دیکەش گوتی منیش ملی یەکێکیان."

### دژایەتی دەکرێن

لە زۆر وڵاتی یەکێتی ئەوروپا دەنگی پارتی نەژادپەرست لە دژی داڵدەدانی پەنابەران بەرزدەبێتەوە، ئەویش بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی پەنابەرانە. لە بولگاریا پارتی ئاتاکای راستڕەو کە لەگەڵ سۆسیالیستەکاندا حکومەتی ئەو وڵاتە بەڕێوەدەبەن، بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ پەنابەری بیانی پێشان دەدات.

ماگدالێنا تاشێڤا، پەرلەمانتاری ئەو پارتە دەڵێت "ئێمە مەجبوور نین شوێن و خواردن بدەینە جیهادی، توندڕەو و ئیسلامییەکان، ئەمانە تیرۆرستن".

رێکخراوی خاچی سووری بولگاریا رایگەیاند دژایەتیکردنی بیانیان روو لە زیادبوونە. ئۆلیا ئەلئەحمەد کارمەندی خاچی سوور لەبەردەم ئەو قوتابخانە کۆنەی شاری سۆفیا کە ئێستا بووەتە کەمپی پەنابەران، دەڵێ "بولگارییەکان لە هاتنی بیانیان دەترسن، بۆیە دژایەتییان دەکەن، کاتێک پەنابەرێک لە کەمپەکە دێتە دەرێ بۆ کڕینی خواردن یان بۆ هەر کارێکی دیکە، لێیدەدەن."

هەر لەبارەی رەوشی خراپیان لەو شوێنە، نەغەم دریعی باسی هەلومەرجی نالەباری خۆیان دەکات و دەڵێ "یەک ئاودەست بۆ سەد کەسە و ئاویشی تێدا نییە".

نەغەم هەروەها دەڵێ هاوسەرەکەی دووجار لەلایەن چەکدارانی جەبهەتولنوسرەوە رفێنراوە، لەوە دەترسا شتێک بەسەر کچەکانیشی بێت "کچیان دەرفاند، منیش دایکم مەسیحییە و نەماندەتوانی لەنێو ئیسلامییە توندڕەوەکاندا بژین."

### ئەمنستی رەخنە لە بولگاریا دەگرێت

رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ) دوو هەفتە لەمەوبەر لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە رەفتاری دەسەڵاتدارانی بولگاریا لەگەڵ پەناخوازان "جێگەی شەرمەزارییە". باربارا کێرنووساکۆڤا، توێژەر لە ئەمنستی پێیوایە کە رەوشی پەناخوازان لەو وڵاتە زۆر خراپە "پێویستیان بە خواردن، شوێنی حەوانەوە و خزمەتی تەندروستی هەیە. هەروەها پەنابەران ترسی ئەوەشیان لەسەرە کە بەبێ هۆکار دەستبەسەربکرێن. تۆمارکردنی ناوەکانیان زۆر دوادەکەوێت. هەروەها بێبەش دەکرێن لە مافی پەنابەری".

سەرباری ئەو رەوشە زەحمەت و نالەبارە لە بولگاریا، بەڵام هاتنی پەنابەران هەر بەردەوامە بۆ ئەو وڵاتە. ئەوانەی لە تورکیا دەربازی بولگاریا دەبن، ئەگەر لەلایەن پۆلیسی سنوورەوە نەبینرێن و دەستبەسەر نەکرێن، ئومێدێکیان بۆ دەمێنێتەوە کە ئەویش ئەوەیە بتوانن بەزووترین کات لەو وڵاتە ئەوروپییە دەربچن و گەشتەکەیان بەردەوام بکەن بۆ گەیشتن بەو ئەوروپایەی خەونی پێوە دەبینن.

### گۆرانییەک لە غەریبی دا

عەممار ئۆمەر، کە پەنابەرێکی کوردە، خەون بەوەوە دەبینێت بگاتە ئەڵمانیا. بەڵام پۆلیسی بولگاریا ئەو خەونەی لەباربرد. عەممار لەگەڵ قاچاخچییەکان رێککەوتبوو کە لە تورکیاوە بیگەیەننە ئەڵمانیا و لە بەرامبەریشدا 8 هەزار یورۆیان بداتێ. بەڵام لە بولگاریا دەستبەسەرکرا و ناچاریش بوو 4 هەزار یورۆ بداتە قاچاخچییەکان. عەممار لە رۆژئاوا بژێوی ژیانی بەهۆی گۆرانیگوتن لە شاییەکاندا پەیدا دەکرد. بەڵام هەموو شتێکی فرۆشت و لە کۆتاییشدا لە شوێنێکی زۆر خراپ گیرسایەوە. عەممار لە کۆتایی ئەو ریپۆرتاژەدا بە گۆرانییەک هەستی خۆی دەربڕی و گوتی "هەی لاوکۆ، ل غەریبیێ بیریا تە دکم حەیرانۆ، کەنگی تو بێ ژ غەریبیێ وەر پێشیێ قوربانۆ".



## یەکێتی لاوانی کوردی جۆرجیا

# بەجەستە لە جۆرجیان و بە دڵ لە کوردستان

**ساڵحێ کەڤرپرێ**
**رووداو- تبلیسی**

لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو چەندین داوودەزگا و رێکخراوی کوردی لەلایەن کوردی جۆرجیاوە دامەزران، یەکێک لەو رێکخراوانەش یەکێتی لاوانی کوردی جۆرجیا بوو کە تاوەکو ئێستاش لە چالاکییە کەلتووری و فەرهەنگییەکانی بەردەوامە.

ئەو رێکخراوە کە لە ساڵی 1957 لە جۆرجیا لەلایەن کەرەمێ ئانقۆسێ دامەزراوە، ماوەی چەندین ساڵە بەهۆی پرۆژە، کارو چالاکییەکانیەوە هەوڵدەدات پەیوەندی دروستبکات لەنێوان لاوانی کوردی جۆرجیا و لاوانی وڵاتانی دیکە. ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم رێکخراوە کوردییە سازکردنی فێستیڤاڵی رۆشنبیری کوردی و دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان لاوانی کورد لەسەرانسەری جیهان. هەروەها پاراستن و پەرەپێدانی کەلتوور، زمان و هونەری کوردی.

ئەلێنا خودۆیانی، سەرۆکی لاوانی کوردی جۆرجیا بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت کە ئامانجیان ئەوەیە کارەکانیان لە چوارچێوەی جۆرجیا دەربچێ و لەسەرانسەری دونیا پەیوەندی دروستبکەن. خودۆیانی ئاماژە بەوە دەدات کە رێکخراوەکەیان لە جۆرجیا، کوردستان و ئەوروپاش کاردەکەن بۆ یەکێتی و تێکەڵبوونی لاوانی کورد. لەوبارەوە گوتی "پاراستن و پەرەپێدان بە کەلتوور و هونەری کوردی بۆ ئێمە وەکو نان و ئاو گرنگە."

ئەندامێکی دیکەی چالاکی ئەم رێکخراوە بەناوی بائیا ئەحمەدۆڤا باسی (رۆژانی رۆشنبیریی کوردی جۆرجیا) دەکات کە 6 مانگ لەمەوبەر لە تبلیسی پایتەخت لەلایەن ئەوانەوە ساز کرابوو "ماوەی چەند ساڵە ئێمە رۆژانی رۆشنبیری کوردی سازدەکەین. دواهەمینیان لەسەر رادیۆی کوردی، شانۆی کوردی و کۆمەڵی کوردی بوو کە چالاکییەکی زۆر خۆش و رێکوپێک بوو. رادیۆی کوردی ماوەی 35 ساڵە کاردەکات، بەڵام بەداخەوە شانۆی کوردی ئێستا نەماوە کە ماوەی 13 ساڵ کاری کرد."


خودۆیانی و ئەحمەدۆڤا دڵخۆش و رازین لە ئاستی کاری لاوانی کورد. ئەوان ئەگەرچی لە جۆرجیا دەژین، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن دڵ و هۆشیان لە کوردستانە. چاوەڕێش دەکەن دامودەزگای کوردی لە باکوور و باشوور ئاگاداری کار و چالاکییەکانیان بن و بتوانن بەیەکەوە کاری هونەری، رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بکەن.



ئەلێنا خودۆیانی، لەنا ئەلۆیان، بائیا ئەحمەدۆڤا

## لەسەردەمی خەلیلێ مورادۆڤدا

# رادیۆی یەریڤان گەیشتە لوتکە



مۆرادۆڤ داوای لە بارزانی کرد بە حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت بلێ کە ماوەی پەخشی کوردی زیاد بکەن

**ساڵحێ کەڤرپرێ**
**رووداو- یەریڤان**

کۆمەڵگای کوردی لە ئەرمەنستان لەماوەی 100 ساڵی رابردوودا زۆر کەسایەتی شایستەی پێشکەشی ئەو وڵاتە کردووە. هەندێک لەو کەسایەتییانە بوونەتە هێما و سیمبوڵی دامەزراندنی داوودەزگای جیاجیای وێژە، هونەر و کەلتووری کوردی.

خەلیلێ چاچان مورادۆڤ، یەکێکە لەو کەسانە کە لەساڵی 1957 تاوەکو 1981 بەڕێوەبەری رادیۆی کوردی بووە لە یەریڤان. ئەو ماوەیە بە "ماوەی زێڕین"ی رادیۆی یەریڤان دادەنرێت، بە سەدان دەنگبێژ و گۆرانبێژ روویان کردە رادیۆکە. سەرەتا سێ دەنگبێژ دەبنە میوانی ستودیۆی رادیۆکە (بێمالێ کەکۆ، سوسیکا سمۆ و مەمێ خودۆ) دواتر کارایێتێ خاچۆ و داوودی خلۆ دێنە رادیۆ و گۆرانییەکانیان تۆماردەکەن.

تێموری خەلیل، کوڕی خەلیل چاچان دەڵێت هەموو ئەم دەنگبێژانە لەسەردەمی باوکی هاتوونەتە رادیۆی یەریڤان "پێش سەردەمی باوکم فۆند نەبوو، دوای ئەو هاتە پێشەوە".

### بۆ دەنگبێژان ستۆدیۆی بەکرێ دەگرت

مورادۆڤ زۆر لە خەمی تۆمارکردن و ئەرشیفکردنی گۆرانی دەنگبێژانی کورددا بووە، هەموو کارێکی کردووە بۆ ئەوەی دەنگی دەنگبێژانی کورد لە رادیۆی یەریڤان نەبڕێت.

تێموور بەسەرهاتێکی باوکی دەگێڕێتەوە لەگەڵ دەنگبێژی بەناوبانگ شەڕۆیێ برۆ و دەڵێ "شەڕۆیێ برۆ لە تبلیسی دەژیا و نەدەهاتە یەریڤان. باوکم تایبەت بۆ بینینی ئەو چووە تبلیسی و بۆ ماوەی یەک هەفتە لەوێ مایەوە. ستۆدیۆیەکی لەوێ بەکرێ گرت و دەنگی شەڕۆی تۆمارکرد و هێنایەوە بۆ رادیۆ".

وەزیرێ ئەشۆ، نووسەری بەناوبانگ لە گوتارێکیدا باسی خەلیل مورادۆڤ دەکات و گرنگی رۆڵی ئەو لە رادیۆی کوردیدا هەڵدەسەنگێنێ "خەلیل مورادۆڤ بەهۆی تۆمارکردنی گۆرانییەکان، کارێکی زۆر گەورەی کرد لەپێناو رزگارکردنی هەزاران گۆرانی کوردی لە مردن. بۆ خۆم بینیم کە بەهەر شێوەیەک بێت هونەرمەند و دەنگبێژی لە رادیۆی کوردی کۆدەکردەوەو زۆرجاریش لەنێو ژوورەکانیدا تێستی بە دەنگبێژان دەکرد".

### داوایەکی مورادۆڤ لە مەلا مستەفا بارزانی

کاتێک مەلا مستەفا سەردانی ئەرمەنستان دەکات، کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی لەسەر پەخشی رادیۆی کوردی سازدەکات. یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە خەلیلێ چاچان مورادۆڤ دەبێت. تێمووری خەلیل لەبارەی ئەو دیدارە دەڵێ "مەلا مستەفا تایبەت بۆ بینینی کورد هاتە ئەرمەنستان و سەردانی ئەلەگەز و هەکۆی کرد. هەروەها سەردانی رادیۆشی کرد و پرسیاری لە باوکم کرد کە ئەوان چۆن دەتوانن هاوکاری رادیۆ بکەن. ئەوکاتە باوکم، عەرەبێ شەمۆ و مەلا مستەفا بارزانی چوونە ژوورێک، باوکم نامەیەکی دایە دەست بارزانی کە بە زمانی رووسی نووسیبووی و داوای لێکرد بیداتە کاربەدەستانی دەوڵەتی سۆڤیەت. لەو نامەیەدا داوای کردبوو کاتی پەخشی رادیۆ زیادبکرێت. دیارە دوای سێ مانگ کاتەکە 3 بەرامبەر زیادکرا."

### ژنەکەی یەکەم ژنە بێژەری رادیۆی یەریڤان بووە

مرۆڤ کاتێک باسی رەنج و کاری خەلیل چاچان مورادۆڤ دەکات، نابێ باسی ئەزنیڤا رەشیدی هاوسەری نەکات. ئەزنیڤاخان یەکەمین بێژەری بەشی کوردی بووە کە لە 1955 تاوەکو 1982 بێژەری رادیۆی کوردی یەریڤان بوو. تێمووری خەلیل لەبارەی دایکی دەڵێ "ئەو یەکەمین ژنە بێژەری کوردە. دیارە پێش ئەو بێژەری دیکە هەبووە کە یەکێکیان زەینەبا ئیبۆ، هاوسەری حەجیی جندی بوو. بەڵام ئەو لە رادیۆی لۆکاڵی کوردی بوو کە لە هەفتەیەکدا تەنیا 10 خولەک پەخشیان هەبوو".

خەلیلێ چاچان هەندێک گوتار و پەرتووکیشی پێشکەشی پەرتووکخانەی کوردی کردوون لەوانەش: کلامێن جەماعەتا کوردان 1963، دوو پوێم 1965، قسێن جەماعەتێ 1969 مۆرێ نەنێ 1972 و بەنێ من قەتیا.

مورادۆڤ لە کۆتایی ساڵی 1981 کۆچی دوایی کرد کە ئەوکاتە تەمەنی 57 ساڵ بوو. دوای مردنی زۆر کەسی بەناوبانگ لەسەر ژیان و کارەکانیان نووسی. قەناتێ کوردۆ، حەجیێ جندی، ئەمەریکێ سەردار، جگەرخوێن و فێرکێ ئووس. مەلا مستەفا بارزانیش بەمشێوەیە باسی مورادۆڤی کردووە "رادیۆی کوردی لە یەریڤان و بەڕێوەبەری رادیۆکە خەلیل چاچان رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە وشیارکردنەوەی گەلی کورد."

رووداو
هونەری
ژمارە (295) دووشەممە 2014/1/27

## رۆژ لە ڤالانتاین دەچرپێنێت



**ڕێکەوت سەلام – هەولێر**

هونەرمەند رۆژ کەریم کارەکانی ئەلبوومی "بچرپێنە"ی کۆتایی پێهێناوە و ئەگەری ئەوەشی هەیە کە لە رۆژی ڤالانتاینەوە بڵاوی بکرێتەوە. رۆژ کەریم لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "ئەو چەندجارێکە بەهۆی نەبوونی سپۆنسەرەوە ئەلبوومەکەم لەکاتی خۆی بڵاو ناکرێتەوە، بەس ئەمجارە ئەگەری هەیە لە رۆژی ڤالانتاین بڵاوی بکەمەوە". سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەلبوومەکەی رۆژ دەڵێ "کارەکانی ئەلبوومەکەی ئەمجارەم جیاواز دەبێت و ئەلبوومەکەی کە بە ناوی بچرپێنەیە لە 11 تراک پێکدێت و یەکێک لە گۆرانییەکانیشی کلیپ کردووە.

## کچی شێرەکە بەرگری لە سەگە بەرەڵاکانی کوردستان دەکات

# هێڵی لەڤ: زۆر حەزم لە ستایلی عەزیز وەیسییە



● بۆ گۆڕینی یاسای کوشتنی سەگە بەرەڵاکان دەچمە پەرلەمان

● دەتوانم ببمە هونەرمەندێکی جیهانی

● یاریزانێکی باشی تۆپی پێم

● نامەوێ تەنیا لە کوردستان گۆرانیبێژ بم

**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

، لە بنەڕەتدا خەڵکی دهۆکە، لە شاری ورمێ لەدایک بووەو لە فینلەندا گەورە بووە، ئێستاش لە ئەمریکا لەژێر سەرپەرشتی یەکێک لە بەناوبانگترین مامۆستاکانی هونەر کە The — Dreamە کاری هونەری دەکات.

هێڵی لەڤ، لە فینلەندا میوزیک و سەمای خوێندووە، لە خولێکی تایبەت بە سەما لەو وڵاتە پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. خاوەنی ئەلبوومێکی گۆرانییە کە لە 12 تراک پێکهاتووە. ئەو بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەک کە لەگەڵ شێردا گرتوونی، ئێستا بە کچی شێرەکە بانگ دەکرێت.

هێڵی لەڤ، لەگەڵ ستافێکی ئەمریکی لە شاری هەولێر سەرقاڵی تۆمارکردنی کلیپی یەکێک لە گۆرانییەکانی بوو کە (رووداو) ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

**رووداو: هێڵی لەڤ مانای چییە، لە کاتێکدا خۆت ناوێت هێلانە؟**

**هێڵی لەڤ:** هێڵی ناوی خۆمە و لەڤ (luv)یش پاشگرە، کە بە زمانی ئینگلیزی واتا خۆشەویستی، هیچ وشەیەکم نەدۆزییەوە کە ماناکەی لە مانای خۆشەویستی بەهێزتر بێت، بۆیە ئەو ناوەم هەڵبژارد؟

**رووداو: بیستوومانە پڕۆژەیەکت هەیە بۆ پاراستنی ئاژەڵان لە کوردستان، چۆن بوو بیرت لەو پڕۆژەیە کردووە؟**

**هێڵی لەڤ:** پڕۆژەیەکمان هەبوو بەناوی "ماڵی خۆشەویستی" کە دەهاتمەوە بینیم کوردستان کێشەی زۆری لەگەڵ ئاژەڵان هەیە. ئاژەڵەکان هیچ گرنگییان پێنادرێت و لەسەر شەقامەکان لە برسان دەمرن، بۆیە بڕیارمدا خزمەتی ئاژەڵانی کوردستان بکەم. کاتێک لە گۆڤاری "یو ئێس پۆست مەگەزین" راپۆرتێکم خوێندەوە کە باخچەی ئاژەڵانی شاری هەولێر بە دووەم خراپترین باخچەی ئاژەڵان لە جیهاندا ناوی هاتبوو، بڕیاری گواستنەوەی ئاژەڵەکانماندا بۆ شوێنێکی باشتر کە بۆمان دابین کردبوون. ئەو کارەمان بە هاوکاری واین گرووپ و ئارک گرووپ و رێکخراوی کوردستان بۆ پاراستنی مافی ئاژەڵان کرد.

شتێکی زۆر ناخۆش هەیە کە شەرمە بۆ ئێمە پەیڕەوی دەکەین، ئەویش یاسایەکە کە لەساڵی 1986 لە سەردەمی سەدام حوسێن دانراوە، لە ماددەی 48دا هاتووە کە سەگە هارەکان بکوژرێن، لەبەرنامەمدایە بچمە پەرلەمان و داوای گۆڕینی ئەو یاسایە بکەم.

**رووداو: سەرەتا کێ هاوکار و یارمەتیدەرت بوو بۆ کاری هونەری؟**

**هێڵی لەڤ:** دایکم و باوکم زۆر پشتگیر و هاندەرم بووم، چونکە من هەر لەگەڵ ئەوان بووم، منداڵ بووم باوکم بە پەلە هاتە پۆل و گوتی وەرە دەرەوە، هەتا چوومە ناو ئۆتۆمبێل نەمزانی چی بووە، دوایی بۆم دەرکەوت کە دەمباتە پێشبڕکێیەکی گۆرانی لە 100 کەس تەنیا سێ کەسیان وەردەگرت، دوایی من بوومە یەکێک لەو سێ کەسە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە هەر شتێک بووایە دایکم و باوکم خۆیان پشتگیرییان دەکردم.

**رووداو: خاوەن ستایلێکی پڕ لە جوڵەیت و لە گۆرانییەکانیش بە جلی نیمچە رووت دەردەکەویت، ئەو ستایلەی تۆ تا چەند پێشوازی لێدەکرێت لە کوردستان؟**

**هێڵی لەڤ:** من نامەوێ تەنیا لە کوردستان گۆرانیبێژ بم، بەڵکو دەمەوێ لە وڵاتانی دەرەوەش بناسرێم. جگە لەوەش من کار لەگەڵ ستافێک دەکەم کە هەموویان ئەمریکین، کەواتە دەتوانم ببمە هونەرمەندێکی جیهانی. ئێستا خەڵکی کوردستان چاوی لەسەر تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتە و دونیا دەبینێت، هەمووman دەزانین هونەرمەندەکانی دەرەوە چۆنن، چۆن قبوڵی ئەوان دەکات ئاواش قبوڵی من دەکات، هەر گۆرانییەکم گوتبێ شتێکی کوردی هەر تێدا بووە، هەر کلیپێکم کردووە هەوڵمداوە شتێکی کوردی تێدا بەکاربهێنم، هەوڵمداوە کارێک بکەم کە کورد و بیانیش قبوڵی بکەن.

**رووداو: گوێ لە چ گۆرانیبێژێک دەگریت؟**

**هێڵی لەڤ:** لە گۆرانیبێژە بیانییەکان زۆر گوێ لە بیۆنسی دەگرم، لە کوردەکانیش زۆر حەزم لە ستایلی عەزیز وەیسییە و حەزیش دەکەم بیبینم، وەک دەنگ دەنگی چۆپیشم زۆر لا خۆشە. گوێ لە گۆرانیبێژە بیانیەکان دەگرم، بەڵام لاسایی کەس ناکەمەوە و دەمەوێت هێڵی لەڤ بم.

**رووداو: جگە لە گۆرانیگوتن بەشداریت لە فیلمێکی بەهمەنی قوبادی کردووە، ئەمە چۆن بوو؟**

**هێڵی لەڤ:** ساڵێک پێش ئێستا ئیمەیڵێکم لە بەهمەن قوبادییەوە بۆ هات، داوای لێکردم بەشداری لە فیلمێک بکەم لە کوردستان کە لە ئامادەکردنی خۆیەتی و دەرهێنانی بەتینی برای کاک بەهمەنە، رۆڵی سەرەکی لە فیلمەکە درا بە من و لەوێ ناوم لەیلایە. لەناو 600 کچ من دەستنیشان کرام رۆڵی سەرەکی لەو فیلمە ببینم، فیلمەکەش لەوانەیە بچێتە فیستیڤاڵی کان یان بەرلین.

**رووداو: ئەگەر فیلمەکە چووە یەکێک لەو دوو فێستیڤاڵە بە چ جلوبەرگێکەوە دەچیت؟**

**هێڵی لەڤ:** ئەوە سەربەرزییە بۆ من ئەگەر بچمە فێستیڤاڵێکی وا گەورە، بێگومان بە جلی رەنگاورەنگی کوردییەوە بەسەر فەرشی سووردا دەڕۆم.

**رووداو: زیاتر حەز دەکەی وەک گۆرانیبێژ بناسرێیت یان ئەکتەر؟**

**هێڵی لەڤ:** کاری سەرەکی من گۆرانیگوتنە، بەڵام کاری ئەکتەریشم خۆشدەوێت، بۆیە ناتوانم بڵێم ئەوەیان لەوی دیکەیان زیاترە.

**رووداو: کلیپە تازەکەت باس لە چی دەکات؟**

**هێڵی لەڤ:** یەکەمجار باس لە ئازادی ئافرەت دەکات، دوایی باس لە ئازادیی کوردستان و هێنانەدی هەردوو خەونەکە دەکات.

**رووداو: بۆچی چوویتە ئەمریکا و لەوێ نیشتەجێ بوویت؟**

**هێڵی لەڤ:** کە چوومە ئەمریکا تەمەنم 18 ساڵ بوو، بەتەنیاش چووم و کەس لە خێزانەکەم نەهاتن، بۆیە ناچاربووم کار بکەم بۆ ئەوەی بژێوی رۆژانەم دابین بکەم، پێشتر باوکم چێشتخانەیەکی هەبوو منیش هاوکاریم دەکرد، بەو هۆیەوە فێری ئەو کارەبووم، بۆیە کە چوومە ئەمریکا لە چێشتخانە کارم کرد، بەو شێوەیە فێربووم کە چوومە هەر شوێنێک کار بکەم و پارە کۆبکەمەوە، بەڵام ئێستا جگە لە کاری هونەری هیچ کارێکی دیکە ناکەم.

**رووداو: لەگەڵ وەرزش چۆنیت؟**

**هێڵی لەڤ:** لەگەڵ وەرزش پەیوەندییەکی باشم هەیە و یاریزانێکی باشی تۆپی پێم، بیرم دێت هەر کاتێک یاریمان دەکرد هەردوو تیپەکە کوڕ بوون لەسەر من دەیانکردە شەڕ، هەر یەکەیان دەیانویست بچمە لای ئەوان.

**رووداو: پڕۆژەی داهاتووت چییە؟**

**هێڵی لەڤ:** کۆمەڵێک پڕۆژەم لەبەردەستە، بەڵام ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی دوو کلیپم و بەم نزیکانە بڵاویان دەکەمەوە.

# ئەیوب عەلی مەقامی گەرمیان تێکەڵی میوزیکی رۆژئاوا دەکات

## "هیچ سنوورێک بۆ گوێگرتن لە میوزیک نییە"



فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم

هونەرمەند ئەیوب عەلی لەم رۆژانەدا نوێترین ئەلبوومی خۆی بەناوی (بێ سنوور) بڵاوکردەوە. ئەلبوومەکە لە 10 تراک پێکهاتووە و لە 6 وڵات کاری بۆ کردووە. ئەیوب لەو ئەلبوومەدا کاری لەسەر ئاوێتەکردنی بەستە و مەقامی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ موزیک و ریتمی چەند نەتەوەیەکی دیکە کردووە. لە ئەلبوومە نوێیەکەیدا، بەرهەمهێنەر و هونەرمەندانی کورد، ئینگلیز، هیندی و چەندینی دیکەش کاریان لەسەر گۆرانییەکانی کردووە. ئەیوب لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی ئەو بەرهەمەی خۆی دەکات.

**هیوا سەلاح**
**رووداو - هەولێر**

**رووداو: جیاوازی ئەلبوومە نوێیەکەت لەگەڵ کارەکانی پێشووت چییە؟**

**ئەیوب عەلی:** ئەلبوومی بێ سنوور جیاوازییەکەی ئەوەیە کە من هەوڵی تیکەڵاوکردنی هونەر و کەلتووری کوردیم داوە لەگەڵ هونەر و کەلتووری گەلانی دیکە، بۆ نموونە لەم ئەلبوومەدا لەگەڵ چوار بەرهەمهێنەری فارس، تورک، ئینگلیز و هیندی کارم کردووە، هاتووم هەندێ مەقامات و فۆلکلۆری کۆنی ناوچەی گەرمیانم لەگەڵ موزیکی رۆژئاوایی تێکەڵ کردووە، یەکێک لەکارەکان کە تێکستی مامۆستا جەبار حەبیبە، خۆم ئاوازەکەیم داناوە و داومە بە بەرهەمهێنەرێکی ئینگلیز گوتوومە خۆت ئازادی چۆن کاری تێدا دەکەیت، وابزانە گۆرانییەکی ئینگلیزیە، پاشان کە ئەنجامەکەم بینی زۆر جوان بوو، بینیم کارێکی نوێ دەرچووە.

**رووداو: تێکەڵکردنی میلۆدی کوردی لەگەڵ بیانی تا چەند سەرکەوتووە؟**

**ئەیوب عەلی:** ئێستا ئێمە لە سەردەمێکداین کە زۆر زوو شتەکان پێشدەکەون، هونەریش بێگومان نابێت بێبەش بێت لەو پێشکەوتنە. ئەو ستایلە نوێیەی کە من کاری لەسەر دەکەم خۆم حەزم لێیەتی، نەک لەبەر مەبەستێک ئەو ستایلەم هەڵبژاردبێت، تێکەڵکردنی موزیکی دەرەوە تەکانێکی زۆرباشە، بەڵام بە مەرجێک هونەرە رەسەنەکەی خۆشمان بپارێزین. راستە ئەوە شانازییە بۆ من وەک بەرهەمهێن کاردەکەم، چونکە تێکستەکە خۆم دەینووسم، ئاوازەکە خۆم دایدەنێم، سپۆنسەرە خۆم پەیدای دەکەم، ریکۆردکردنی دەنگ هەر خۆم دەیکەم، چونکە ستۆدیۆم هەیە، ئێستا من وەک بەرهەمهێنەر کار دەکەم و هیوادارم بتوانم کار بۆ هونەرمەندانی دیکەش بکەم.

**رووداو: گۆرانی خرخاڵ یەکێکە لەو گۆرانییانەی ناو ئەلبوومە نوێیەکەت و کلیپیشت بۆ کردووە، مەبەستت لە خڕخاڵ کێیە؟**

**ئەیوب عەلی:** مەبەست لەو گۆرانییە پێش هەموو شتێک هاوڕێیەکی نزیکی خۆمە کە هەمیشە پشتگیری هونەرەکەی منی کردووە، کاک ئەرکان لە هەموو کارەکانم مادی و مەعنەوی لە پشتم بووە، ئەو زۆر حەزی لەو ستایلی موزیکە هەبوو خۆشم پێم خۆشبوو. لەو وڵاتەی لێیدەژیم کوڕێکی بەتوانام دۆزییەوە ناوی "تۆنی وایت" بوو لە شاری لەندەن، بیرم کردەوە گوتم دانس موزیک بەشێوەیەک بکەم کە لەگەڵ کەلتووری کوردی و مەقامی گەرمیان لەسەر ریتمی خێرا بگونجێت و بەشێوەیەکی زانستی کاری لەسەر بکرێت، یەکەم کەس تۆنی بوو لە منی پرسی ئەم زمانە چ زمانێکە ئەمە چ مەقامێکە ئەوە هی چ ناوچەیەکە، لەوەوە پرسیار دروست دەبێت، پاشان کەناڵی ناسراوی وەکو one tv، pmc و کەناڵە فارسییە ناسراوە جیهانییەکان کلیپەکەیان نیشاندا. مەبەستی من یەکەمجار ناساندنی کەلتووری کوردییە، ئەمە جگە لە چێژ وەرگرتن لە گۆرانییەکە، چونکە یەکەمجار بوو گۆرانییەکی شادی لەو شێوەیە بڵێم.

**رووداو: گۆرانییەکە وشەیەکی تێدایە "لۆرکێ" ئەوە مانای چییە؟**

**ئەیوب عەلی:** ئەو وشەیە خۆشم دڵنیا نیم لە چییەوە هاتووە، بەڵام من لە مامۆستا حەسەن زیرەکەوە گوێم لێبووە، حەزناکەم مانای وشەکە بە هەڵە بڵێم و پرسیارەکەشت زۆر قورس بوو، لەمەیان دەرنەچووم.


**رووداو: بۆچی زۆربەی گۆرانییەکانت بۆنی دابڕان و خەم و ئازاری عاشقانەی لێدێت، ئایا ئەم گۆرانیانە گوزارشت لە ژیانی واقیعی ئەیوب دەکەن؟**

**ئەیوب عەلی:** مەرج نییە ئەو گۆرانیانەی دەیانڵێم رەنگدانەوەی ژیانی خۆم بێت، لە ئەلبوومە تازەکەمدا زۆر تێکستی تێدایە پەیوەندی بە خۆمەوە نییە، چونکە تێکستی زۆر کەسم بەکارهێناوە، وەک جەبار حەبیب کە بەردەوام تێکستی جوان دەنووسێت و سەربەستیشی کردووم ئەگەر دەستکاری تێکستەکانی بکەم، مامۆستا ئەدیب چەلکی، کاک عارف چۆپان. من وا بیر دەکەمەوە دەنگی خۆم وەک ئامێرێک بەکاربهێنم، بۆ نموونە کلارنێتمان هەیە، ئەو کەسەی دەیژەنێ لەوانەیە لە مانگێکدا لە ئەلبوومی چوار گۆرانیبێژدا بیژەنێت، بەڵام هەر جارەو بە شێوازێک دەیژەنێت.

**رووداو: ناوی ئەلبوومەکەت بێ سنوورە ئەو ناوە چ مەغزایەکی هەیە؟**


**ئەیوب عەلی:** ئێستا هیچ سنوورێک بۆ گوێگرتن لە میوزیک نییە، کاتێک گوێگر گوێ لە موزیکێک یان گۆرانییەک دەگرێت گوێ بەوە نادات ئەم گۆرانییە کوردییە یان عەرەبییە یان هەر زمانێکی دیکەیە، ئەوەی لای خۆش بێت گوێی بۆ دەگرێت، کەواتە هیچ سنوورێک نییە، بۆ نموونە تۆ لەناو ئۆتۆمبێلەکەت سەربەستی گوێ لە چی دەگری، کەواتە تۆ هیچ سنوورێکت نییە بۆ گوێگرتن، تەنیا خۆشی و باشی کارەکان راتدەکێشێت بۆ گوێگرتن، هەر بۆیە منیش ئەو ناوەم هەڵبژارد.


تاوەرەکانی ئیمپایر دایموند
شوقەی نایاب
ئێستا ئامادەیە
بۆ فرۆشتن
Empire World
Building the Future
Call: 0750 640 8811-8822-8833
www.empireiraq.com


RÛDAW HD
تیتاڵ
بە سپۆنسەری جیهان گروپ
بەردەوام دەبێت
CIHAN GROUP

ڕووداو
ژنان
ژمارە (295) دووشەممە 2014/1/27

## لە کەلار ژنێک لەگەڵ کوڕەکەی سووتان



**ڕووداو- گەرمیان**

ڕۆژی 2014/1/26 لە شارۆچکەی کەلار، ژنێک بە ناوی بەهار حەسەن، 31 ساڵ، لەگەڵ کوڕە تەمەن 10 ساڵانەکەی پێکەوە سووتان. موقەدەم لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، ڕایگەیاند "ئەو ڕووداوە بەهۆی پەرەمێزەوە بووە و بووەتە هۆی سووتانی بەشێکی ماڵەکە و ئەو دایک و منداڵە، پاشان تیمی بەرگری شارستانی ئاگرەکەیان کوژاندووەتەوە".

# سلێمانی لە دەستدرێژی و هەولێریش لە کوشتنی ژنان لە پێشەوەن

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان ئاماری 2013ی بڵاوکردەوە کە وادەردەخات هەولێر لە کوشتنی ژنان بە پلەی یەکەم دێت و سلێمانیش لە دەستدرێژیی بۆ سەر ژن.

بەپێی ئامارەکە، لەماوەی ساڵی ڕابردوودا بەگشتی 5316 حاڵەتی توندتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان هەبووە: (هەولێر 1745 حاڵەت، دهۆک 1329 حاڵەت، سلێمانی 1270 حاڵەت، ئیدارەی گەرمیان 555 حاڵەت و ئیدارەی ڕاپەڕین 417 حاڵەت).

وەکو دەردەکەوێت، بە بەراورد بە ساڵی 2012، توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانییەوە ڕووی لە زیادبوون کردووە. بەگوێرەی ئاماری 2012، لە کوردستان 4645 حاڵەتی توندوتیژی تۆمار کراوە، بەڵام لەساڵی 2013دا 671 حاڵەتی توندوتیژی زیادی کردووە.



### ئاماری 2013

| شوێن | کوشتن | خۆ کوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | سکاڵا | دەستدرێژی سێکسی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 28 | 15 | 100 | 46 | 1548 | 8 | 1745 |
| دهۆک | 11 | 7 | 25 | 33 | 1225 | 28 | 1329 |
| سلێمانی | 4 | 8 | 57 | 21 | 1107 | 73 | 1270 |
| گەرمیان | 6 | 5 | 25 | 7 | 505 | 7 | 555 |
| ڕاپەڕین | 1 | 1 | 29 | 6 | 358 | 22 | 417 |
| کۆی گشتی | 50 | 36 | 236 | 113 | 4743 | 138 | 5316 |

### ئاماری 2012

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سوتان | خۆسوتان | ئەشکەنجەدان | سکاڵا | سێکسی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 22 | 9 | 114 | 45 | 112 | 1213 | 22 | 1506 |
| دهۆک | 9 | 10 | 35 | 25 | -- | 738 | 31 | 829 |
| سلێمانی | 10 | 15 | 76 | 30 | 444 | 1241 | 108 | 1899 |
| گەرمیان | 5 | 5 | 28 | 5 | 135 | 234 | 9 | 411 |
| کۆی گشتی | 46 | 39 | 253 | 105 | 691 | 3426 | 170 | 4645 |

## ڕۆژنامەی ڕووداو دەکرێتە پێشانگا

دوای بڵاوبوونەوەی ئامارەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، گرووپی ژیان بڕیاری دا شەوانە لەبەردەم نووسینگەی پەرلەمان لە شاری سلێمانی مان بگرن. بەهار مونزیر، ڕێکخەری گرووپەکە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چالاکییەکەمان بەهۆی ئەو ئامارانە و چەند حاڵەتێکی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان ڕێکخست، لە ساڵێکدا لەو هەرێمەی ئێمە 50 ژن کوژراون، واتا لەم هەرێمە مانگانە 4 ژن دەکوژرێن، ئەوە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی ترسناکە بۆ ژنان".

لە مانگرتنەکەی گرووپی ژیاندا، بە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان پێشانگایەکی تایبەت بە تاوانەکانی دژی ژنان سازکرابوو کە ڕۆژنامەی (ڕووداو) دیارترینی ناو پێشەنگاکە بوو، (ڕووداو) لە یەکەم ژمارەیەوە بەردەوام لاپەڕەیەکی تایبەت کردووە بە کێشەکانی ژنان.

لە خشتەی ئامارەکانی ساڵی 2012ی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا، خانەیەک تەرخانکراوە بۆ ئاماری ئەشکەنجەدانی ژنان کە تێیدا 691 حاڵەتی ئەشکەنجەدان تۆمار کراوە، بەڵام لە خشتەی ئامارەکانی 2013دا ئەو خانەیە نییە.

بۆیە ئەگەر ئاماری ئەشکەنجەدان لە خشتەی ساڵی 2012 دەربێنین، دەردەکەوێت ئامارەکانی توندوتیژی دژی ژنان لەساڵی 2013 بە بەراورد بە 2012 زۆر زیادی کردووە و جیاوازییەکە دەگاتە 1382 حاڵەت.

## هەولێر لە کوشتن و خۆکوشتنی ژنان لەپێشە

بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، ساڵی ڕابردوو 50 ژن کوژراون کە زۆرترینیان لە شاری هەولێر بوون (28 ژن)، لە دهۆک 11 ژن کوژراون و لە سلێمانی 4 ژن، هەروەها لە گەرمیان 6 ژن و لە ڕاپەڕینیش یەک ژن کوژراوە.

بە بەراورد بە ساڵی 2012، تاوانەکانی کوشتنی ژنان لەساڵی ڕابردوودا زیادیان کردووە، چونکە لەو ساڵەدا 46 ژن کوژرابوون، ئەوکاتیش هەولێر هەر لە پێشەوە بووە بە کوشتنی 22 ژن.

ساڵی ڕابردوو لە سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان 36 ژن خۆیان کوشتووە، لەوەشدا هەر هەولێر لە پێشەوەیە. ئامارەکانی خۆکوشتن لەساڵی 2013 بەوجۆرە بووە: (هەولێر 15 ژن، دهۆک 7 ژن، سلێمانی 8 ژن، گەرمیان 5 ژن و لە ڕاپەڕینیش یەک ژن خۆی کوشتووە).

بەڵام خۆکوشتنی ژنان بە بەراورد بە ساڵی 2012 کەمی کردووە کە لەو ساڵەدا 39 ژن خۆیان کوشتووە.

## سکاڵای ژنانی گەرمیان زیادی کردووە

موقەدەم لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت "هەموو حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان کەمی کردووە، ئەگەر ئامارەکانیش زیادیان کردبێت، ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ساڵی 2013 توندوتیژییەکانی شارۆچکەی خانەقینیشی تێدا بووە، بەڵام ڕێژەی سکاڵا زیادی کردووە، چونکە ئێمە ئەمساڵ لێکۆڵینەوەمان لە دۆسیەکانی تایبەت بە ژنان کردووە".

بەپێی قسەکانی موقەدەم لەمیعە، ئەوانەی دەستیان هەبووە لە کوشتنی ژنان لە گەرمیان هەموویان دەستگیرکراون "ڕەوانەی دادگا کراون یان لەژێر لێکۆڵینەوەدان، بەڵام ئەگەر یەک حاڵەتی کوشتنی ژنانیش هەبێت هەر زۆرە، ئەو 6 حاڵەتە هەموویان بەپێی ماددەی 406 سزا دەدرێن کە سزای لەسێدارەدانیشی تێدایە، بەڵام لە خانەقین هەندێک حاڵەتمان هەیە تۆمەتبارەکان نەگیراون، چونکە تۆمەتبارەکان لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانن، هەیانە لە بەغدایە".

هاوکات ڕائید سامی جەلال، بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە ئاکرێ دەڵێت "لێکۆڵینەوە لەسەر ئامارەکان دەکەین و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بڵاویدەکەینەوە، ناشزانین بکوژەکانی ژنان گیراون یان نا، چونکە کوشتنی ژنان لە نووسینگەی کوشتن لە پۆلیسی دهۆک لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت".

بەهار مونزیر، باسی لەوە کرد کە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو ئامارانە، کاری جددییان لەسەر ناکرێت "بکوژەکان دیار نین، ئەگەر دیاریش بن زۆریان ناگیرێن، بۆیە کوشتن بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 4 حاڵەت زیادی کردووە، جگە لەوەش ئامارەکە زۆر لەوە زیاترە، بۆ نموونە ئەو ژنانەی دەڵێن خۆیان کوشتووە، لە ڕاستیدا زۆریان کوژراون و کەسوکارەکەیان بەناوی خۆکوشتن بڵاوی دەکەنەوە، خۆسووتاندنەکەش هەر کوشتنێکی ناڕاستەوخۆیە، چونکە دیارە هیچ ڕێگەی دیکەی نەبووە جگە لە خۆسووتاندن، هیچ لایەنێک نەبووە هانای بۆ بەرێت".



## خۆسووتاندن لە دهۆک بەرەو زیادبوونە

لەڕووی ئیدارییەوە هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەڕین سەر بە پارێزگای سلێمانین، بۆیە ئەگەر جوگرافیای پارێزگا ڕەچاو بکرێت لە حاڵەتەکانی سووتانی ژناندا، دەردەکەوێت کە زۆرترین ژن لە پارێزگای سلێمانی سووتاون. لەو پارێزگایە 111 حاڵەتی سووتان هەبووە: (سلێمانی 57 حاڵەت، گەرمیان 25 حاڵەت و ڕاپەڕین 29 حاڵەت). هەروەها لە هەولێر 100 ژن و لە دهۆک 25 ژن سووتاون.

ئەگەر ئاماری 2012 بە ئاماری 2013 بەراورد بکەین، دەرکەوێت کە ڕێژەی سووتانی ژنان کەمی کردووە، لە ساڵی 2012دا 253 حاڵەتی سووتانی ژنان هەبووە، بەڵام لە 2013دا 236 حاڵەت هەبووە.

سەبارەت بە خۆسووتاندنی ژنانیش وەک لە ئامارەکانی 2 ساڵی ڕابردوودا دەکەوێت، خۆسووتاندن لەنێو ژنانی دهۆک ڕووی لە زیادبوون کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کە لە ماڵپەڕەکەیاندا بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی 2013دا لە دهۆک 33 ژن خۆیان سووتاندووە، بەڵام لە ساڵی 2012 لەو پارێزگایە 25 ژن خۆیان سووتاندبوو.

سەبارەت بە پارێزگاکانی دیکەش، لە هەولێر 46 ژن خۆیان سووتاندووە، لە سلێمانی 21 ژن و لە گەرمیان 7 ژن و لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕینیش 6 ژن خۆیان سووتاندووە.

بە گشتی لە ساڵی 2013دا 113 ژن خۆیان سووتاندووە، بەڵام لە ساڵی 2012دا 105 ژن خۆیان سووتاندووە، بەو شێوەیە دەردەکەوێت کە خۆسووتاندنی ژنانیش زیادی کردووە.

بەهار مونزیر دەڵێت "ئەگە ئامارەکان وەکو ساڵانی ڕابردووش بێت هەر ترسناکە، بەڵام بە گشتی ئامارەکانی توندوتیژی زیادی کردووە، بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، دەیانەوێت دۆسیەکان پەردەپۆش بکەن و بچووکی بکەنەوە، بۆ نموونە کچێکی 22 ساڵ لەناو خانەیەکی داڵدەدان لە سلێمانی خۆی سووتاندووە، ئێستا پێیان ناخۆشە ئێمە باسی دەکەین".

## سکاڵای ژنان زیادی کردووە

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەساڵی 2007 دامەزراوە و 13 نووسینگەی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان هەیە.

جاران ژنان زۆر بە کەمی سکاڵایان لەسەر کەسوکاریان تۆمار دەکرد، بەڵام لەوەتەی ئەو نووسینگانە کراونەتەوە، ساڵانە لە پاڵ ئاماری ئەو توندوتیژیانەی دژی ژنان کە بڵاودەکرێنەوە، ئاماری سکاڵاکانیشیان بڵاودەکرێنەوە.

بەپێی ئاماری 2013ی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، ژنانی پارێزگای سلێمانی (بە ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین)ەوە زۆرترین سکاڵایان تۆمار کردووە کە 1970 سکاڵا بووە (سلێمانی 1107 سکاڵا، گەرمیان 505 سکاڵا و ڕاپەڕین 358 سکاڵا).

هەروەها ژنانی هەولێریش لەو ساڵەدا 1548 سکاڵایان تۆمار کردووە و لە دهۆکیش 1225 سکاڵا لەلایەن ژنانەوە تۆمار کراوە.

بە بەراوردکردنی ئاماری 2012 و 2013 دەردەکەوێت ئاستی توندوتیژی دژی ژنان زیادی کردووە، چونکە ژمارەی سکاڵاکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بە جۆرێک لە ساڵی 2012دا ژنان 3426 سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام لە ساڵی 2013دا ژمارەی سکاڵاکانی ژنان گەیشتووەتە 4743 سکاڵا. واتە ساڵی ڕابردوو 1317 سکاڵا زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵی پێشتر.

گرووپی ژیان لە زیاتر لە 10 ڕێکخراوی مەدەنی پێکدێت، بەهار مونزیر دەڵێت "لە چالاکییەکەماندا خەڵکی دیکەش هاتووە، هەتا بەیانی لەگەڵمان بووە و نەخەوتووە، چالاکییەکەمان بەردەوام دەبێت، دێینە بەردەم ئەنجوومەنی وەزیران لە هەولێر، بەڵام چاوەڕێی مۆڵەت دەکەین، دەمانەوێت فشار زیاد بکەین لەسەر پەرلەمان و حکومەت دژی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان".

## سلێمانی لە دەستدرێژی لەپێشە

هەرچەندە بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان لە ساڵی ڕابردوودا لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان 138 حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان هەبووە، بەڵام هیچیان نەبوونەتە جێی قسەوباسی ڕاگەیاندن وەکو ئەو کچە ئاوارەیەی ڕۆژئاوای کوردستان کە لەلایەن 6 کەسەوە لە هەولێر دەستدرێژی کرایە سەر.

بەپێی ئامارەکە، ساڵی ڕابردوو لە شاری سلێمانی زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ژنان تۆمار کراوە کە 73 حاڵەت بووە، دوای ئەویش دهۆک دێت کە 28 حاڵەتی دەستدرێژی تێدا تۆمار کراوە. هەروەها لە هەولێر 8 حاڵەت هەبووە، لە گەرمیان 7 حاڵەت و لە ڕاپەڕین 22 حاڵەتی دەستدرێژی تۆمار کراوە.

بەڵام بە بەراوردکردنی ئاماری دوو ساڵی ڕابردوو دەردەکەوێت کە دەستدرێژی بۆ سەر ژنان بەگشتی کەمی کردووە، بە جۆرێک لە ساڵی 2012دا 170 حاڵەتی دەستدرێژی هەبووە، بەڵام لە ساڵی ڕابردوودا ژمارەکە دابەزیوە بۆ 138 حاڵەت.

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (295) دووشەممە 2014/1/27

## گەنجێک لە هەولێر خۆی کوشت



**ڕووداو- هەولێر**

لە گەڕەکی کرێکارانی هەولێر، گەنجێکی تەمەن 26 ساڵ بەناوی بەشدار ئەحمەد عوسمان خۆی کوشت، ئەو گەنجە کاری ڕۆنگۆڕی ئۆتۆمبێلی دەکرد، ئەو گەنجە لە بەردەم دووکانەکەی بە چەکی کلاشینکۆف لە بەرچاوی خەڵک خۆی کوشت، پۆلیسی هەولێر دەستی بەسەر چەکەدا گرتووەو لەگەڵ قەوانی دوو گولله، مۆبایلی گەنجەکەیش بردرایە لای پۆلیسی هەولێر، لێکۆڵینەوە لە هۆکاری خۆکوشتنی ئەو گەنجە دەستی پێکردووە.



تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

# میدیاو هۆشیاری کۆمەڵایەتی

کوردستان وڵاتێکی پڕ کێشەیە، کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕۆژانە کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر کە خۆی لە کوشتن و دزی و فڕێدانی منداڵ و کوشتنی ژندا دەبینێتەوە ڕوودەدەن، ئەم کێشانە پەیوەندییان بە هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ڕێکخراوەکانی ژنان لەبەر نەبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە ژن و مافی ژن، ناتوانن چارەسەرێک بۆ کێشەی ژنان بدۆزنەوە، با هەموو شەوێکیش لەبەردەم نوسینگەی پەرلەمان تا بەیانی مان بگرن.

حکومەت نەیتوانی ڕێگری بکات لە هێنانی دەرمان و خۆراکی ماوە بەسەرچوو، بەڵام هۆشیاری خەڵک دەتوانێ ڕێگری لەم کارانە بکات، ئەگەر هۆشیاری هەبووایە، وەزیری کارەبا کە کارەباکەی بووە بە ترافیک لایت نەیدەگوت بەهۆی خراپ بەکارهێنانی کارەباوەیە لەلایەن هاووڵاتیان، ڕەنگە چارەکێکی ئەم قسەیە ڕاست بێت.

هۆشیاری کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنگ و هەستیارە، لە هەمان کاتدا بابەتێکی زانستی و کۆمەڵایەتی و مرۆییە، پێگەیشتنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لای تاک، واتە دەستپێکی بیرکردنەوەی مرۆڤ و ئازادبوونی عەقڵ لە کۆت و بەندەکان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان و پەرەپێدان و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی تەندروست.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانی بیستراو، بینراو و خوێنراوە، ڕۆڵی دووفاقی دەبینن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەدا. هەندێک جار دەتوانن ببن بە هۆکارێکی گرنگ و گەشە بە هۆشیاری تاکەکان بدەن و ڕای گشتی دروستبکەن، لەڕێی ئەو پەیامەی ئاراستەی خەڵکی دەکەن کاریگەری لەسەر بینەر و بیسەری ئەم پەیامە جێبهێڵن. لە هەمانکاتدا میدیا دەتوانێ پەیامەکەی بکاتە ڕێکلام و کار لەسەر هەست و سۆزی بینەر و بیسەر بەجێبهێڵێ، لە پێناو بەرژەوەندی تاکێک و ببێتە ڕێگر لە بیرکردنەوەی تاک.

گۆڕین و بەلاڕێدابردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی وەک ئەنجامدانی تاوانی سیاسی وایە، لەبەرئەوەی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەکات، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئاگایی و شارەزایی مرۆڤ و سڕکردنی عەقڵی.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، تا چەند دەتوانن خەڵک بە کێشەو گرفتەکانیان ئاشنا بکەن و کاریگەرییان هەبێت لەسەر پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، ئەم ڕۆڵەش لە سیاسەتی کاری دەزگاکە و پەیامنێران و ئەو پەیامەی ڕۆژنامەنووسانی ئەو دەزگایە دەیدەن بەخەڵک ڕەنگدەداتەوە. بۆیە میدیا دەتوانێ ڕاستییەکان وەک خۆی بگوازێتەوە، یان بیانگۆڕێ بە شێوەیەک کە لەگەڵ تێڕوانینی کەسی یەکەمی دەزگاکە بگونجێ.

بێجگە لە میدیای حیزبە ئیسلامییەکان کە ئەوان ئامانجەکەیان ڕوونە، میدیای حیزبیش کار بۆ شاردنەوەی کێشەکانی حیزب دەکات، ئەوەی کە دەمێنێتەوە میدیای "سێبەر" و "سەربەخۆ"یە، ئەوان سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرایان نییە، نازانین بە چ ئاراستەیەک کار دەکەن. ئەگەرچی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە ئەرکی ئەوانە.



### ژنی دووەم ڕێی کەرکووکی قەرەباڵخ کردووە

# 600 پیاو بۆ ژنی دووەم لە هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە کەرکووک و مەخموور



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

پیاوان، لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ژنی دووەم ڕێگەی کەرکووک و مەخموور دەگرنەبەر، دادگاکانی ئەوێ بێ هیچ مەرجێک ژنی دووەم لەو پیاوانە مارە دەکەن کە ژنی دیکەیان هەیە. چالاکوانێکی ئافرەتان دەڵێت "یاساکانی کەرکووک، کێشەیان بۆ ژنانی هەرێمی کوردستانیش دروستکردووە، پیاو دەتوانێت چوار ژن پێکەوە بهێنێتەوە".

بەگوێرەی ئەو ئامارەی دادگای کەرکووک بڵاویکردووەتەوە، لە ساڵی ڕابردوودا 450 پیاو لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ هێنانی ژنی دووەم ڕوویان لە کەرکووک کردووە، زۆربەی ئەو پیاوانەش خەڵکی هەولێر و سلێمانین. بەپێی ئامارەکانی دادگای مەخموریش ساڵی ڕابردوو 150 پیاو لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ مارەکردنی ژنی دووەم ڕوویان لە دادگای ئەوێ کردووە.

فرەژنی لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراوە و پیاو دەتوانێت تا چوار ژن بهێنێت بە مەرجی دادپەروەری کردن، بەڵام هێنانی زیاتر لە ژنێک لە ئاینی جولەکە و مەسیحیدا قەدەغەکراوە.

پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە جارێک لە دانیشتنەکانیدا گفتوگۆی لەسەر کێشەی فرەژنی کرد، پاشان بە هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لە ساڵی 2008دا مافی فرەژنیی سنووردار کرد و چەندین مەرجی بۆ دانا، لەوانە: دەبێت ڕەزامەندی ژنی یەکەم هەبێت، یان ژنەکەی نەخۆشیی درێژخایەنی هەبێت، دەبێت پیاوەکە توانای دارایی باش بێت و دادپەروەر بێت.

بێ ئەو مەرجانە، ئەگەر پیاو ژنی دووەم بێنێت تاوەکو 10 ملیۆن دینار غەرامە دەکرێت و ڕەنگە یەک ساڵیش زیندانی بکرێت. بەڵام لە نێوان ئەو دەبێت و نابێتەی یاسای باری کەسێتی هەرێمی کوردستاندا، پیاوان ڕێگەیەکی دیکەیان دۆزیوەتەوە کە زۆر دوور نییە و بە کاژێرێک بە ئۆتۆمبێل دەگەنە کەرکووک و مەخموور و مووسڵ، دادگاکان لەوێ بە یاسا کۆنەکانی بەغدا کاردەکەن.

زیرەک، دانیشتووی هەولێرەو نزیکەی ساڵێکە ژنی دووەمی لە کەرکووک مارە کردووە، ئەو دەڵێت "ئەگەر پیاو بیەوێت ژنی دووەم بهێنێ، هەر دەیهێنێ و بە یاسا ڕاناوەستێ، ئەگەر لە هەولێریش مارەی بکەم، سزاکەم زۆر نییە و هیچ منەتم بەو پارەیە نییە، من خێزانی یەکەمم زۆر خۆشدەوێت، بەڵام پێویستم بە ژنی دووەم هەیە، ئێستا هەر یەکەیان لەناو خانووی خۆیانن". ئەو پیاوە گوتیشی "خێزانەکەم نەخۆش بوو، بەڵام زۆربەی ژن هەتا دەشمرن هەر ئامادە نین مێردیان ژنی دیکەیان بەسەربهێنێ".

لاوە زەنگەنە، لێپرسراوی لقی کەرکووکی یەکێتی ژنانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو یاسایانەی لە دادگاکانی کەرکووک کاریان پێدەکرێت، نەک هەر توندوتیژی بەرامبەر ژنانی کەرکووک زیاد دەکەن، بەڵکو کێشەیان بۆ ژنانی هەرێمی کوردستانیش دروستکردووە، ئەو یاسایانە بە کەڵکی ئەم سەردەمە نایەن، ئەگەر بە یاسای هەرێمی کوردستان کار بکرێت قازانج بە ژنانی کەرکووکیش دەگات".

ئەو چالاکوانەی مافی ئافرەتان، خۆی دژی فرەژنییە و نایەوێت کەس ژنی دووەم بهێنێ "ئەو ئامارەی بڵاوکراوەتەوە، ڕێژەکە زۆر لەوە زیاترە، چونکە بێ هیچ مەرجێک ژنی دووەم مارە دەکەن، ئەوانەی دێن لە هەرێمی کوردستانەوە هەموویان کوردن، نەک لە هەولێر و سلێمانی، بەڵکو لە دهۆکەوە بۆ ژنی دووەم دێنە ئێرە، لەبەرئەوەی ئەو یاسایەی ئێرە ڕێخۆشکەرە، بە یاساکە دەکرێت چوار ژن پێکەوە مارە بکرێت".

### ژنە چالاکوانێک: پیاو هەیە لە دهۆکەوە بۆ مارەکردنی ژنی دووەم چووەتە کەرکووک

جوان، 25 ساڵ، هێشتا شووی نەکردووە، ئەو لەگەڵ نەمانی فرەژنی نییە و پاڵپشتی دەکات، پێیوایە فرەژنی لایەنی باشی هەیەء ئاساییە پیاو ژنی دووەم بهێنێ "بە تایبەتی لە حاڵەتی پێویستدا، زۆر پیاو توانیویەتی دادپەروەر بێت، بەڵام ئەوانەی دادپەروەر نین مافی ئەوەیان نییە ژنی دووەم بێنن".


پێشتر ڕێکخراوی پۆینت، لەسەر فرەژنی ڕاپرسییەکی لە هەرێمی کوردستان بە کەرکووک ء موسڵەوە کردبوو، بەگوێرەی ڕاپرسییەکە 57%ی بەشداربووانی پاڵپشتی فرەژنی دەکەن ء 39% پشتگیری ناکەن، لەو ڕاپرسییەدا 38%یان دەڵێن پیاو دەتوانێت دادپەروەر بێت لەگەڵ ژنەکانی ء 51% پێیانوایە پیاو ناتوانێت دادپەروەر بێت. 35%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێیانوایە پیاو ژنێک زیاتر بێنێت بەختەوەرە، بەڵام 51%یان دەڵێن ئەو پیاوەی زیاتر لە ژنێکی هەیە بەختەوەر نییە.

لاوە زەنگەنە دەڵێت هەڵوێستیان هەبووە لە دژی ئەو پیاوانەی لە کەرکووک ژنی دووەم مارە دەکەن، بەڵام "کە بە یاسا ڕێگە دراوە بۆ ژنی دووەم، ڕێکخراوەکان هیچیان پێ ناکرێت، ئێمە هەوڵماندا لە پەرلەمانی بەغدا ئەو کارە ڕێگەی لێ بگیرێت، بەڵام سوودی نەبووە".



### ئامادەن پارەش بدەنە مێردەکانیان

# 45 ژن لە هەولێر داوا لە مێردەکانیان دەکەن تەڵاقیان بدەن



**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

ئۆفیسەکەی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کە لە نێو گەورەترین مزگەوتی شاری هەولێرە لەڕووی ڕووبەرەوە، ڕۆژانە جمەی دێت لەوانەی دەیانەوێت کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان بەپێی شەریعەتی ئیسلام یەکلایی بکەنەوە. زۆرترین کێشەش کە بەرۆکی مەلاکانی لیژنەی فتوای ئەو یەکێتییە دەگرێت کێشەی تەڵاقە.

بەپێی ئاماری لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان، لە ماوەی سێ مانگدا 102 پیاو بەهۆی سوێند خواردن بە تەڵاق سەردانی لیژنەکەیان کردووە، 45 ژنیش چوونەتە لایان و داوای تەڵاقیان لە مێردەکانیان کردووە، مەلایەک دەڵێت "ئەو ژنانە ئامادەبوون پارە بدەنە مێردەکانیان، یان لە مارەیی و مافی خۆیان خۆش بن، تەنیا پیاوەکانیان وازیان لێبێنن و تەڵاقیان بدەن".

لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی، ئاماری 3 مانگی کۆتایی ساڵی 2013ی بڵاوکردەوە کە خەڵک سەردانی لیژنەی فتوای ئەو لقەیان کردووە، بەپێی ئامارەکە 102 کێشەی تەڵاق خواردن، 53 تەڵاقدان، 45 کێشەی خولع، 45 کێشەی دووبارەکردنەوەی مارەبڕین، 34 کێشەی شیر خواردن، 30 کێشەی میرات، 5 ئیسلامبوون هەبووە.

هەر بەپێی ئامارەکەی یەکێتی زانایان، 145 پرسیار دەربارەی کڕین و فرۆشتن و قیست و سولفەی خانووبەرە لە لیژنەی فتوا کراوە.

ئەو لیژنەیە، هەفتانە دوو ڕۆژ لە مزگەوتی سەواف لە هەولێر دادەنیشن کە 15 مەلا بەڕێوەی دەبەن، هەر ڕۆژەی 6 مەلا لە لیژنەکە دادەنیشن.

سوێندخواردن بەتەڵاق، لەناو پیاوانی کوردستان شتێکی باوە و زۆرجار لە کێشەیەکدا کە هیچ پەیوەندی بە خێزانەوە نییە، سوێند بە تەڵاق دەخۆنء ژنان دەبنە قوربانی. بەپێی شەریعەتی ئیسلامیش هەر کەسێک سوێند بە تەڵاق بخوات ئەگەر سوێندەکەی درۆ بێت ئەوا تەڵاقی لە ژنەکەی دەکەوێت.

بەپێی ئاماری لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە ماوەی 11 مانگی 2013دا، بەهۆی سوێندخواردن بە تەڵاقەوە 261 کەس سەردانیان کردوون بۆ ئەوەی بزانن لەڕووی شەرعییەوە تەڵاقیان کەوتووە یان نا.

نیاز دێگەیی، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "زۆرترین کێشەی کە دێتە لامان تەڵاقە، سوێند خواردن بە تەڵاق دیارترینە، هەیە لەگەڵ خزمێک، برادەرێک یان کەسێک تووڕە دەبێت و سوێند بە تەڵاق دەخوات و تووشی کێشە دەبێت، ئەو دەڵێت بە تەڵاقم ئەوە ناکەم دواتر ئەوە دەکات، هەندێکجار ئەوە تەڵاقی دەکەوێت، لیژنەکەمان ئەوەیان بۆ ڕووندەکەنەوە کە تەڵاقەکە کەوتووە یان نا".

ئامادەن پارە بدەن بەس وازیان لێبێنن

خولع، کێشە دیارەکەی لیژنەی فتوایە، مەلا نیاز دەڵێت "هەندێک ژن دێن لە بەردەم ئەو لیژنەیە دەڵێن ئەگەر مێردەکەم تەڵاقم بدات، ئەوەندە پارە دەدەم، ژنەکە پارە دەداتە مێردەکەی بەو مەرجەی تەڵاقی بدات، یان لە مارەیی و نەفەقەکەی خۆشدەبێت".

### کێشەی قیستیان هەیە

کێشەی قیستی ئۆتۆمبێل و مامەڵەکردن لەگەڵ بانکەکان یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانی بەردەم لیژنەی فتوای هەولێر، مەلا نیاز دەڵێت "خەڵک بەهۆی پارەوە کێشەیان بۆ دروست دەبێت، هەیە چەند برایەکن و لەسەر میرات دەبێتە کێشەیان و دێنە لیژنەکەمان، ئەوانە دەیانەوێت لە حەرام خۆیان بپارێزن و دەڵێن بە بڕیاری شەرعی ڕازین. بە زەرەر و قازانج".

### 5 کەس موسڵمان بوون

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی ڕوو لە لیژنەی فتوای هەولێر دەکەن، ئەو کەسانەن کە دەبنە موسڵمان، بەپێی ئاماری ئەو یەکێتییە لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا 5 کەس بوونەتە موسڵمان.

مەلا نیاز گوتی "ئەوانەی دەبنە موسڵمان زیاتر خەڵکی بیانین، بۆ نموونە هەندێکیان کچن و شوو بە کوڕە موسڵمانە کوردەکان دەکەن، لای ئێمە شایەتمان دێنن و هەندێک بنەمای ئیسلامی بۆ شیدەکەینەوەو ڕایدەگەیەنێت ئەو ئاینەم قبوڵە و نووسراوی بۆ دەکرێت بۆ دادگا تا لە ناسنامەکەیشی بنووسرێت موسڵمان".

# وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نەوت لە خەڵک و قاچاخچیان دەکڕێتەوە

**ئارام کاکەخان**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ساڵانە 3 بەرمیل نەوت دەداتە هەر خێزانێکی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەشێک لە هاووڵاتیان بە بیانووی ئەوەی نەوتەکە بۆنی ناخۆشە و بەکەڵکی سووتاندن نایەت دەیفرۆشنەوە و نەوتێکی دیکە دەکڕن کە بە قاچاخ هاوردە کراوە و نرخی بەرزە.

بەشێک لە نەوتفرۆشەکان دەڵێن ئەو نەوتەی لە هاووڵاتیانی دەکڕینەوە دەیفرۆشینەوە بە پاڵاوگەی کەورگۆسک و ئەویش دووبارە دابەشی دەکاتەوە بەسەر هاووڵاتیاندا.

بەرمیلێک نەوت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابەشکردنی سووتەمەنی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە 40 هەزار دینار دەدرێتە هاووڵاتیان، بەڵام ئێستا نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕ 250 هەزار دینارە.

ئەو نەوتەی حکومەت دابەشی دەکات هاووڵاتیان و بریکارەکان نازانن کەی پێیان دەگات. حەمید سدیق، بریکاری خۆراک دەڵێت "تاوەکو ئێستا نازانم کەی نەوتمان پێدەدەن، کاتەکەی دیار نییە، ئەو نەوتەی ئێستا دابەشی دەکەین نەوتی مانگی نۆیە". حەمید گوتیشی "ساڵانە سێ بەرمیل نەوت بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکەین، بەرمیلی سێیەم بەخۆڕایی دەدرێتە هاووڵاتیان".



### حکومەت نەوتی خۆی دەکڕێتەوە

بە قسەی هاووڵاتیان ئەو نەوتەی حکومەت دابەشی دەکات کواڵێتی باش نییە و سیستمی دابەشکردنەکەش ناڕێکوپێکە.

هیوا حوسێن کە دانیشتووی هەولێرە دەڵێت "دابەشکردنی نەوت لە گەڕەکدا بەڕاستی بێزاری کردووین، بۆنێکی زۆری هەیە و دەنگێکی زۆری پاڵنانی بەرمیل ئیسراحەتمان لێ تێکدەدات".

هیوا باسی جۆری ئەو نەوتە دەکات کە وەریدەگرن و دەڵێت "نەوتەکە بەکەڵکی سووتاندن نایەت و بۆنێکی زۆری لێدێت، من کە وەریدەگرم یەکسەر دەیفرۆشمەوە و نەوتی دیکە لە بازاڕ دەکڕم، ئەو نەوتەی دەیکڕم نازانم نەوتی کوێیە، بەڵام نەوتێکی باشە".

بەشێک لە بریکارەکان هۆکاری فرۆشتنەوەی نەوتەکە لەلایەن هاووڵاتیانەوە بۆ زۆریی تێچووی وەرگرتنی نەوتەکە دەگێڕنەوە، حەمید سدیق دەڵێت "هاووڵاتی هەیە ماڵی لە گەڕەکێکە و بریکاری خۆراکەکەی لە گەڕەکێکی دیکەیە، کابرا بەرمیل بێنێت و هەفتەیەک چاوەڕێ بکات و بێت بیباتەوە و کرێی ڕێگا بدات نزیکەی 25 هەزار دیناری تێدەچێت، ئیدی ئەو زەحمەتە ناکێشێت، نەوتەکە بە 140 هەزار دینار بە ئێمە دەفرۆشێتەوە".

بەشێک لە نەوتفرۆشانیش دەڵێن ئەو نەوتەی دەیکڕنەوە پاڵاوگەی کەورگۆسک لێیان دەکڕێتەوە بە 202 هەزار دینار. دلۆڤان نەوزاد، کە نەوتفرۆشە، وەک خۆی دەڵێت لە بازاڕی نەوتفرۆشانی شاری هەولێر ڕۆژانە 2-3 تانکەری 36 هەزار لیتری نەوتی سپی لە بریکارەکان و نەوتفرۆشان دەکڕێتەوە، دلۆڤان دەڵێت "ئێمە بەرمیلێک بە 190 هەزار دینار دەکڕینەوە و بە 198 هەزار دینار دەیفرۆشینەوە، پاڵاوگەی کەورگۆسکیش بە 202 هەزار دینار دەیکڕێتەوە".

### خەڵک و حکومەت نەوتی قاچاخ دەکڕن

بازاڕی نەوتفرۆشانی شاری هەولێر کە دەکەوێتە سەر ڕێگای مەخمور جمەی دێت لە کڕیار، هاووڵاتیان بەم بازارە دەڵێن بازاڕی نەوتی ڕەش. لەم بازاڕەدا نەوتی بریکارەکان، نەوتی کەرکووک، نەوتی بەغدا و بێجی دەستدەکەوێت، جۆرە نەوتێکی دیکەش هەیە کە نەوتی کارگەی پێلەقەی پێدەگوترێت.

نەوتفرۆشێکی بازاڕەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "جگە لە نەوتی بریکارەکان ئەوانی دیکە بە قاچاخ لە عێراقەوە هاوردە دەکرێت و لە کارگەکانی ئەم بازاڕە دەیپاڵێوین، نەوتی بێجی لە هەموویان باشترە و نرخی 220 هەزار دینارە کە ئێستا دەستناکەوێت، ئەگەر هەبێت ئێمە و هاووڵاتیانیش بە مەمنونی دەیکڕین. نەوتی بەغداش بە 207 هەزار دینارە لە کارگە نەوتییەکانی ئەم بازاڕە بەرهەم دەهێنرێت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش لێماندەکڕێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، هەندێکیش دەمێنێتەوە پێیدەڵێن تەلەف، لە پاڵاوگەکانی حکومەتیش ئەو تەلەفە هەیە، ئەوە ڕەوانەی ئێران دەکرێت و ئەوان دووبارە دەیپاڵێون، چونکە ئێمە پاڵاوگەی وا باشمان نییە".

سەبارەت بە نەوتی کارگەی پێلەقەش گوتی "ئەو نەوتە لە کارگەکانی ئێرە دروستدەکرێت، لەگەڵ نەوتەکانی دیکەدا جیاوازی ئێرە و ئاسمانە، بۆنی زۆر دێت، بۆ سۆپا نابێت چونکە غازی هەیە".

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان چیرۆکی هاوردەکردنی نەوتی بەقاچاخ نەشاردەوە و گوتی "نەوتی سپی بازرگانی پێوە ناکرێت لەلایەن وەزارەت، بەڵام کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دابینی دەکەن، سەرچاوەکانیشیان دوو چەشنە، سەرچاوەی یەکەمیان ئەو نەوتەیە کە لەکوردستان بەرهەم دەهێنرێت، سەرچاوەی دووەمیان ئەو نەوتەیە کە بە قاچاخ لەبەشەکانی دیکەی عێراقەوە هاوردە دەکرێت، ئێمە هەوڵدەدەین ئەم بەقاچاخ هاوردەکردنە نەهێڵین".

# چەند پێشنیازێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو



محەممەد ڕەسوڵ موراد*

بەردەوام، بوونی چەند گەڕەکێکی تازە دروستکراو لەهەر شارێکدا کە تۆڕی ئاویان بۆ ڕانەکێشراوە و، ماوە ماوە قەیرانی بێ ئاوی و تێکەڵبوونی ئاوەڕۆ بە ئاوی خواردنەوە لە هەندێ شار و شارۆچکە و تەواونەبوونی پڕۆژە گەورەکان لەکاتی خۆیاندا و قرتوقەپی لایەنی بەرپرس بۆ هەموو ئەو کێشانە، ناسنامەی ئەم سێکتەرە خزمەتگوزارییەن (سێکتەری ئاو).

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە یان قەیرانانە، ئەم پێشنیازانە بە گونجاو دەزانم:

یەکەم: وەک دەبینین لەهەر وڵاتێکی ئەم جیهانە بایەخێکی گەورە بەم سێکتەرە هەستیار و ژیانییە دراوە. بۆ نموونە لە ئێرانی دراوسێمان، ئاو و کارەبا سەر بە وەزارەتی وزەن کە هەریەکەیان بەڕێوەبەرایەتیی سەربەخۆ و خاوەن بودجە و دەسەڵاتی تایبەت و دیاریکراوی خۆیانن.

لە حکومەتی پێشووی عێراقدا ئاو هاوتای پارێزگا و قایمقامیەتەکان سەر بە وەزارەتی حوکمی خۆجێیی (حكم المحلي) بووە و دامەزراوەیەکی سەربەخۆ و خاوەن بودجە و دەسەڵاتی تایبەت بووە.

بۆیە پێشنیاز دەکەم کار بۆ کردنەوەی (وەزارەتی ئاو) بکرێ و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی هەر سەر بەم وەزارەتە بێت. وەکو وەزارەتی کارەبا لەسەرپێی خۆی بوەستێ و ببێتە فاکتەرێک بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا.

دووەم: ئێمە کە حکومەتین، پێویستە هەموو کارەکانمان بە یاسا ڕێکبخرێت. ئاو هاوشێوەی هەر سێکتەرێکی خزمەتگوزاری دیکە یاسای تایبەت بەخۆی هەبێت. بە باشی دەزانم پارلەمانی کوردستان چاوەڕوانی وەزارەتی شارەوانی نەکات پڕۆژە یاسای تایبەت بەئاوی بۆ بنێرێت کە چۆنێتی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لەئاو، لەلایەن هاونیشتمانیان و دامودەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەتەوە ڕێکبخات، بەڵکو دەسەڵاتی یاسادانان خۆی ئەو ئەرکە گرنگە بەجێبگەیەنێت.

سێیەم: بۆ پێگەیاندنی کادر و پسپۆڕی تایبەت بە بواری ئاو و پڕۆفیشناڵێتی لە ئاودا، پێشنیاز دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند بەشێکی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە ئاو و پڕۆژەکانی ئاو بکاتەوە، بەڕەچاوکردنی هەموو ئەو زانیارییانەی لە دیزاین و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ئەم سێکتەرەدا پێویستن.

چوارەم: لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، بەشدارکردنی کەرتی تایبەت لە هەندێک بەشی سێکتەرەکانی خزمەتگوزاری، سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، لەم سۆنگەیەوە پێشنیاز دەکەم کاربکرێ بۆ بەشدارکردنی کەرتی تایبەت لە بەشەکانی ئاودا، بەتایبەت بەشەکانی (داهات، دابەشکردنی ئاو، چاککردنەوەی شکاوی و گرفتە میکانیکی و کارەباییەکان.

بەو هیوایەی لایەنانی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان، چیتر ئەم سێکتەرە بایەخدارەی ژیان و کۆمەڵ و دەوڵەت بە فەرامۆشی نەسپێرن!

* شارەزا لە بواری پڕۆژەکانی ئاو.



# ئاوارەکانی فەللوجە لە کابینە گەشتیارییەکانی دووکان نیشتەجێ دەکرێن



**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- دووکان**

ئەحمەد نسان، گەنجێکی تەمەن 20 ساڵانە و لە نێو یەکێک لە کابینە گەشتیارییەکانی قەزای دووکان لەگەڵ خێزانەکەی نیشتەجێبووە. ئەو شوێنەی ئەوان تێیدا کۆبوونەتەوە، خەڵک دەبێ پارەیەکی زۆر بدەن بۆ ئەوەی شەوێک تێیدا بمێننەوە.

هەرچەندە بەردەوام خەندە لەسەر لێوەکانی بوو، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو خەم و ئازارەی لەبیر نەچووەتەوە کە لە کاتی بەجێهێشتنی شارۆچکەکەی هەستی پێکردووە "بەناو ئاگردا ڕامانکرد، بەدزی هێزە نەناسراو و دەموچاو داپۆشراوەکانەوە، لەترسی تۆپباران هەڵاتین و هاتین بۆ سلێمانی، بەڵام ژیان و گوزەرانمان لێرە زۆر سەختە".

زۆر لە پیاوەکان لە کەناری ڕووبارەکەدا وەستاون، لەولاشەوە خێزان و هاوسەرەکانیان کە بەشێوەیەکی خەلیجییانە بە پارچە پەڕۆیەک ڕووخساریان شاردووەتەوە و تەنیا چاویان دانەپۆشیوە، سەرقاڵن بە منداڵەکانیانەوە. ئەوانە ئاوارەکانی پارێزگای ئەنبار و شارۆچکەی فەللوجەن.

"لەبەر نەبوونی مۆبایلەکانمان فرۆشت"، ئەحمەد دەڵێت خێزانەکەی ئەو باری دارایی باشترە لەوانەی دیکە کە توانای بەدەستخستنی کابینەیەکیان نەبووە. چونکە ئەوانەی دەستکورتن ڕوویان لەگوندەکانی دەوروبەری دووکان کردووە، وەک خۆیان باسیانکرد بەشێکی دیکەیان لەسەر شەقامەکان نیشتەجێ بوون.

ئەحمەد خەلیل کوردی، گەنجێکی خێزاندارە، هەرچەندە ئەو دەڵێت کە بە ڕەچەڵەک کوردە، بەڵام هیچ وشەیەکی کوردی نەدەزانی "هیچ خەرجییەکمان پێ نییە، لەسەر شەقامەکان دانیشتووین و هیچ هاوکارییەک نەکراوین، داوا لە حکومەتی عێراق و کوردستان دەکەین هاوکاریمان بکەن".

ئاوارەکانی پارێزگای ئەنبار کە بەهۆی کێشەکانی ئەو پارێزگایەوە ڕوویان لەپارێزگای سلێمانی کردووە، زۆربەیان لە شوێنە گەشتیارییەکانی قەزای دووکاندا نیشتەجێ بوون. ئەوانە نزیکەی 110 خێزان دەبن و لە زیاتر لە 600 کەس پێکدێن، زۆربەیان خەڵکی شارۆچکەی فەللوجەن.

ئاوارەکانی فەللوجە بەو دۆخەشەوە هێشتا دەیانەوێ وێڕای دەردەدڵی و بەدبەختییەکانی ئاوارەیی، باسی داوونەریتی ناوچەیی تایبەت بەخۆیان بکەن، بەتایبەتی ئافرەتی ئەوان، بەپۆشینی پەچەوە نەبێت تێکەڵ بەپیاوانی نەناسراو نابن، هەر بەو شێوازە ڕێگەیان پێدان قسە لەگەڵ تیمی (ڕووداو) بکەن.

زینە تارق دەڵێت "ئێمە چوار بۆ پێنج خێزان لە کابینەیەکداین، هەندێکمان لەسەر شەقامەکانین، خراپی باری دارایی وادەکات لەسەر شەقامەکان بن نەک لەکابینەکان، تاوەکو ئێستا هیچ هاوکارییەک نەکراوین".

ئاسۆ بەکر، قایمقامی قەزای دووکان دەڵێت سەرەتا داوای کەفیلیان لەو ئاوارانە کردووە، بەڵام دوای ئەوەی نوێنەری ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار سەردانی قەزای دووکانی کرد، ئەو مەرجەیان لەسەر لابردن.

ساڵانە گەشتیارێکی زۆر سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی دەکەن بەتایبەتی قەزای دووکان، ئێستا کە بەرەو وەرزی بەهار دەڕۆین و زۆربەی ئاوارەکانیش نیشتەجێی کابینە گەشتیارییەکانن، پێدەچێت ئەوە ببێتە بارگرانی و ڕێگر لەبەردەم هاتنی گەشتیاراندا، بەڵام بۆ ئەو کێشەیە ئاسۆ بەکر گوتی "بۆ چۆڵکردنی کابینەکان، لەگەڵ نوێنەری پارێزگای ئەنبار ڕێککەوتووین، ئەوانەی توانای دارایییان هەیە خانوو بگرن و بمێننەوە لێرە و هاوکارییان دەکەین، ئەوانەشی باری دارایییان خراپە دەیانگوازینەوە بۆ کەمپێک لە نزیک ناحیەی عەربەت".

ڕەنگە جیاوازی ئاوارەکانی فەللوجە لەگەڵ ئاوارەکانی دیکە ئەوەبێت لەشوێنێکی گەشتیاری نیشتەجێبوون، بەڵام پێدەچێت هۆکارەکەی ئەوە بێت کە لەم وەرزەدا گەشتیار کەم بن و خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان بەنرخێکی کەمتر ئەو کابینانەیان پێدابن، بەڵام کاتێک ئەو خێزانانە گوێ لە هەواڵە نوێیەکانی شارەکەی خۆیان دەگرن، ئەوەیان بیردەچێتەوە کە ژیانی ئێستایان تاوەکو چ ڕادەیەک ناهەموارە. بە بڕوای خۆیان ژیانێکی باشتر بۆ ئەوان ئەوەیە لەژێر چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بمێننەوە.

رووداو هەمەجۆر
ژمارە (295) دووشەممە 2014/1/27

## گاڤ و هەنگەوان کەوتنە سەر شاشەی سینەماکانی ئەڵمانیا



**رووداو- دوسلدۆرف**

هەفتەی رابردوو فیلمی دەرهێنەرێکی کورد شاشـەی سـینەماکانی شاری فرایبۆرگی ئەڵمانیای داگیر کرد. هەروەها دوێنێ یەکشەممە فیلمێکی مانۆ خەلیل هەر لە ئەڵمانیا نمایش کرا. فیلمی گاڤ کە ماوەکەی 89 خولەکە و لە دەرهێنانی دەرهێنەری کورد چەپۆ گەوەزە، دووشەممەی رابردوو لە ئەڵمانیا نمایش کرا. فیلمەکە باسی ژیانی پڕ لە نەهامەتی خێزانێکی پەنابەری کورد دەکات لە ئەڵمانیا. بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2014/1/27 فیلمەکە جارێکی دیکە لە سینەماکانی فرایبۆرگ نمایش بکرێتەوە. هەروەها رۆژی 2014/1/26 فیلمی هەنگەوان کە لە دەرهێنانی مانۆ خەلیلە لە شاری کۆڵن نمایش کرا، دوای نیشاندانی فیلمەکە، پانێلێک بۆ دەرهێنەر لەبارەی فیلمەکەی رێکخرا.

# هونەر سەلیم تاڵ و شیرین دێنێتە هەولێر



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

دەرهێنـەری کورد هونەر سـەلیم فیلمـی وڵاتـی تـاڵ و شـیرینم لە هەولێـر نمایش دەکات.

دوای بەشـداریکردن لـە چەندین فێسـتیڤاڵی نێودەوڵەتی کە گرنگترینیان فێسـتیڤاڵی کانی فەرەنسی بوو، ئێوارەی 2014/1/20 لە سـینەمای ئیمپایەر لە نێو فامیلی مـۆڵ فیلمـی "وڵاتی تاڵ و شـیرینم" نمایش کرا.

فیلمەکەی هونەر سەلیم یەکێک بوو لـەو حەڤـدە فیلمەی کە بـە فەرمی لە پێشبڕکێی فێسـتڤاڵی نێودەوڵەتی کان کێبڕکێی بەدەستهێنانی نازناوی باشترین فیلمی کرد و لە فێسـتیڤاڵی سـینەمایی ئەبوزەبـی خەڵاتـی تایبەتـی ئەندامانـی لێژنەی دادوەرانی پێبەخشرا.

هەرچەندە فیلمەکەی هونەر سەلیم زیاتر خەیاڵییە و بەشێک لە جلوبەرگ و میوزیکی فیلمەکە و زمانی گفتوگۆی ئەکتەرەکان لە فەزای کـوردی دوور بوو، بەڵام توانیبووی تێکەڵکێشێکی جوان نیشانی بینەر بدات.


# دارا محەممەد ئەرشیفی 30 ساڵ نمایش دەکات

**ئەڤین سەلاح**
**رووداو- هەولێر**


هونەرمەنـدی شـێوەکار دارا محەممـەد سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ پێشانگا تازەکەی کە پێشانگایەکی هونەری ئەرشیفی دەبێت.

ناوبراو لەوبارەیەوە بـە (رووداو)ی راگەیاند "پێشانگاکە ئەرشیفی ساڵانی حەفتاکان تاوەکو سـاڵی 2010ی تێدا دەبـێ کە کۆمەڵێک کاری هونەریـن و بـە چەندین قاڵب و شـێوازی جیا دروستکراون، وەکو بەکارهێنانی قەڵـەم رەساس و گرافیک و رەنگی رۆنی و ئاوی".

دارا پێیوایە پێشـانگاکەی سـوودێکی زۆری دەبێت بۆ قوتابیانی پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانـەکان، چونکـە کارەکان بەشـێوەیەکی ئەکادیمی ئامادەکاری بۆکراوە.



# رەگی گەرمیان دەکرێتە فیلم



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

"رەگی من" ناونیشـانی فیلمێکی دەرهێنەر ئیبراهیم رەمەزانە کە زۆربەی ئەکتەرەکانی لە کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیانن. ئیبراهیم لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "چیرۆکی ئەم فیلمە راسـتەقینەیە، باس لە رووداوێک دەکات کە ئافرەتێک لە ساڵی 1987 لەگەڵ شاڵاوی ئەنفال کەسوکاری ئەنفال دەکرێن، هاوکات دارێک لەو ناوچەیە لە رەگەوە دەردەهێنرێت و فڕێدەدرێتە سەر زەوی، بـەڵام دارەکـە دووبارە رەگ دادەکوتێتـەوەو دەژێتەوە. دوای گەڕانـەوەی ئافرەتەکە بـۆ گوندەکەی دەبینێت تەنیا لقی دارەکـە مـاوە، بۆیە هۆگری ئـەو دارە دەبێت و بۆی دەگرییێت، ژنەکـە وەک کـوڕ و منداڵەکانی خۆی سـەیری لقەکانی دارەکە دەکات".

ئـەم فیلمە لە ناوچەی گەرمیـان وێنەگیراوە و ماوەکەی 22 خولەکە، فیلمەکە بەرهەمی شەهزاد چەتۆ بارزانییە.



# شیرلین شوبرا: کەس ناتوانێت شان لە شانم بدات


**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی بۆلیوود شیرلین شوبرا لە لێدوانێکیدا بەبۆنەی بڵاوکردنەوەی نوێترین گۆرانی بەناوی "کچی خراپ" دەڵێت لە هیند کەس ناتوانێت شان لە شانی من بدات.

شوبرا کە بە ئەکتەرێکی بوێر دادەنرێت، لە وەڵامی پرسیاری یەکێک لە رۆژنامەنووساندا دەربارەی ئەوەی بە رۆڵی چ هونەرمەندێکی هیندی سەرسـامە گوتی "من پێشـبڕکێ لەگەڵ کەس ناکەم لە هیند، چونکە کەس نییە شان لە شانم بدات، بەڵکو من بە ریهانا و لیدی گاگا و مایلی سایرس سەرسامم و ئیلهام لەوان وەردەگرم، چونکە ئەوان گوێ بە ترس نادەن و هەنگاوێکیش ناگەڕێنەوە بۆ دواوە".

شـیرلین شـوبرا، یەکەم ئەکتـەری هیندییە کـە بە رووتی وێنـەی لە بەرگی گۆڤاری پلای بۆی بڵاوکرایەوە.

# یوسرا: نانی تورکەکان دەبڕین



**رووداو- الرای**

ئەکتـەری بەناوبانگی میسـری یوسـرا لە کاتی وێنەگرتنی زنجیـرە درامایەکی مێژوویی کە باس لـە خدێوییـەکان دەکات، دەڵێت بـەم درامایە کێبڕکـێ لەگـەڵ دراما تورکییـەکان دەکەین و نانیان دەبڕین.

سـەرای عابدین ناوی ئەو درامـا مێژووییەیە کـە باس لـە دەسـەڵاتی خدێوییـەکان دەکات لە میسـر، یوسـراش رۆڵـی خۆشـیار خانمی دایکـی خدێوی ئیسـماعیل دەبینێت. یوسـرا دەڵێـت زۆر بەو درامایەوە مانـدوو بووم، بە تایبەتـی بەهۆی زمانـی تورکی کە زۆر گرانە بۆ فێربوون.

هەروەها گوتیشـی "بـەو درامایە کێبڕکێی درامای حەریم سـوڵتانی تورکی دەکەین، بەڵکو لەوانیش باشتر دروستی دەکەین، چونکە ئێمەش مێژوومان هەیە و ئەکتەر و دەرهێنەری باشیشـمان هـەن". ئـەو درامایە کـە 36 ئەڵقەیـە، 250 ئەکتەر بەشـدارییان تێـدا کـردووە و بڕیارە لـە مانگی ئاداری ئەمساڵ نمایش بکرێت.

# بەختی رووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی**
ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
کاتێکـی باشـە بـۆ کارەکانـت، بەڵام هـەوڵ مەدە فشـار بخەیتە سەر بەرامبەرەکەت بۆ ئەوەی کارەکان بە ئارەزووی تۆ بەڕێوەبچن. لەڕووی سـۆزدارییەوە کاتێکی باشـە. دەرگاکانی بەختـەوەری بەڕووتاندا دەکرێتەوە و گۆڕانکارییەک لەژیانتاندا روودەدات.

**گا**
کاتـی هەنـگاوە نوێیەکانـە، بـەڵام دەبێـت پشـت بەتوانای خۆت ببەستی، لەهەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە خێزانەکـەت هاوکاریت دەکەن و دەتوانی پشـت بەوان ببەسـتی. کارەکان رێچکەیەکـی باشـیان وەرگرتووە و هەنگاوی گەورە دەنێن وەک ئەوەی پێشبینی دەکەن.

**جمک**
بەهـۆی گۆڕانێکەوە هەڵوێسـتی چەند کەسـێکت بۆ دەردەکەوێت، رەنگە هەندێکیان دڵخۆشـت نەکەن، بەڵام دەروونت ئاسوودە دەبێت و لە دوودڵی دوور دەکەویتەوە. پرسـیار دەربارەی هەر شـتێک بکەیت وەڵامێکی باشت دەستدەکەوێ. و دەتوانن کارەکانتان جێبەجێ بکەن.

**قرژاڵ**
هەندێک لەو شتانەی سەرقاڵیان کردووی تەنیا کاتت بەفیڕۆ دەدەن و هەندێکیشیان دەبنە بناغەیەکی بەهێز بـۆ داهاتوو، واباشـە کاتی زیاتر بەو کارانە ببەخشـی کـە دەبنـە رووناکی بۆ داهاتووی ژیانت. هەسـتدەکەن کەسایەتیتان کاریگەر و بەهێزتر دەبێت.

**شێر**
کارەکانـت بەرەوپێش دەچن، بـەڵام رەنگە نەگەنە دواییـن ئەنجامـی چاوەڕوانکـراو، لەلایـەن هاوڕێیەک یـان کەسـێکی نزیکـەوە هـاوکاری دەکرێـی. کاتێکی باشـە بۆئەوەی هەوڵەکانتان لەسـەر زیادکردنی داهات چڕبکەنەوە بەختیش هاوکاریتان دەکات.

**گوڵەگەنم**
ئێسـتا کاتی قسـەکردن و خەیاڵ نییە، کاتی ئەوەیە بەچالاکییەکانت وەڵام بدەیتەوە. کاتێک بۆ پشووی خۆت دیاری بکە و بەردەوام سـوود لە گوێگرتن و پێشـنیازی چواردەورەکەت وەربگرە. بەهۆی بەرەوپێشچوون لەباری سۆزداریدا بڕوایەکی زیاترتان بە خۆتان دەبێت.

**تەرازوو**
هەمیشـە دەتوانـی پارێـزگاری لەوشـتانە بکەیت کـە پێشـتر رەنجـت بـۆ کێشـاون. پەیوەندییەکانت بەهێز دەبێتـەوە بەکۆمەڵەوە و چەند هاوڕێیەکی نوێ دەناسیت. چالاکییەکانتان لەهەردوو لایەنی جەستەیی و فکرییەوە بەهێز دەبێت.

**دووپشک**
پێویستە بڕیارێک یەکلایی بکەیتەوە ئەمەش دوودڵت دەکات، بـەڵام پێویسـت ناکات بترسـی. لـەم کاتەدا مەرج نییە خوێندنەوەت بۆ نزیکەکانت راسـت دەرچن. لەبارەی بابەتێک زانیاری راسـتت دەستدەکەوێت کە تا ئێستا بەشێوەیەکی دیکە بیرت لێدەکردەوە.

**کەوان**
پەیوەندییەکانـت ئێجـگار زۆر دەبـن، کاتێکـی زیاتر بۆ نزیکبوونەوە لەکۆمەڵ بەسەردەبەن لەرێگەی بەسەرکردنەوە و دیدار یان تۆڕەکانی ئینتەرنێت. هەوڵ بدەن زیاتر لەمەبەستی چـواردەور تێبگەن. ئـەو پرۆژانەی خۆتان بۆ ئامادە کردوون تەنها دەسپێکیان قورسە و پاشان ئاسان دەبن.

**کارژۆڵە**
کاتـی جێبەجێکردنـی ئـەو کارانەیە کـە لەماوەی مانگـی رابـردوو ئامادەکاریت بۆ کـردوون. هیچ کارێک سـەبارەت بە دەسـتکەوت و دەرامەت و کارکردنی نوێ دوامەخە چونکە باری دارایی بەرەو باشـبوون دەچێت. لەهەموو هەنگاوەکاندا رووبەڕووی سۆزداری دەبنەوە.

**سەتڵ**
بەهۆی بوونی تیشکی هەتاو لەبورجەکەتدا هەست بە هێز و توانا و چالاکییەکی باشـتر دەکەیت، دەتوانی کارە ناتەواوەکانـی رابردوو رێکبخەیتەوە و خۆت بۆ ئەنجامدانی کارە گرنگـەکان ئامـادە بکەیـت. ئەو کارانەی تا ئێسـتا بەئەنجام نەگەیشتوون فرسەتی ئەنجامدانیان دێتە پێشێ.

**نەهەنگ**
خۆت لە ململانێ و رووبەڕووبوونەوە بپارێزە، بیرکردنەوەکانت زیاد دەکات، بەڵام چالاکییەکانت کەم دەبنەوە، کاتێکی باشە بۆ رێکخستن و پلاندانان، بۆ تەواوکردنی کارە گرنگەکان باش نییە. هەمـوو دۆخەکان لەقازانجتان دەبێت بەمەرجێک بڕوای تەواوتان بەخۆتان هەبێت.

**بەگشتی:**
لەم ماوەیدا زۆر بەقووڵی بیر لە شتەکان دەکەینەوە و دەگەڕێین بۆ نوێبوونەوە لە هەموو شتەکانی ژیان و هاوڕێ نوێیەکانیش ئاسوودەمان دەکەن. بوونی تیشکی هەتاو لەبورجی سەتڵ حەزمان بۆ گەشت و سەفەر و پرسیارکردن و گفتوگۆ زیاد دەکات، بۆیە شوێنە کۆمەڵایەتییەکان قەرەباڵغیەکی زیاتریان پێوە دەبینرێت، کاتێکی باشە بۆ داواکردنی هاوکاری، خەڵکان میزاجی دەبن و هەمیشە لەسەر بەڵێنەکانی خۆیان نامێننەوە. هەرچەندە هەسارەی ڤینۆس لەبورجی گیسکدایە، بەڵام ئەم ماوەیە بۆ بەستنی پەیوەندی نوێی سۆزداری باش نییە.



عومەر ئەحمەد

# فۆبیای بەغدا لە هەناردەکردنی سەربەخۆیانەی نەوتی هەرێمی کوردستان

دژایەتیکردنی بەغدا لە هەناردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی تورکیاوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، ئەم جارە توندتر و راشکاوانەتر بوو لە جاران. ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بەبێ هیچ دوودڵییەک، لە پرۆژەی بودجەی 2014دا هەرێمی کوردستان پابەند دەکات بە ناردنی ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت، ئەگەرنا بودجەکەی لێدەبڕێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە دەزانێت هەرێمی کوردستان تا کۆتایی ساڵی 2014 ناتوانێت ئەو ئامانجە بپێکێت، بەوپێیە ئەو کارەی حکومەتی بەغدا بە ئەنقەست ئازاردان و بەربەست دروستکردنە لەسەر ڕێی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان و دەیەوێت زۆر بە ئاشکرا پێش بە ماتۆڕی پێشکەوتنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بەهەمان شێوە پێش بە زیادبوونی قورسایی هێزی سیاسی هەرێمی کوردستان بگرێت.

هاوکات لەگەڵ دامەزرانی ژێرخانی هەناردەکردنی نەوت، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیانەوێت مافەکانی خۆیان کە پێشتر لەلایەن بەغداوە گوێی بۆ ڕانەگیراوە، بەدەستبهێنن. قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ئەنفال و جینۆساید داواکاری حکومەتەکانی رابردووی هەرێمی کوردستان بووە، ئەو داواکارییەی کە هەرگیز لەلایەن بەرپرسانی بەغداوە بەهەند وەرنەگیراوە.

کێشەیەکی دیکەی سەرەکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا، رازینەبوونی بەغدایە بە پێدانی پارەی ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن. ئەم پێداگرییە لەسەر نەدانی پارەی کۆمپانیاکان، مەترسی راوەستانی چالاکییەکانی ئەو کۆمپانیایانەی لێدەکەوێتەوە لە داهاتوودا و فاکتەرێکی کاریگەر دەبێت لە بەرزکردنەوەی ریسکی سیاسی بۆ کۆمپانیاکانی نەوت کە بەردەوامن لە کارەکانیان لە کێڵگەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان. هەربۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بووە مافی کۆمپانیاکان لە فرۆشتنی نەوتی خۆی دابین بکات.

فۆرمۆڵی هەرێمی کوردستان بۆ فرۆشتنی نەوت سادەیەو ئاڵۆز نییە. هەرێمی کوردستان دەیەوێت پاش فرۆشتنی نەوتی خۆی، پارەی کۆمپانیاکان بدات و ڕێژەیەکی بگەڕێنێتەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەموو زیانەی کە بەر قوربانیانی ئەنفال و جینۆساید کەوتوون. بڕی پارەی ئەو قەرەبوووەش لەلایەن لێژنەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە 385 ملیار دۆلار خەمڵێنراوە کە ژمارەیەکی قەبەیە و نزیکە لە بودجەی چوار ساڵی رابردووی هەموو عێراق، ئەوەش دڵی ستراتیژی نەوتی هەرێمی کوردستانە. داواکارییەکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی فیدراڵی عێراق، بودجەی پێشمەرگەیە کە بەهۆی دابیننەکردنی لەلایەن بەغداوە، هەموو ساڵێک قورساییەکی زۆر دەخاتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان و بە دابینکردنی لە بەشە بودجەی خۆی، ڕووبەڕووی کورتهێنانێکی زۆر دەبێتەوە. بودجەی وەزارەتی بەرگری و هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە راستیدا ڕێژەیەکی زۆر لە بودجەی عێراق پێکدێنن و حکومەتی هەرێمی کوردستان داواکارە بەو پێیەی کە بەپێی دەستوور هێزەکانی پێشمەرگە وەک بەشێک لە هێزەکانی بەرگری عێراق دەناسرێن، بودجەکەی لە بودجەی وەزارەتی بەرگریی عێراق دابین بکرێ.

بودجەی 2014 ی عێراق نزیکەی 175 تریلیۆن دینارە و کەمتر لە 11% ی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە. بەپێی پرۆژەی بودجەی 2014ی عێراق، تەنیا 18 تریلیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ هەرێمی کوردستان کە دەکاتە 10.2%ی بودجەی گشتیی عێراق. ئەوە لە کاتێکدایە کە 22 تریلیۆن دینار بۆ بودجەی بەرگری تەرخان کراوە، ئەوەش هەوێنی ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێرە.

لەکاتێکدا کە بەغدا 17%ی بودجەی عێراق ناداتە هەرێمی کوردستان، هاوکات ئامادەش نییە بودجەی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کە بەشێکن لە بەرگریی عێراق بگرێتە ئەستۆ. هەموو ساڵێک، حکومەتی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بە کەموکورتی دەنێرێت، تەنانەت ئەگەر چاوبگێڕین بە بودجەی تەرخانکراوی عێراق بۆ کەرتە جیاجیاکان لە ساڵانی رابردوودا، بۆمان دەردەکەوێت بودجەی ناردراوی هەرێمی کوردستان بەرابەر بووە لەگەڵ بودجەی وەزارەتێکی وەک پەروەردە.

تەنانەت ئەو بودجەیەی کە بۆ پەرەپێدانی کەرتی وزە بۆ 2014 لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە تەرخانکراوە 39 تریلیۆن دینارە و بەتەنیا زیاترە لە دووهێندەی بودجەی هەرێمی کوردستان. لەو 39 تریلیۆن دینارە کە بۆ وزە لە عێراق تەرخان کراوە، 11 تریلیۆنی بۆ کارەبایە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە کەرتی کارەبای عێراق بەراورد بە هەرێمی کوردستان لە رەوشێکی خراپدایە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت قبووڵ بکات بودجەکەی کەمتر بێت لە بودجەی چەندین وەزارەتی حکومەتی فیدراڵی، لە کاتێکدا هیچ پێشکەوتنێک لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لەو بەشانەدا بەدی نەهاتووە. لە ساڵانی رابردوودا زیاتر لە 50 ملیار دۆلار بودجە بۆ پێشخستنی کەرتی وزە و نەوت لە عێراق تەرخانکراوە، کەچی حکومەتی عێراق تەنانەت نەیتوانی لە ساڵی 2013 دا ئاستی هەناردەکردنی نەوت بەرزبکاتەوە و بگرە ئاستی هەناردەکردنی نەوت دابەزی بۆ کەمتر لەچاو ساڵی 2012.

ناکۆکییەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر بابەتی نەوت زۆرن، بەغدا گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان بە نایاسایی دەزانێت و ئامادە نییە پارەی کۆمپانیاکانی کارکەر لە هەرێمی کوردستان بدات. ئەوەش لە کاتێکدایە پێدانی پارەی کۆمپانیاکانی نەوت لە کاتی خۆیدا بەپێی ئەو گرێبەستانەی کە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیانە، گەرەنتی بەردەوامیدانە بە کارەکانیان لە داهاتوودا، بەوپێیەی کە هێشتا کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەزۆری لەسەرەتای بەرهەمهێنانی نەوتدان. قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی رژێمی پێشوو، برینی سەر جەستەی هاووڵاتیانی کورد سارێژ دەکاتەوە و دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو هەموو گوند و شار و شارۆچکەیە و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پێشخستنی ئەو ناوچانە کە هێشتا بە دواکەوتوویی ماونەتەوە. داوکارییەکانی کورد زۆر سادەن، بەڵام بەغدای تووشی هیستریا کردووە. بەرپرسانی بەغدا تاقەتی بینینی ئەوەیان نییە کە کورد گەیشتبێتە ئەو قۆناغەی نەتەنیا نەوت بەرهەمدێنێ و دەیپاڵێوێ و سووتەمەنی و کارەبا بۆ هاووڵاتیانی دابیندەکات، تەنانەت لە ڕێگەی بۆڕییەوە نەوتیش هەناردە دەکات.

ئەوەش باکگراوندێکی مێژوویی هەیە، هەموو کات دەوڵەتە خۆ بەزلزانەکانی ناوەند لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا هاووڵاتیانی کوردیان بچووک بینیوە و نەفسییەتیان شکاندووە، ئێستاش چاوی بینینی ئەوەیان نییە کە دەبینن کورد زۆر بە جوانی خۆی ئیدارە دەکات و ئەو دەسکەوتانەی کە بەدەستیهێناون ئەوان بە 10 ساڵی دیکەش ناتوانن خەونی پێوەببینن.

خۆبەزلزانینی بەغدا ناتوانێت سەربەخۆیی ئابووری و بێمنەتیی کورد لە ناوەند قەبووڵ بکات، بۆیە کاردانەوەی هیستریایی پێشاندەدات. دیارترین هێمای فۆبیای بەغدا، هەڕەشەی برینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانە. زۆر ئاشکرایە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری نەوت و بەم دواییەش هەناردەکردنی سەربەخۆیانەی نەوت، پێگەی حکومەتی ناوەند هێندە شل و بێهێز دەکات کە دەیەوێت شەڕی کۆتایی لەگەڵ بکات. چونکە دەزانێت ئەگەر ڕێگە بدات هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی نەوتی خۆی بکات، دەتوانێت داوای زۆر شتی دیکەش بکات. دیارە کورد ژیرانە مامەڵە لەگەڵ پرسی نەوتی خۆی دەکات و لەبیری نەچووەتەوە کە نەتەوەیەکە جینۆساید کراوەو ئێستا کاتی هەڵدانەوەی حیساباتی کۆنە لەگەڵ حکومەتی ناوەند. پەسەندکردنی بودجەی عێراق لە ئەنجوومەنی وەزیران بەبێ ڕەچاوکردنی کورد و سەپاندنی بەرهەمهێنانی 400 هەزار بەرمیل بەسەر هەرێمی کوردستاندا، نیشانەی کاردانەوەی هیستیریای حکومەتی ناوەندە. پێشکەوتنەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان بەغدای تووشی هیستریا کردووە، بۆیە کاردانەوەکانیان تێکەڵاوە، نازانن لە بەرامبەر هێرشی هەرێمی کوردستان بە چەکی نەوت چی بکەن.



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد)



د.بێوار خنسی*

# لەبارەی پشکی پترۆدۆلار

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە سەرەتای ساڵی 2010 پرۆژەی (پشکی پترۆدۆلار)ی بۆ پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت پەسەند کرد و بڕیاری دا لەم قۆناغە (یەک دۆلار لەبری بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت بەو پارێزگایانە ببەخشێ) و لەداهاتوودا ئەو بڕە پارەیە بۆ (2 دۆلار و دواتر بۆ 5 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی بەرهەمهێنراو) زیاد بکرێ بۆ چارەکردنی زیانەکانی بەرهەمهێنانی نەوت وەک (پیسبوونی ژینگە، تەندروستی) و هاریکاری و پێشخستنی کەرتەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان، وەک (پەروەردە، کارەبا، ئاو، شارەوانییەکان و لاوان).

بودجەی عێراق لە سەرەتای ساڵەوە دیاری دەکرێ و بەرێژەی 96% پشت بە نەوت دەبەستێ، لەسەر بنەمای (قەبارەی بەرهەمهێنانی نەوت لە ساڵێکداو خەملاندنی نرخی هەر بەرمیلێک نەوت) دەخەملێنرێ.

## کەرکووک وەک نموونەیەک بۆ جێبەجێکردنی پشکی پترۆدۆلار:

قەبارەی ئەو نەوتە خاوەی لەساڵی 2011 لە پارێزگای کەرکووک بەرهەمهێنراوە بە نزیکەی (166 ملیۆن بەرمیل) مەزەندە دەکرێ و بە نێوەندی (106 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک) فرۆشراوە، بۆیە داهاتی نەوتی پارێزگای کەرکووک بە نزیکەی (17 ملیارو 658 ملیۆن دۆلار) مەزەندە دەکرێ، پشکی کەرکووک لە پترۆدۆلار لە ساڵی 2011 گەیشتە نزیکەی (351 ملیار دینار) و لە ساڵی 2012 گەیشتە نزیکەی (278 ملیار دینار)، جگە لە (247 ملیار دینار)ی پشکی کەرکووک لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە ساڵی 2012. پشکی کەرکووک بۆ ساڵی 2013 ڕانەگەیەندراوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دابەشکردنی (پشکی پترۆدۆلار)ی بەسەر هەموو پارێزگا (بەرهەمهێنەرو بەرهەمنەهێنەری نەوت) بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ساڵی 2014 پەسەند کرد و بەسەر هەموو پارێزگاکان و بەپێی ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەک دابەش دەکرێ بەپشتبەستن بە پسوولەی خۆراکی وەزارەتی بازرگانی (جگە لە کەربەلا).

پشکی پارێزگای کەرکووک لە (پترۆدۆلار) لە 2014 بە نزیکەی 194 ملیار دینار مەزەندە دەکرێ و زۆر کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی 2011 و 2012. لە کاتێکدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە پارێزگای کەرکووک لە 2014 ڕووی لە بەرزبوونە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو.

ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی پرۆژەی پترۆدۆلار دەبنەوە:

1ـ پشکی پترۆدۆلار ڕاستەوخۆ نادرێتە پارێزگاکان، بەڵکو وەزارەتی پلاندانان لە بەغداوە سەرپەرشتی خەرجکردنی دەکات بۆ ئەو پرۆژانەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە پێشکەشی دەکرێن، پشتبەستن بەم میکانیزمە کلاسیکییە تەگەرە دەخاتە پێش جێبەجێکردنی پرۆژەکان، جگە لەوەی گەر پارێزگا هەموو ئەو پرۆژانەی کە لەسەر پشکی پترۆدۆلار پێشکەشی کردوون جێبەجێی نەکات پشکی پترۆدۆلاری لێ دەبڕدرێ.

2ـ پشکی هەر پارێزگایەک سەرەتای ساڵ ڕادەگەیەندرێ و تەنها لەو ساڵە خەرجدەکرێ و گەر ئەنجوومەنی پارێزگا بۆ نموونە نەیتوانی پرۆژە پێشنیازکراوەکان لە ماوەی ئەو ساڵە پێشکەش بکات و جێبەجێیان بکات لەبەر هەر هۆیەک بێ، وەک (پلاندانان، ئاسایش، دابینکردنی پێداویستییەکانی پرۆژەکان، ئامادەکردنی گرێبەستەکان و یان هەر هۆیەکی دیکەی پەیوەندیدار بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان) ئەوا پارێزگاکە لە بەشێکی گەورەی پشکەکەی بێبەش دەکرێ. هاوکات ئەو بەشەی کە دەمێنێتەوە ناخرێتە سەر پشکی ساڵی داهاتووی.

3ـ لاوازی ڕۆڵی دامودەزگاکان (ئیداری، دارایی و چاودێری و یاسایی) لە خێرایی ئامادەکردنی بەرنامەکانی پەرەپێدان و پێشخستن لە پارێزگاکان و لە نێویاندا پارێزگای کەرکووک، (بووەتە هۆی دەستگرتنە سەر پرۆژەکان لەلایەن کۆمپانیا جێبەجێکارەکانەوەو فرۆشتنی هەندێک لە گرێبەستەکان بە کۆمپانیای دیکە) بۆیە بووە هۆی دابەزینی کواڵیتی ئاستی جێبەجێکردنی پرۆژەکان و بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لە پارێزگاکە.

4 ـ گرنگینەدانی حکومەتی بەغدا بە پرۆژەکانی پەرەپێدان لە پارێزگا کێشە لەسەرەکان (دیالە، کەرکووک، موسڵ) بووەتە هۆی زیاتربوونی فشارو دەستگرتنە سەر پرۆژەکانی (پشکی پترۆدۆلار) و ئەوەش کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر قوڵتربوون و بڵاوتربوون و دەرکەوتنی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە بەشدارەکان لە بەڕێوەبردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکە.

5 ـ پشتبەستن بە پسوولەی خۆراک وەک بنەمایەک بۆ دابەشکردن و دیاریکردنی پشکی هەر پارێزگایەک لە بودجەی (پشکی پترۆدۆلار) بووەتە هۆی دابەشکردنێکی نادادپەروەرانە، بەبێ پشتبەستن بە قەبارەی ئەو نەوتەی لە هەر پارێزگایەک بەرهەمدێ.

6 ـ پشکی پترۆدۆلار تەنیا (نەوتی خاو) دەگرێتەوە، لەکاتێکدا پێویستە پشکی پترۆدۆلار هەموو کارەکانی بەرهەمهێنان بگرێتەوە (نەوتی خاوی بەرهەمهێنراو، پاڵاوگەکان و غازی سروشتی).

7 ـ نەبوونی یاسایەکی (تایبەت بە پترۆدۆلار) لە عێراق و هەرێمی کوردستان کە تەنیا لە ڕێگەی یاسایەکی هاوشێوە (سندووقی داهاتی پترۆدۆلار پێکبهێنرێ) و کارگێڕییەکی سەربەخۆ سەرپەرشتی دەکات بۆ گەرەنتیکردنی دابەشکردنی دادپەروەرانەو بەشێوەیەکی باشتر پشکی پترۆدۆلار بەسەر پارێزگاکان لە ڕووی (پیشەیی دادپەروەری دابەشکردن) دابەشبکرێ.

8 ـ لاوازی یان بگرە نەبوونی نوێنەری پارێزگاو هەرێمەکان (هەرێمی کوردستان) لە کۆمپانیای (سۆمۆ) کە بەرپرسیارێتی فرۆشتنی نەوتی خاوی لەئەستۆیە، جگە لە ڕۆڵنەگێڕانیان لە سندووقی داهاتی نەوت کە بنکەی لە واشنتنە.

چارەکان و پێشنیازە پێویستەکان بۆ ڕێکخستن و جێبەجێکردنی پرۆژەی پترۆدۆلار:

1ـ داڕشتنی یاسایەکی تایبەت بە پشکی پترۆدۆلار لە عێراق و هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پەسەندکردنی، بۆئەوەی جێبەجێ بکرێ و بەردەوامی جێبەجێکردنی پرۆژەی پترۆدۆلار لە داهاتوودا مسۆگەر بکات.

2ـ بەڕێوەبردنی سەندووقی پشکی پترۆدۆلار لەلایەن دەستەیەکی پسپۆر لە ئەستۆپاکی، نوێنەری پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و (هەرێمی بەرهەمهێنەرـ هەرێمی کوردستان) ی بەرهەمهێنەری نەوت و غازی سروشتی لە خۆبگرێ و لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە پەسەند بکرێ.

3 ـ یاسای پشکی پترۆدۆلار بەسەر هەموو پیشەسازییە بەرهەمهێنەرەکان جێبەجێ بکرێ، وەک (نەوتی خاو، غازی سروشتی، کبریت، پاڵاوگەکان)

4 ـ زیادکردنی پشکی پترۆدۆلار بۆ نێوان 3 تا 5 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، بەتایبەت دوای بەرزبوونی نرخی بەرمیلێک نەوتی خاو بۆ زیاتر لە 100 دۆلار.

5ـ کارکردن لەسەر مسۆگەرکردنی پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان لە کردەوەی تیرۆریستی (ناوچەکانی بەرهەمهێنان، هێڵی بۆری نەوت و غازی سروشتی، پاراستنی پاڵاوگەکان) کە گرنگن بۆ ڕێکخستن و جێبەجێکردن و بەردەوامی پلانی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە داهاتووی نزیک و دوور. هەر هەڕەشەیەک یان وەستانی بەرهەمهێنانی یان هەناردەکردن کاریگەری نەرێنی لەسەر بودجەی عێراق و پشکی پترۆدۆلار دەبێ.

6 ـ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی سیستەمی پێوەرکردنی نەوت بەرهەمهێنان و هەناردەکردن بۆ دانانی سنوورێک بۆ بەفیڕۆدانی سامانی گەل و ڕێگەگرتن لە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی کە بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی کەرتی پیشەسازی نەوت سەرهەڵدەدات.

7 ـ پێویستە پشکی پترۆدۆلار بۆ هەر پارێزگاو هەرێمێک بەتەواوی خەرجبکرێ و گەر بەشێک لە پشکی پارێزگایەک یان هەرێمێک مایەوە بەهۆی (دواکەوتنی ئامادەکردنی پرۆژەکان، دۆخی ئەمنی یان هەر تەگەرێکی دیکە) بۆی بخرێتە سەر پشکی ساڵی داهاتووی.

8 ـ پەلەکردن لە ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە عێراق بۆ دیاریکردنی ژمارەو ڕێژەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەک یان هەرێمێک لە کۆی گشتی دانیشتوان، بۆ مسۆگەرکردنی دابەشکردنێکی بێگەردو دادپەروەرانەی بودجەی عێراق و پشکی پترۆدۆلار بەو شێوەیەی لەگەڵ ماددەکانی دەستووری فیدراڵی هەمیشەیی عێراق دەگونجێ.

***ڕاوێژکاری ئاسایشی ئابووری لە دەزگای پاراستنی هەرێمی کوردستان.**

# لە کوردستان نەخۆشیی دڵ کێبڕکێ لەگەڵ سکچوون دەکات

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

دانا وەسمان، 35 ساڵ، بە حەسرەتەوە باسی ئەو شەوە درەنگەی زستانی ڕابردوو دەکات کە پەیوەندییان پێوەکرد و پێیانگوت دایکت دەیەوێ بتبینێ "بەڵام کە گەیشتم، هەموو شت تەواو ببوو". وەک ئەو باسی دەکات، تەنیا 20 خولەک ماوەی نێوان تێکچوونی باری تەندروستی دایکی و گیان لەدەستدانی بووە "پزیشکەکان گوتیان دایکت بە جەڵتەی دڵ مردووە".

جەڵتەی دڵ لە ئەنجامی گیرانی بۆرییەکانی خوێنی دڵ ڕوودەدات کە پێدەچێت پێشتر بەهۆی چەورییەوە تەسک بووبێتنەوە و وەک پێویست خوێن نەگەیەننە شانەکانی دڵ. کاتێک کڵۆیەکی خوێن لەو شوێنە تەسکبووەوەدا گیر دەخوات، خوێن بەتەواوی لەو شانانانەی دڵ دەبڕدرێت کە ئەو بۆرییە خوێنیان بۆ دەبات و هەر ئەمەشە پێیدەگوترێت جەڵتەی دڵ (نۆرە دڵێ).

بەپێی داتای فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، لە ساڵی ڕابردوودا 9856 کەس لە سەنتەری نەخۆشییەکانی دڵ داخڵکراون، کە 2567 کەسیان قەستەرە، 1529 کەسیان باڵۆن و 279 کەسی دیکەیان نەشتەرگەری دڵیان بۆ ئەنجامدراوە.

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێت ئێستا لەچاو ساڵانی پێشوودا، ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی وەک نەخۆشی دڵ دەستنیشان دەکرێن.

### هۆکارەکانی جەڵتەی دڵ

دکتۆر هاوژین فازڵ، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی، لەبارەی هۆکارەکانی زیادبوونی جەڵتەی دڵ لە مرۆڤی ئەمڕۆدا بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "خەڵکی ئێستا زیاتر ژیانێکی تەمەڵانە بەسەردەبەن، خۆراکێکی پڕ وزەتر بەکاردەهێنن کە ڕێگا خۆشدەکات بۆ قەڵەوبوون، ژمارەیەکی زیاتری خەڵکیش زیادەڕۆیی لە خواردنەوە کحولییەکاندا دەکەن، جگەرەکێشانیش هۆکارێکی گرنگی دیکەیە".

دکتۆر هاوژین دەڵێت هۆکارێکی گرنگی دیکە ئەوەیە ئێستا ئامێرە پزیشکییەکان پێشکەوتووترن و ئاسانتر لە جاران جەڵتەی دڵ دەستنیشان دەکرێت "ڕەنگە جاران چەندەها کەس بە جەڵتەی دڵ گیانیان لەدەستدابێت، بێ ئەوەی هۆکارەکەی زانرابێت".

### نیشانەکانی جەڵتەی دڵ

نیشانە بڵاوەکانی جەڵتەی دڵ بریتین لە ئازاری سنگ، تەنگەنەفەسی، ئێڵنج و ڕشانەوە، دڵەکوتێ، یاخود لەشێوەی مردنی کتوپڕی کەسەکەدا دەبێت. ئەو کەسانەی نەخۆشیی شەکرەیان هەیە کەمتر هەست بە نیشانەکانی جەڵتە دەکەن.



پزیشکە پسپۆڕەکەی هەناو دەڵێت هەندێک کەس ئەگەری تووشبوونیان بە جەڵتەی دڵ، لە کەسانی دیکە زیاترە "ئەو پیاوانەی تەمەنیان سەروو 40 ساڵە، ئەو ئافرەتانەی لە 50 ساڵ زیاترن، جگەرەکێشەکان، قەڵەوەکان، تووشبووانی شەکرە و بەرزیی فشاری خوێن و ئەوانەی لە خێزان و کەسە نزیکەکانیاندا کەسێک یان زیاتریان تووشی جەڵتەی دڵ بووە".

لە سەرتاسەری جیهاندا ئێستا جەڵتەی دڵ هۆکاری گرنگی نەخۆشکەوتن و مردنی مرۆڤە، بەجۆرێک لە ئەمریکا ساڵانە یەک ملیۆن کەس تووشی جەڵتەی دڵ دەبن.

### کێبڕکێ لەگەڵ سکچوون دەکات

بەپێی ئاماری ساڵی 2013ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانیش، نزیکەی 5%ی سەرجەمی ئەو کەسانەی داخڵی نەخۆشخانەکانی سلێمانی بوون، لە سەنتەری نەخۆشییەکانی دڵ لەو شارە داخڵ بوون، ئەمەش جیاوازییەکی زۆر بەرچاوی نییە لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی، کە بەهۆی نەخۆشییەکی بەربڵاوی وەک سکچوون لە هەمانساڵدا داخڵی نەخۆشخانە بوون و ماونەتەوە، کە ڕێژەیان 7.3%ە.

### خۆپاراستن لە جەڵتەی دڵ

پزیشکان دەڵێن بەشێکی گرنگی خۆپاراستن لە تووشبوون بە جەڵتەی دڵ، لەدەست خودی نەخۆش دایە.

دکتۆر هاوژین فازل، هەڵگری بڕوانامەی بۆرد لە نەخۆشییەکانی هەناو، هەندێک لەو هەنگاوە گرنگانەی ڕوونکردەوە کە بە جێبەجێکردنیان ئەگەری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ کەمدەکەنەوە "خواردنێکی تەندروست کە کالۆرییەکی کەمی تێدابێت و بە ڤیتامین و ڕیشاڵە خۆراکییەکان دەوڵەمەند بێت، وەک سەوزە و میوە و پاقلەمەنییەکان، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، زێدەڕۆیی نەکردن لە خواردنەوە کحولییەکاندا، ڕێکخستنی کێش و ئەنجامدانی وەرزش بەگوێرەی باری تەندروستی گشتی لەش".

# چارەسەری جەڵتەی دڵ

**دکتۆر ئازاد مەنتک***

لە ساڵی 2010دا، وەزارەتی تەندروستی عێراق هۆشداری دا کە نەخۆشییەکانی دڵ بووەتە هۆکاری یەکەمی مەرگ لە سەرانسەری عێراقدا. هەر کەسێک تەمەنی بگاتە 45 ساڵ و هەر کاتێک هەستی بە ژانی سینگی کرد، دەبێت ڕاوێژی پزیشکی پسپۆڕی بۆ وەربگرێت. ئەگەر دەرکەوت کەسەکە نەخۆشی جەڵتەی دڵی هەیە، دەبێت یەکسەر لە یەکەی بووژانەوەی دڵ بخەوێندرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت کام موولوولەی خوێنی گیراوە، کام لای دڵ جەڵتە لێیداوە، ئایا ماک و ئاڵۆزییەکان لەسەر نەخۆشەکە دەرکەوتوون، ماوەی مانەوەی نەخۆشەکە لە یەکەی بووژانەوەی دڵ دیاری دەکرێت. بە زۆریش ئەو جۆرە نەخۆشانە لە نێوان (3 — 5) ڕۆژ لە یەکەی بووژانەوەی دڵ دەمێننەوە، لەکاتی مانەوەی نەخۆشەکە پزیشک چاودێری باشتربوونی کەسەکە و نەمانی نیشانەکانی دەکات، ئەگەر ئاڵۆزییەکی هەبوو چارەسەری دەکات.

نەخۆشی جەڵتەی دڵ سێ قۆناغی هەیە، ئەوانیش: لەناکاو و هەنووکەیی (ACUTE) کە لە یەکەم ساتی تووشبوونەکە هەتا یەک مانگ دوای جەڵتەی دڵەکەیە، قۆناغی ناوەند (SUBACUTE) کە لە مانگێک هەتا ساڵێکە، قۆناغی درێژخایەن (chronic) کە لە ساڵێک بۆ چەند ساڵێک دەخایەنێت.

چارەسەری زۆربەی کات بە پێدانی دەرمان دەبێت کە بە گوێرەی قۆناغەکان جیاوازی هەیە، هەموو کات دەرمانەکان بۆ ئەوەیە کە نەخۆشەکە نیشانەکانی نەمێنێت و یارمەتی چاک کارکردنی دڵ بدات و چارەسەری ئەو هۆکارانە بکات کە دەبێتە هۆی گیرانەوەی موولوولەی خوێنبەری دڵ. هەندێکجاریش نەخۆش بۆ چارەسەری پێویستی بە نەشتەرگەری دەبێت، دوای نەشتەرگەرییەکە دەرمان وەردەگرێت بۆ نەهێشتنی هۆکارە مەترسیدارەکان. هەر کەسێک تووشی نەخۆشی جەڵتەی دڵ بوو، مانای ئەوە نییە ژیانی تەواو بووە و دەست لە خۆی بشوات، بەڵکو زۆربەی ئەوانەی کە تووشی جەڵتەی دڵ بوون دەتوانن بەرەبەرە بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان ئەگەر بە گوێرەی ڕێنمایی پزیشکی پسپۆڕ بجوڵێنەوە و چارەسەر وەربگرن. هەموو ئەوانەی تووشی جەڵتەی دڵ بوون پێویست دەکات ئەگەر هیچ نەبێت ساڵی دووجار سەردانی پزیشکی پسۆڕی چارەسەرکەر بکەنەوە بە مەرجێک هیچیان نەبێت، ئەگەر نیشانەی ماک و ئاڵۆزی هەبوو زووتر سەردان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە هەنگاوەکانی خۆپاراستن دڵنیا بێت و ئاڵۆزییەکان دەرنەکەونەوە و جارێکی دیکە تووشی جەڵتەی دڵ نەبێتەوە.



*** ماستەر لە نەخۆشییەکانی دڵ**

# چیرۆکی کەسایەتییەکان لەگەڵ نەخۆشیی دڵ

## جەڵتە کلینتنی کرد بە ڕووەکخۆر



لە شوباتی 2011 دا بێڵ کلینتن، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دوای ئەوەی تووشی ئازاری سنگ هات، دەرکەوت بەهۆی جەڵتەی دڵەوە ئەو ئازارەی هەبووە و دوو ستێنت لە بۆرییەکانی خوێنی دڵیدا دانران. پێشتر و لە ساڵی 2004 نەشتەرگەری چاندنی چوار بۆری خوێنی بۆ ئەنجامدرا. ساڵی 2005یش جارێکی دیکە بۆ چارەسەری بۆرییەکانی خوێنی دڵی، داخڵی نەخۆشخانە کرایەوە.

کەناڵی cnn دەڵێت ئێستا کلینتن ئەوەندەی نەماوە بەتەواوی ببێتە مرۆڤێکی گیاخۆر و لە بری گۆشت و هێلکە و شیر، خووی داوەتە خواردنی میوە و سەوزە و پاقلەمەنییەکان. کلینتن بە کەناڵەکەی گوتبوو "بەختم هەبوو جەڵتەی دڵ نەیکوشتم".

## دیک چینی دڵی دەستکردی هەیە



دوای ئەوەی پێنج جار جەڵتە لێیدا، لە کانوونی دووەمی 2011 دا دڵێکی دەستکرد بۆ دیک چینی، جێگری سەرۆکی ئەمریکا دانرا. لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی USA Today گوتبووی "ئەو ئامێرە منی لە پەککەوتنی تەواوەتی دڵ پاراست". چینی گوتبووشی "چواردە مانگ لەمەوبەر تەندروستیم زۆر خراپ بوو، بەڵام دوای دانانی ئەو ئامێرە گەڕاومەتەوە بۆ ژیانێکی نیمچە ئاسایی، ڕاو دەکەم، دەچمە گەشت، کتێب دەنووسم، ڕاوەماسیش دەکەم". یەکەم جەڵتە لە ساڵی 1978 لە دیک چینی دا کە ئەوکات تەمەنی 37 ساڵ بوو.

## جۆرج بووش 95 %ی بۆرییەکی دڵی گیرابوو



مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو بە مەبەستی دانانی ستێنتێک، جۆرج بووشی کوڕ لە تەمەنی 67 ساڵیدا داخڵی نەخۆشخانە کرا و دەرکەوت باری تەندروستیی لەوە خراپترە کە چاوەڕوان دەکرا، چونکە 95%ی بۆرییەکی سەرەکی دڵی گیرابوو، مەترسی لەسەر ژیانی هەبوو.

جۆرج بووش نیشانەی جەڵتەی دڵی نەبوو، بەڵام وەک ڕۆتین و ئەنجامدانی پشکنینی پێشوەختە دەرکەوت تەسکبوونەوەیەکی مەترسیداری بۆری خوێنی دڵی هەیە و بەرلەوەی جەڵتە لێیبدات، چارەسەر کرا.

د.کیڤن کامپڵ پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ لە زانکۆی کارۆلایناى باکوور بە فۆکس نیوزی گوتبوو "ئەم حاڵەتەی بەڕێز بووش بۆمان دەردەخات چۆن پشکنینی پێشوەختە دەتوانێت ژیانی کەسێک بپارێزێت".

## یەکەی بووژانەوەی دڵ لە هەولێر ببووژێننەوە



**دکتۆر ئاراس برادۆستی**

ئەو نەخۆشەی دوێنێ بەهۆی جەڵتەی دڵەوە گەیێنرایە یەکەی بووژانەوەی دڵ و بە شۆکی کارەبایی لە مردن گەڕایەوە، ئێستا لەگەڵ هاوەڵەکەی خەریکی خواردنی کەبابە، ئەمە قسەی پزیشکێکی هاوڕێمە لە یەکەی بووژانەوەی دڵی هەولێر.

بەڵام هەر ئەو هاوڕێ پزیشکەشم نەیشاردەوە کە دیوار و پەردە چڵکنەکانی ئەو یەکەیە، تەنەکە خۆڵە سەرکراوەکانی بەردەم نەخۆشە حاڵ خراپەکان و بۆنی ئاودەستەکەی نێو هۆڵە سەرەکییەکەی، ڕێژەی هاتنە ژوورەوەی خزم و کەسی نەخۆشەکانی کەم کردووەتەوە.

ئەوێندەرێ کە دەبێت بەهەشتۆکەیەکی خنجیلانەی هێمن بێت، ڕۆژانە جمەی دێت لە خزم و کەسوکار و دەر و دراوسێ و دۆست و ناسیاوی ئەو نەخۆشانەی کە ئەگەر جەڵتەش لێی نەدابن بە وەڵامدانەوەی ئەو هەموو چاک و چۆنییە جەڵتە لێیان دەدات، خۆ ئەگەر جەڵتەش کاری خۆی کردبێت ئەوا نە دەستی عیسا و نە دار عەساکەی موساش دوای ئەم هەموو سڵاو و لێپرسینە، چاکیان ناکاتەوە.

شەکەتی و ناتەواوی ئامێرەکانی مۆنیتەر و نەبوونی PCI و هەندێک دەرمانی زۆر گرنگ لەو یەکەیە عەیبەیەکی گەورەن لەسەر سیستەمی تەندروستی ئەو پایتەختەی کە سەری زمان و بنی زمانی بەرپرسەکانی پێداهەڵدانە بە بەژن و باڵای باڵەخانەکانی خۆیان و کەسە نزیکەکانیان.

من نامەوێت باسی ئەوە بکەم کە ئەگەر نەخۆشێک پێویستی بە CT angiography بوو دەبێت لەپێناوی مانەوەی لە ژیان خۆی شەرمەزاری خاوەن خانووەکەی بکات و کرێی ئەم مانگەی بکاتە قوربانی ئەنجامدانی پشکنینەکە، لەوەش تێدەگەم کە باڵەخانەی کۆنی نەخۆشخانەکە و هەڵکەوتەکەی هی ئەوە نییە باخچەیەک بۆ ئەو نەخۆشانە دروست بکرێت، درک بەو ڕاستییەش دەکەم کە نەهێنانی ئامێرە پێشکەوتووە پێویستەکان لە بەرژەوەندی هەندێک بازرگانی بێویژدانی هەلپەرست نییە کە مشەخۆرانە خەریکی هەڵدرینی گیرفانە پێشتر دڕاوەکانی نەخۆشە هەژارەکانی ئەم وڵاتەن، ئەو ڕاستییەشم لەلا ڕوونە کە ئەو قسە حەق و ڕەقانەم زۆر لە بەرپرسانی ئەم شارە پەست دەکات، بەڵام ئەمانە هیچ یەکێکیان قەرەبووی گریانی دایکێکی جەرگ سووتاو ناکەوە کە بەهۆی نەبوونی PCI کوڕەکەی گیان لەدەست دەدات و کوڕی بەرپرسەکانیش بۆ سەر ئێشە دەچنە پێشکەوتووترین سەنتەری دنیا.

ویژدانیشم ئەوەندەی فێرکردووم کە بە بێدەنگبوونم لەو بارە ناهەموارەی ئەو یەکەیە، دەبمە بەشێک لە هۆکاری ناڵەبارییەکەی.

بۆیە دەمەوێ بڵێم، تکایە، ئەگەر ناشتوانن یەکەی بووژانەوەی دڵی هەولێر وەکو هی دوبەی لێبکەن، لانیکەم بیگەیەننە ئاستی ئەوەی سلێمانی.

نۆرین
ئەم هەفتەیە لە نەشتەرگەری منداڵبوون و چاودێری منداڵ دوای لە دایکبوون دەنۆڕێت
کاتەکانی پەخشکردن: هەینی کاژێر 18:00
دووبارە: شەممە کاژێر 00:00 و یەکشەممە کاژێر 14:00
هەواڵە تەندروستییەکانی (ڕووداو) لە یەکشەممە تا پێنجشەممە
کاژێر: 18:20 خولەکی ئێوارە
دووبارە: کاژێر 07:50 ی بەیانی لە نووڕۆژ
دوو هەواڵی زۆر خوێنراوی لاپەڕەی تەندروستی ماڵپەڕی ڕووداو:
1 - داهێنەری دڵی دەستکرد کوردە
2 - نەخۆشێکی کۆڕی پزیشکانی نەخۆشخانەیەک تووشی شۆک دەکات
بۆ خوێندنەوەیان سەردانی لاپەڕەی تەندروستی ماڵپەڕی ڕووداو بکە:
www.rudaw.net

# حاخامێکی خۆشەویست، بە تەمەنترین کورد لە دڵی شارە پیرۆزەکەدا

لازار بێرمان
ڕووداو- ئۆرشەلیم

زەکەریا بەراشی سەرکردەی رووحی کوردەکانی ئیسرائیل تەمەنی 114 ساڵە، سەرەڕای ژیانە پڕ مەینەتی و سەختەکەی، هێشتا حەکیم و قسەخۆش و دڵگەشە.

لە خانوویەکی سادەی گەڕەکی (باکا) کە تەنیا یەک میل لە قودسی کۆنەوە دوورە، بەتەمەنترین جوولەکەی جیهان ژیانی ڕۆژانەی بە سرووتە ئاینییەکانی دەستپێدەکات، هەروەک چۆن نزیکەی یەک سەدەی ژیانی بەو شێوەیە تێپەڕاندووە.

سپێدە زوو لە خەو رادەبێت و بە هاوکاری یەکێک لە خوێندکارەکانی جلوبەرگە ئاینییەکەی لەبەردەکات و دەستدەکات بە نوێژ و پاڕانەوە. ئینجا دادەنیشێ و دەستدەکات بە خوێندنەوەی تەورات و تەلمود و کەببالا، هەر بەو گوڕوتینەوە کە لە سەردەمی لاوی دەیخوێند، ئێستاش خەریکی خوێندنەوە ئاینییەکانیەتی. جگە لەوەی کە بەتەمەنترین جوولەکەی جیهانە، هەروەها بەتەمەنترین کوردی جیهانیشە.. تەنانەت پێدەچێ بە تەمەنترین مرۆڤی جیهانیش بێت.

ئەم پیاوە بەتەمەنە هێشتا بیرتیژ و چالاکە. ڕووداوەکانی 80 ساڵ لەمەوبەری لەبیرماوە و زۆر بە ڕوونی و دروستی دەیانگێڕێتەوە. ناوی تەواوی کەسەکان، شوێن و تەنانەت نرخی کرێی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە سەردەمی لاوێتیدا ناوچەی بادینانیان پێ گەڕاوە، هەروەها کرێی ئەو ئۆتۆمبێلەی کە دواجار گەیاندیە ئەو شوێنەی ئێستا پێیدەگوترێ ئیسرائیل و ئەوکات لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوو، بە دروستی دەزانێت.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەم پیاوە بەخشندەیە سێ کاژێری لە کاتی خۆی بە من بەخشی بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە و چیرۆکی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە.

زەکەریا لە ساڵی 1900 لە بەراشی لەدایک بووە و دوا منداڵی حاخام ئێلیاهوو بەراشی و سمچەی هاوسەری بووە. شەش لە خوشک و براکانی بە منداڵی مردوون و تەنیا خۆی و دوو خوشکی بە ناوی سارا و ڕەیحانە ماونەتەوە.

دایک و باوکی زەکەریا بە کاری کشتوکاڵ و بازرگانیی ترێ و خورما و چەرەزاتەوە خەریک بوون. جووەکان، وەک بەراشی دەڵێت، هەروەها جلوبەرگی کوردییان دەدروی. جلوبەرگی درواوی جووەکان خواستی زیاتری لەسەربوو وەک لەوەی دراوسێ موسڵمانەکانیان.

خێزانەکەی زەکەریا شەش مانگ دوای لەدایکبوونی زەکەریا بەراشیان بەجێهێشت و چوونە گوندێکی بچووک کە چوار کاژێر لە ئەترووشەوە دوور بوو. دواتر لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لەگەڵ باپیری دەچێتە ئەترووش و لەوێ لەگەڵ ئەو دەژی. پاش ماوەیەک باوکی زەکەریاش دەچێتە ئەترووش و دەبێتە حاخامی جووەکانی ئەوێ کە نزیکەی 100 کەسێک دەبوون.

خێزانەکەی زەکەریا بە گوندەکاندا دەگەڕان، ئەوەش لەبەرئەوەی باوکی زەکەریا دەچووە نێو جووەکان و وەکو حاخام خزمەتی دەکردن. زەکەریا بەبیری دێت کە باوکی لە ڕۆژی یەکشەممە ماڵی بەجێدەهێشت و ڕۆژی هەینی دەگەڕایەوە. هەندێک جار تەنانەت دوای دوو هەفتە ئینجا دەگەڕایەوە. ژیانی خێزانیی ئەو ئاسان نەبوو. بەبیری دێت کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ژیانێکی سەختیان لە ماوەی سێ ساڵی قاتوقڕیدا بەسەربرد.

زەکەریا بەبیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژانە دەڵێت "تورکەکان لەدوای جەنگ هەرچییەک هەبوو تاڵانیان کرد. ئەوەی لە جەنگدا نەکوژرابوو دواتر لەبەر برسێتی مرد".

بۆ جووەکان ئەستەم بوو تەورات و تەلمود بخوێنن، چونکە یاشیڤا (حوجرەی خوێندن) بۆ جووەکان لە ناوچەکەدا نەبوو، بەڵام جووەکانی دهۆک و سندۆر کە ژمارەیان زۆر بوو، سینەگۆگ (پەرستگا)ی گەورەیان هەبوو، لەوێ تەورات و تەلمودیان دەخوێند.

بە پێچەوانەی جووەکانی وڵاتانی دیکەوە، 90%ی جووەکانی کوردستان نەخوێندەوار بوون. لە 10 کەس یەکێکیان دەیزانی چۆن نوێژ بکات. سەرەڕای ئەمانە، زەکەریا دەڵێت "جووەکان ڕۆژانی سەبەت (شەممە) و بۆنە ئاینییەکانیان پیرۆز ڕادەگرت و خواردنەکانیان هەموو کۆشەر (حەڵاڵی جوو) بوون و لە خواترس بوون و ڕێزی بەتەمەنەکانیان دەگرت".

بەهۆی نەخوێندەواری، حاخامی ناوچەکە دەبووایە مانای نوێژ و گوتارەکانیان بۆ بکاتە ئارامی و کرمانجی تا خەڵکانی نەخوێندەوار لێی تێبگەن.

سەرەڕای سەختیی ژیان لە کوردستان، حاخام زەکەریا بیرەوەری خۆشی منداڵی زۆری لەلایە. هەر دوای تەواوکردنی خوێندنی تەورات لەگەڵ باوکی، خێرا خۆی دەگەیاندە دەرەوە بۆئەوەی لەگەڵ منداڵەکانی دیکە یاری بکات. منداڵانی گوند، موسڵمان و جوو، هەموو پێکەوە گەمەیان دەکرد "نێوانمان زۆر خۆش بوو لەگەڵ کوردە موسڵمانەکان، وەکو برا وابووین. هەرگیز شەڕمان نەدەکرد. ئەگەر شەڕێکیش بکرابایە، یەکسەر ئاغای گوندیان ئاگادار دەکردەوە، ئاغاش دایک و باوکی منداڵە بەشەڕهاتووەکانی ئاگادار دەکردەوە کە ئەگەر تەمبێی منداڵەکانیان نەکەن ئەوا بە بنەماڵەوە لە گوندیان وەدەردەنێ".



زەکەریا بەراشی

زەکەریا دەڵێت ئەو پەیوەندییەی لە نێوان موسڵمانەکان و جووەکان هەبوو لە کوردستان، هەرگیز ناکرێت بە پەیوەندی ئێستای نێوان عەرەب و جووەکانی ئیسرائیل بەراورد بکرێ "ئەوێ وەکو باخچەی عەدەن وابوو"، بەڵام حاخام زەکەریا دەڵێت "ئەمڕۆ هەموو شتێک وێرانەیە".

زەکەریا پیاوێکی بە ناوی میرزا لەبیرماوە کە ئاغای مریبا بوو، ئەو شارۆچکەیەی کە خێزانەکەی زەکەریای لێ دەژیا. ئەو دەڵێت "میرزا پیاوێکی مەزن بوو، یەکێک بوو لە مەزنترین دەسەڵاتدارانی چیاکانی کوردستان".

جارێک هاوسەرەکەی میرزا، زەکەریای لە مردن ڕزگار کرد، تەمەنی زەکەریا ئەوکات تەنها 11 ساڵ بوو.

ڕۆژێکی دوای جەژنی قوربان لای جوولەکەکان، ماڵی زەکەریا هیچیان بۆ خواردن شک نەدەبرد. دوو ڕۆژ بوو هیچیان نەبوو بیخۆن. زەکەریا لە برسان نەخۆشکەوتبوو. باوکی چوو بوو تا هەوڵ بدات شتێک بۆ خواردن پەیدا بکات. دایکی زەکەریا هەوڵی پەیداکردنی پاروە نانێکی بوو، نەیدەویست ئەم منداڵەشی وەکو منداڵەکانی دیکەی لەدەستبدات. دایکی زەکەریا خۆی گەیاندە ماڵی ئاغا و داوای لە ژنی ئاغا کرد تۆزێک خواردنی بداتێ، بەڵام خێزانەکەی ئاغا دوودڵ بوو لەوەی خواردنی بداتێ، چونکە دەترسا ئەگەر ئاغای مێردی پێی بزانێت ڕەنگە تووڕە بێت، چونکە ئەگەر خەڵکی گوند بیانزانیبایە ماڵی ئاغا خواردن دەبەخشن، ئیتر هەموویان ڕوویان لەوێ دەکرد و ئاغاش ناچار دەبوو خواردن بداتە هەمووان. بەڵام دایکی زەکەریا کۆڵی نادات و بە ژنی ئاغا دەڵێ کە ژیانی زەکەریای کوڕی لە مەترسیدایە. هەروەها بەڵێن بە ژنی ئاغا دەدا کە خواردنەکە لە ژێر عەباکەی بشارێتەوە و نەهێڵێت کەس بیبینێ. ئینجا ژنی ئاغا ڕازی دەبێت هەندێ خواردنی بداتێ و ژیانی زەکەریاش لە مردن ڕزگار دەبێ.

ئاغا ڕێزی زۆری لە جووەکانی ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەگرت. زەکەریا بەبیری دێت کە خێزانەکەی هەموو شەوانی هەینییەک سەردانی ماڵی ئاغایان دەکرد. بەڵام دواتر کە کوڕەکانی ئاغا گەورەبوون دەستیان کرد بە جگەرە کێشان، لەکاتی سەردانی ماڵی زەکەریاش کوڕەکانی ئاغا هەر جگەرەیان دەکێشا. باوکی زەکەریا بە ئاغای گوت کە ئەو چیتر ناتوانێت بێت بۆ ماڵی ئاغا، چونکە لە شەوانی هەینی لەسەر شەممە جگەرە لای جووەکان حەرامە، لەبەرئەوە ماڵی زەکەریا نەیاندەویست لە شوێنێکدا بن کە جگەرەی تێدا دەکێشرێت.

لە وەڵامی ئەو قسەیەی باوکی زەکەریا، ئاغا بڕیارێکی توند دەردەکات: "کەس بۆی نییە لە شەوانی هەینی- شەممە لەم ماڵەدا جگەرە بکێشێت".

ئاغا بۆ ئەوەی میوانە جووەکانی بە ئاسوودەیی سەردانی بکەن، ئەو بڕیارەی دەرکرد.

دوای ئەوەی زەکەریا لە باوکیەوە دەبینێت ژیانی حاخامی چەندە زەحمەتە، بڕیار دەدات نەبێتە حاخام، بەڵام باوکی زۆری لێکرد کە بچێتە لای حاخامێک لە ئاکرێ بۆ ئەوەی فێری تەورات ببێت.

لە تەمەنی 15 ساڵیدا، زەکەریا باوکی ڕازی دەکات کە ماڵەکەیان بگوازنەوە بۆ سندۆر. سندۆر تەنیا گوندێکی ناوچەکە بوو کە سەرجەم دانیشتووانەکەی جوو بوون. باوکی زەکەریا بووە حاخامی ئەو گوندە. لە تەمەنی 18 ساڵیدا زەکەریا بۆ یەکەمجار چاوی بەو ئافرەتە کەوت کە دواتر ژیانی لەگەڵ هاوبەش کرد.

بە زەردەخەنەیەکەوە دەڵێت "یەکتر ناسینی من و خێزانم وەکو هەر کەسێکی دیکەی ئەمڕۆ وابوو". ئەو لە گێڕانەوەی چیرۆکی یەکتر ناسینەکەیان بەردەوام بوو "لەسەر شانۆی دانسکردن (هەڵپەڕکێ) یەکترمان ناسی. لە شەوانی هەینیدا دوای خواردن هەموو گەنجان دەچووینە گۆڕەپانی شار و هەڵپەڕکێی کوردیمان دەکرد تا دەوری یەک و دووی شەو. ڕۆژی دوایی دیسان هەڵپەڕکێ دەستی پێدەکردەوە تا دوا ژەمی سەبەت (شەممە). برا گەورەکەی هاوڕێی خۆم بوو. باپیریشیم دەناسی، ناوی یوسف ئاربایا بوو. داوام لە باوکم کرد بچێتە داوای".

زەکەریا لە تەمەنی 20 ساڵیدا زەماوەندی سازکرد.

هەرچەندە هاوسەرەکەی ماوەیەکی زۆرە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام زەکەریا تا ئێستاش وەکو ئەوکاتە باسی هاوسەرەکەی دەکات کە گەنج بوون و لە گۆڕەپانەکەی شاردا دەستی یەکیان دەگرت و هەڵپەڕکێی کوردییان دەکرد، خۆشەویستی زەکەریا بۆ هاوسەرەکەی تا ئێستاش وەکو خۆشەویستی لاوێکی تازە هەرزەکارە.

"خۆشەویستی بە پارە ناکڕدرێت. هیچ کەس جگە لە خوا بۆ خۆی نازانێت بۆچی پیاو دڵی دەچێتە سەر ئەو ئافرەتە، نەک دانەیەکی دیکە. لە سندۆر چەندین ئافرەتی جوان و ڕێکوپێکی لێبوو، بەڵام من عاشقی ئەو کچە بووم. خۆشحاڵم کە ژیانم لەگەڵ ئەو گوزەراند. هیچ شتێکی خراپم لەو ئافرەتەدا هەرگیز بەدی نەکرد. بێدەنگ، ڕێکوپێک، چوست و چالاک و شۆخ بوو". زەکەریا بەو شێوەیە وەسفی هاوسەرەکەی دەکات.

لەسەرەتادا هەژار بوون، بەڵام وردە وردە دەستیانکرد بە دروینی شەرواڵ و مرادخانی. بە تێپەڕبوونی کات، ئەو دوو لاوە ناوبانگێکی باشیان بۆ خۆیان پەیدا کرد. پاشان بوونە خاوەنی سێ منداڵ، بچووکترین منداڵیان ناوی موشێ بوو، بەڵام لە تەمەنێکی کەمدا کۆچی دوایی کرد.

ئیدی گۆڕانکاری ڕووی لە خێزانی زەکەریا کرد. زەکەریا نەیدەتوانی بیرۆکەی بارکردن بۆ شاری ئۆرشەلیم (قودس) لە مێشکی خۆی دەربکات. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە نامەی لە خزمەکانییەوە لە شاری زیکرۆنەوە بۆ دەهات و داوایان لێدەکرد ماڵەکەی بگوازێتەوە بۆ ئەوێ. زەکەریا بڕیاری دا پاسپۆرت دەربهێنێت و بەرەو ئەو وڵاتەی ئەمڕۆ ناوی ئیسرائیلە بار بکات. بەڵام ئەوکات دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بارکردنی جووەکانیان بۆ فەلەستین زۆر سنووردار کردبوو. دوو ساڵی خایاند تا زەکەریا توانی پاسپۆرت دەربهێنێت. هەموو پارە و پووڵی لە ڕێگەی وەرەقە و بەخشیشداندا سەرف کرد.

بەدەم گاڵتەوە دەڵێت "لە کۆچەکەی مووسا بۆ میسر ئەستەمتر بوو. ئێ خۆ کۆچی ئەوان تەنیا یەک ساڵی پێچوو، هەموشیان بەسەلامەتی گەیشتن".

ساڵی 1933 پاسپۆرتی وەرگرت، بەڵام هێشتا هەر چاوەڕێ بوو کە مۆڵەت وەربگرێت بۆئەوەی بڕوات بۆ لای خزمەکانی. ساڵی 1934 بەریتانیا بەهۆی فشاری عەرەبەکانەوە چوونی جووەکانی بۆ ئیسرائیل قەدەغە کرد، بەڵام خزمەکانی لە ئیسرائیل پێشنیازیان بۆ زەکەریا کرد کە لەسەر پاسپۆرتەکەی بنووسێت حاخام زەکەریا، چونکە ئەوکات بەریتانییەکان تەنیا ڕێگەیان بە حاخامەکان دەدا بچنە ئیسرائیل.

ئەو هەر چاوەڕێی دەکرد تاوەکو لە ساڵی 1936 هەلی بۆ ڕەخسا. ئەوکات دکتۆر موشێ زامورا، نوێنەری ئاژانسی جووەکان کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بوو، هاوکاری جووەکانی دەکرد تا بچنە ئیسرائیل، هات بۆ کوردستان. زەکەریا چونکە زمانی عیبری دەزانی، وەکو وەرگێڕی د.موشێ دەستنیشان کرا.

ئەوکات زامورا بە زەکەریای ڕاگەیاند کە بچێتە بەغدا بۆ ئەوەی مۆڵەتی چوون بۆ ئیسرائیل وەربگرێت. زەکەریاش دەستبەجێ خۆی گەیاندە بەغدا و دواجار مۆڵەتی وەرگرت. بەڵام نەیتوانی مۆڵەت بۆ دایک و باوکیشی وەربگرێت. زەکەریا زۆری پێ ناخۆش بوو، چەند جارێک بیری لەوە کردەوە کە واز لە بیرۆکەی چوون بۆ ئیسرائیل بهێنێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دایک و باوکی بژێت. بەڵام باوکی سوور بوو لەسەر ڕۆیشتنی. باوکی بە بڕوایەکی بەهێزەوە بە زەکەریای گوت "بۆت نییە ئەوەی کە بۆت دەستنیشانکراوە دوابخەیت. دەبێت سەفەری شاری پیرۆز بکەیت. خوا لێت خۆش دەبێت و ڕێگەچارەیەکیش بۆ ئێمە دەدۆزێتەوە.. ئێمەش دێین، ئەگەرنا ئەوە تۆ خێر و چاکەی خۆتت بەجێ گەیاندووە بۆیە خوا پاداشتی داویتەوە و بڕۆ بەبێ هیچ دوودڵییەک".

دوای ماڵئاوایی لە هاوڕێ و دۆستەکانی، زەکەریا وەرەقە و وەرەقەکاری بەخشینی سەربازی تەواوکرد و لە مووسڵەوە ڕوویکردە دیمەشق و لەوێوە بەرەو ئیسرائیل، گەشتێکی لەو جۆرە لەو سەردەمەدا چوار ڕۆژی دەخایاند.

زەکەریا بەبیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژانە دەڵێت "پێنج خێزان بووین، ئەو ڕۆژە هەموومان پێکەوە ڕۆیشتین. پیاوێکمان لەگەڵ بوو بەناوی گەدالیە، ناوی ژنەکەیم لەبیرنەماوە. بەڵام خێزانەکەی کاتی منداڵبوونی هاتبوو. پیاوەکان لە پاسەکە دابەزین و ژنەکانیش لە پاسەکەدا مانەوە و هاوکاری ژنەکەیان کرد تا منداڵەکەی ببێت. دوای سێ سەعات لە گەشتەکەمان ئەمە ڕوویدا، لە ناوەڕاستی بیابانێکدا بووین".

لە دیمەشق بەولاوە کۆسپی زۆر هاتە سەر ڕێیان. شۆفێرەکەیان کە کابرایەکی مەسیحی کاتۆلیکی بووە بەناوی یاقوب، لە ناوچەی دێر ئەلزوور نەفەرەکانی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەجێهێشت. ئەو شارەش هیچ جووی تێدا نەبوو، لەبەرئەوە نەیاندەتوانی خواردنی کۆشەر بدۆزنەوە. بەڵام دواجار لە دیمەشق، شەوی (سەبەت)یان لەگەڵ جووەکانی ئەو شارە بەسەربرد. دوایی لەوێشەوە سواری شەمەندەفەر بوون بەرەو شارە پیرۆزەکە "ڕۆژی پێنجشەممە کە دەیکردە دوازدەیەم ڕۆژی مانگی چێشڤان، گەیشتینە جێگەی مەبەست، شارە پیرۆزەکە، ئۆرشەلیم".

سەرەتا ژیان لە ئۆرشەلیم بۆ زەکەریا و خێزانەکەی ئەستەم بوو، دیسان دووچاری هەژاری و نەداری بوونەوە. ناوی خۆی لە کۆمەڵەی کرێکارانی جوو (هیستادروت) تۆمارکرد بەو هیوایەی کاری کرێکاری پێبدەن. بەڵام کارەکان لەسەر بنەمای خاڵ دەدران. خاڵەکانیش بەپێی ژمارەی ئەندامانی خێزان و بەپێی پێداویستی خێزانەکان دەبەخشران. ناوی زەکەریا لە خواری لیستەکەدا بوو. ژنەکەی بە پێچەوانەی خواستی زەکەریاوە بڕیاری دا دەست بکات بە کارکردن. ئەو وەکو خزمەتگوزار کاری دەستپێکرد.

دواجار زەکەریا توانی دایک و باوکی لە ساڵی 1938 بهێنێتە ئیسرائیل، بەڵام تەنیا دوای سێ ساڵ مانەوە لە ئیسرائیل هەردووکیان کۆچی دواییان کرد، مردنی هەردووکیان تەنیا پێنج مانگی بەین بوو.

لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی هەلێکی زۆری کار پەیدابوو. کرێکاریان پێویست بوو بۆ ئەوەی فڕۆکەخانە دروستبکەن. پارەی زۆریان بە کرێکار دەدا، زۆر لەوە زیاتر کە لە ئیشی کرێکاری ناوخۆیی دەدرا بە کرێکار. بە درێژایی ساڵانی شەڕی جیهانی و دواتریش لە شەڕی سەربەخۆیی ئیسرائیل لەساڵی 1948، زەکەریا خەریکی کرێکاری بوو. کاری قیرکردنی جادە و دروستکردنی شوێنی فڕینی فڕۆکە و هەڵکەندنی خەندەق دەکرد.

دواجار لەساڵی 1950 بەدواوە جووەکانی عێراق و کوردستان بەلێشاو هاتن بۆ دەوڵەتی تازە دروستبووی ئیسرائیل "گوندی جوان جوانیان لە سەرتاسەری وڵاتدا دروستکرد" زەکەریا وا دەڵێت.

تا ئێستاش چەندین گوندی کشتوکاڵی ئەو کۆمەڵە جووە لەسەرتاسەری وڵاتدا هەن و تا ئێستاش دابونەریتی کوردەواری خۆیان پاراستووە، هەرچەندە سێ نەوە تێپەڕیوە بەسەر هاتنیاندا بۆ ئێرە.

بەهۆی بڵاوبوونەوەی کوردە جووەکان بە هەموو وڵاتدا، زەکەریا دەستیکرد بە گەڕان بەو گوند و شوێنە کوردیانەدا و بەکوردی لە ئاینی تێدەگەیاندن. دەچووە زەماوەند و پرسە و سوننەتکردنی منداڵان و جەختی لەوە دەکردەوە کە پێویستە دابونەریتی جووەکانی کوردستان لێرە دووبارە بکرێتەوە و ون نەبێت. بە تێپەڕبوونی کات، زەکەریا وەکو سەرکردەی رووحی کوردە جووەکانی ئیسرائیلی لێهات. لە هەموو ئیسرائیلیشدا بە چاچام (بە واتای زانای ئاینی) دەناسرێت. وێنەی زەکەریا و سەرۆک وەزیران و سەرۆکەکانی ئیسرائیل هەموو دیواری ماڵەکەیان داگیر کردووە.

دوو گەورەترین حاخامی جووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئیسرائیل بە ناوەکانی ئێلیاهوو باکشی دۆرۆن و ئۆڤادیا یوسف ڕێزی زەکەریا وەکو کەسایەتییەکی ئاینی مەزن دەگرن و پێشەکییان بۆ کتێبەکانی زەکەریا نووسیوە.

زەکەریا چوار کتێبی نووسیوە دەربارەی تەورات و سۆفیگەری، خەریکی کتێبی پێنجەمی بوو، گەیشتە نیوەی کتێبەکە بەڵام ئیتر چاوە ماندووەکانی لە تەمەنی 111 ساڵیدا ڕێگەی نەدا بەردەوام بێت. ئێستا سەربەخۆیانە لە یەکێک لە ئاپارتمێنتەکانی شاردا دەژی. بەڕۆژ دوو لە خوێندکارەکانی لەگەڵیدان و بەشەویش یەکێک لە منداڵەکانی خۆی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە.

ئەو لە کۆی پێنج منداڵ، تەنیا ئەمەیانی ماوە. دوو لە منداڵەکانی بەم دواییە کۆچی دواییان کرد. بەڵام سەرەڕای لە دەستدانی کچ و کوڕەکانی، ئەو ئێستا نەوەیەکی زۆر کوڕەزا و کچەزای هەیە. کوڕی کوڕەزاکانی ئێستا لە سوپای ئیسرائیلیدا سەربازن.

لای هەر کوردێکی جوو کە ناوی چاچام زەکەریا دەهێنی، یەکسەر دەستدەکات بە وەسفکردنی ئەو سەرکردە رووحیە.

یەهودا بن یوسف، سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیی کوردە جووەکانی ئیسرائیل دەڵێت "ئەو نموونەی حاخامی ڕاستەقینەیە". بن یوسف بەردەوام دەبێت و دەڵێت "لە خۆی بایی نییە، زەردەخەنە بەڕووی هەموو کەسێکدا دەبەخشێت، بیری تیژە و هەستێکی گاڵتەچیانەی هەیە".

هەروەها دەڵێت "ئەو شتانەی کە زەکەریا فێری کۆمەڵگەی کردوون لە زێڕ بەنرخترن. ئەو نموونەیە بۆ هەموو حاخامەکانی دیکە و لەسەرووی سیاسەتەوەیە، کوێرانە دوای هیچ لایەنێک ناکەوێت و پارە کاریگەری لێناکات. ئەوەی کە دەیڵێت، ئەوەش دەکات".

یەکێک لە نموونەکانی سەربەخۆیی زەکەریا پشتگیریکردنی بوو لە پارێزگاری نوێی ئۆرشەلیم، نیر بارکەت. هەرچەندە بارکەت عەلمانییە. ئەوە لەکاتێکدا جووەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دژی بارکەت بوون و پشتگیرییان لە کاندیدێکی دیکە دەکرد "لەبەر شتی لەم جۆرەیە کە ئێمە خۆشماندەوێ و ڕێزی لێدەگرین".

ساڵی ڕابردوو ڕۆژنامەنووسێکی کورد هاتە ماڵەکەی زەکەریا و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازکرد بۆ تەلەڤزیۆنێکی کوردی. ڕۆژنامەنووسەکە سەری لە کوردییە پاراوەکەی زەکەریا سوڕمابوو. چەند کاژێرێک لەماڵەکەی زەکەریادا مایەوە و چەندین وشەی کوردی کە پێشتر هەرگیز نەیبیستبوون نووسییەوە. کاتێک کە گەڕایەوە بەدوای ڕەچەڵەکی وشەکاندا گەڕا و بۆی دەرکەوت ئەو وشانە هەموو کوردیی کۆنن، بەڵام چیدی بەکارناهێنرێن.

زەکەریا نهێنییەکانی سەرکەوتنی ژیانی خۆی دەبەخشێتە هەرکەسێک ببێتە میوانی. هەموو کات ئامادەیە نهێنییەکان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەش بکات. زەکەریا دەڵێت: "سێ شتی گرنگ هەن لە ژیاندا: هەموو کات گەشبین بە. هەرگیز ئیرەیی بەوانی دی مەبە. چالاک بە و هەرگیز زیاتر لە پێویست گرنگی بە شت مەدە. هەموو کاتێک کە لەسەر سفرەی خواردن هەڵدەستی، بە تۆزێک برسێتییەوە سفرەکە بەجێ بهێڵە".

ئایا هەرگیز هیوای ئەوەی خواستووە بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی لە کوردستان؟ "نەخێر" ئەو بە زەردەخەنەوە دەڵێت: "بەختەوەرم کە توانیومە لە 75 ساڵی ڕابردوودا لە ئۆرشەلیم بژیم.. من لە بەهەشتم".





هاوسەری زەکەریا بەراشی



باوکی زەکەریا بەراشی

# ڕووخانی ئیخوان یان سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە

## نەبوونی قودرەتی بەڕێوەبردن و ڕانەگرتنی دەنگە جیاوازەکان



ئەدیب ئەلمەکلومی

نەبوونی فکری شۆڕشگێڕانە لەدید و ڕوئیای ئیخوان و بەپیرۆز سەیرکردنی (وەسایا) کان و ڕێنماییەکانی مەکتەب (کە دەرچوون لێیان یەکسانە بە دەرچوون لە ئیسلام)، بێ لیاقەتیی ئیخوان لەهونەری بەڕێوەبردن و گەمەی سیاسی و پیلان و پلانی پێشوەختە، ئینجا نەبوونی قودرەت لەبەڕێوەبردنی دەسەڵات و پەراوێزخستنی دەنگە بوێر و ئازادەکان، بەشێکن لەو شکستە سیاسییە گەورەیەی لەمیسر بەسەر ئیخواندا هات.

من وای دەبینم، عامیلی فەنا کە ڕەگی قووڵ داکوتاوە بەناخی قیاداتی ئیخوان و مەنهەجەکەیاندا، وەک میوەی ڕزیو وایە، بەڵام هەستی پێناکرێت تا نەکەوێت. ڕەنگە هەنووکە کاتی کەوتنی میوەکە هاتبێت گەر نەکەوتبێت، بۆیە خۆری ئیخوان پاش ئەو عومرە تولانییەی بەسەریانبرد، کاتی ئاوابوونی هاتووە گەر ئاوا نەبووبێت.

سروشتی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەمیشە خۆگونجاندن (کە خێریان لێ نەبینیوە وەک پرەنسیپ) و لاواندنەوە و سەڵەوات لێدان بووە لەسەر مەزڵومیەت و دەربەدەری و ئاوارەبوون. لەهەمووی خەفەتبارتر ئەوەیە چەوسانەوەیان کردووەتە ڕۆحی مقاوەمەت و بەرەنگاری، ئەمەش گیرۆدە بوونە بەعوقدەی چەوسانەوەی بێ حەسانەوە.

تراژیدیا ئەوەیە ئەو مەودا زەمەنییە لەمەیدانی کارو چالاکیدا بیت (بەنهێنی و ئاشکرا) ئینجا نەتوانی ببیتە خاوەن هێزێکی تۆکمەو پتەو لەچوارچێوەیەکی مەشروع و تەندروست بۆ پارێزگاریکردن لەخۆت و کیان و دەستکەوتەکەت، بەڵکو لەبری ئەمە پەنا بۆ دامەزراندنی (جیهازی نهێنی) ببەیت بۆ تەبەنیکردنی کرداری لەناکاو وەک تەسفیەی نەیارەکان و بەبنەماکردنی ئەو نەهجە وەک پرۆسێسێکی مونەزەم بۆ دامرکاندنەوە و تیمارکردنی برینە سارێژنەبووەکان (مەسەلەی دەزگای نهێنی بۆ کوشتنی نەیاران دیعایەی موخابەراتەکانە دژ بەئیخوان/ ڕێبەر و شرۆڤەوانان و مونەزیر و شوێنکەوتووانی ئیخوان وا دەڵێن) بەڵام وەک ئیحالەیەک، زۆر سەرچاوە هەن بۆ سەرنجدانیان بۆ ڕاست و دروستیی نهێنیی ئەو "جیهازە" لەوانە سەرنجی پەرتووکی (قلب الاخوان ــ محاكم تفتيش الجماعه)ی سەروەت عەبدولباست ئەلخەرباوی بدەن، باس لە ئەزموونی تایبەتی خۆی دەکات لەناو ئیخواندا، تیشک دەخاتە سەر هەندێ حەقایق و غەرایبی ئیخوان. هەرچەندە من زۆر پشت بە نووسینی کەسێک نابەستم کەوتبێتە ژێر فشار و پەرچەکردار لەکاتی شرۆڤە و هەڵسەنگاندن. تا ڕادەیەک ئەزموونەکەی خەرباوی چەند ڕاستییەکی لەخۆگرتووە کە جێی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە، بەڵام وەک مەرجەعێک بۆ تاوتوێکردن و مامەڵە و شرۆڤەی فکریان پشتی پێ نابەستم، چونکە زەمینەی واقیعی سەرهەڵدان و پێکهاتە و بارگۆڕانی فیکری ئیخوان، ڕۆحێکی تاهیری دەوێت کە مونسیفانە بپەرژێتە سەر ڕەخنە و ڕاقەی ئەو فیکرە بەمیتۆدێکی زانستی و بابەتیانە نەک قین و حیقد و بوغز ببەخشێتەوە وەک پەرچەکردارێک و بوونی عوقدە لەناخی زۆربەی ئەوانەی لەسەر کۆمەڵەی برایان دەنووسن.

هەندێ کەس لەبەر پاشخانی (عەلمانیبوون) و حیقد و بوغزیان لە موسڵمانان یان لەبەر خەلفیەتی سەلەفیبوون و ئیعتیقادی سۆفیانە، ئەگەرچی حەسەن بەننا خۆی لەسەر تەریقەتی (الحصّافية)ی سۆفیەکانی میسر بووە و تا کوژرانی پابەندبوو بەم ڕێچکەی (تصوّف)ە، قینیان لەئیخوانە و شادمانن بەم دۆخەی بەسەر دەسەڵاتی مورسی و تەواوی برایان هاتووە، بەڵام ئێمە لەو ڕوانگەیەوە لە سەنگەردا نین تا گورزی کوشندە بوەشێنین و حیقد و سەتحیات پەخش بکەین، بەڵکو واقیع حاڵی ئیسلامییەکان و جمودی فیکرییان و هەڵنەکردنیان لەگەڵ دنیای هاوچەرخ و گۆڕانکارییە خێراکان پێماندەڵێن گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژی.

ئیخوان پێویستیان بە ئیسلاحێکی ڕادیکاڵیانەی قووڵ هەیە بۆ بەخۆداچوونەوە لەسەر ئاستی مەعریفی، سیاسی، فیکری، ئوسوڵی و مەنهەجی، بەڵکو لەسەر ئاستی ئاراستەی بیروباوەڕیان وەک موعتەقەدات. چونکە ئەوانیش گیرۆدەی سەدان عوقدە هاتوون بۆ نموونە (عوقدەی چەوسانەوە)، بۆیە تەفسیراتیان بۆ دین و ئایەتی "فیتنە و ئیبتیلا" هەمیشە لەم چوارچێوەیەدا خولاوەتەوە، تەنانەت ڕاڤە سیاسیەکانیشیان ڕەنگدارە بەو عوقدەیە. جا دەبێ چ حیکمەتێک لەوەدابێت ژیان لەلای شەریحەی عامی ئیخوان ئاوا بەئازار و کەساسی و داماوی و ناهەمواری ببردرێتە سەر. مەڵێن لێمان ناگەڕێن یا مەنهەجی (دین) وا فەرمانمان پێدەکات یاخود ڕابەر و پێشەواکان ئاوا هێناویانە: شەهید بوون و ژیانی بە کولەمەرگی، ئەشکەنجە و زیندان، ژیانی ئاوارەیی وەک پێغەمبەرانیان بردووەتە سەر. ئەمە تێنەگەیشتنە لە سوننەتی ئەووەلین.

بەڵام دیرۆکێکی کەڵەکەبووی بەستەڵەکبووی پڕ لەهەوراز و نشێو زەحمەتە بەخۆداچوونەوە لەخۆی بەرجەستە بکات و ئەم ڕێچکەیە بکاتە نەهج و سەرەتایەکی نوێ، بەڵکو ئەستەمە بە سەدەماتی کارەباییش بەخەبەر بێنەوە، چونکە (جەستەی بێ گیان) ئیحساسی هەستکردن بە ئازاری لەدەستداوە و فرچکی گرتووە بە یاساو ڕێسای "وەسایا" کە لەوێوە ئیلهامی کار و جموجوڵی سیاسی و هەڵسوکەوتی ژیانی وەرگرتووە. پووکانەوەی ئایدیای ئیخوان لەناخ و مێشکی شوێنکەوتووانیان بەخوێندنەوەی بەردەوام و تێڕامان و کەڵەکەبوونی ئەزموونی دینی و مەعریفی و تەدەبور لەمرۆڤ و ژیان و دەوروبەرو تێگەیشتن لەچەمکە مەدەنی و مەفاهیمە ئینسانییەکان و تێڕامانی قووڵ لە قورئان لەسەر ئاستێکی بەرز دوور لەمەفاهیم و ڕێنماییەکانی مەکتەبی ئیرشاد و ڕوانینی مەلاکان دەبێت. بەم چەشنە ئازادیی ئاوەز بەشکاندنی کۆت و ڕێنماییەکانی مەکتەب هێدی هێدی دەستپێدەکات بۆ ڕزگاربوون لەپاشکۆیی و کۆیلەبوون. لێ ئەمە خەوی دەیجوورە و ڕووبەڕووبوونەوە و ڕابوون و بەئاگاهاتنەوەی ئیخوان و شوێنکەوتووانی ڕاستی ئەم دێڕە شیعرەی موتەنەبی بەسەردا دەچەسپێت:

من يهن يسهل الهوان علية ** ما لجُرْحٍ بِمَيّتٍ ايلام!

بەبڕوای من، کاتی شکاندنی ئەو تابۆیانەی ئیخوان هاتووە وەک کاریزمابوونی ئیمام بەننا و ئەو کۆنکرێتە بەستەڵەکیانەی مورشیدەکانیان کە دەوری داون و پێی تەنراون. نازانن بەری ڕەنجی ئەو جەحیم و عەزاب و زەقنەبووت و تفتوتاڵیەی نزیک بەسەدەیەکە دەیچێژن نازانن چۆن بەرهەمەکەی بخۆن و دروێنە و بەلوەرەی بکەن. گرفتی ئیخوان لەوەدایە هەڵوێستی فیکرییان ناگۆڕێ بە گۆڕینی مەوقیعی سیاسی بەهۆی چەند سەوابیتێک کە وەک (الوصايا العشر)ی قورئان بەناخیاندا ڕۆچووە و چەکەرەی کردووە ــ ئاوا تەقدیس و بەپیرۆز سەیرکراوە ــ بەواتای ئەوەی ئیخوان یەکسانە بەواجیهەی ئیسلام. ئەمەش شکست و نشوستییە (لەسەر ئاستی تیۆری و پراکتیک) کە وەک کەلتوورێکی نەگۆڕی لێهاتووە. نازانم تاکەی دەرس وەرناگرن. ئیحتیکام بۆ واقیعیەت و هەروەها هەیمەنەی مەنتیقی هێز وەک بنەمایەک کە (آخر الدواء الكي) بەڵام لەکاتی خۆیدا بە تەبەنیکردنی عەقڵی شۆڕشگێڕێتی کە زەروورەتێکی حەتمی سەردەمە بەڵکو سونەنی فیترەتە. شۆڕش بەواتای کۆشش و خوێندنەوە و حیکمەت و تەدبیر و شەهامەت.

ئەوان قودرەتی دەسەڵات بەڕێوەبردنیان نییە و ناتوانن دەنگە تۆراو و ئازا و سەربەخۆکان ڕابگرن. قودرەتی گوێگرتنیان نییە بۆ ئەو دەنگانە. نموونەی چەندین ناو لەبەردەستە کە

- خۆری ئیخوان پاش ئەو عومرە تولانییەی بەسەریانبرد، کاتی ئاوابوونی هاتووە ئەگەر ئاوا نەبووبێت

- بەکارهێنانی دین لەپرۆسەی سیاسیدا خەتەر و کوفرە لەدیدو ڕوانگەی دینەوە بەگوێرەی تێگەیشتنی من بۆ دین

تۆراون لە ئیخوان بەهۆی بیروڕای جیاو نەمەتی بیرکردنەوەیان لەمەڕ هەندێ بابەتی سیاسی و فیکری و تەنزیمی هەر لەمیسرەوە ڕا بیگرە تا سووریا و سوودان و جەزائیر، بەکوردستانی خۆشمانەوە. کلۆڵیی ئەو ڕێکخراوە لەوەدایە پەند لە ڕووداوەکان و لەمێژووی پڕ کۆست و حەرەکەتی ژیان وەرناگرێت. (یەکگرتوو) بەهەمان شێوە پەیڕەوانی هەمان نەهجی موتتەبەعی باوی ئیخوانن کە لەمپەری بەردەم گەشەسەندنی حیزب و کۆسپی گەورەی بەردەم ڕەخنە و بیری پشکوی فیکرە ناوازەکانن. ئەوان ئەوەندەی چێژ و موتعەی ڕۆحانی لەکڕنۆشبردن بۆ سرووتە ئاینییەکانی ئیخوان و "موزەکەرات" و "وەسایا"ی بەننا و بەپیرۆز سەیرکردنی (مەکتەب ئیرشاد) وەردەگرن/ بەدەستی دێنن، ئەوەندە تامی تەعەبود لەعیبادەتەکان و ئیلاهیات وەرناگرن. مەبەستم لە گشتاندنی تەواوی شەریحەی ئیخوان نییە بەهەڵە تێمەگەن. بۆیە ترسی گەورەیان لەسەرهەڵدانی ئەو جۆرە هزرانە هەیە کە بەمۆتەکەو کابوسی سەر فیکر و ڕۆحیانی دەزانن. ترسیان لەو دەموچاو و دەنگە بوێر و ئازایانە هەیە کە بێنە پێش و دەنگیان باڵا بێت لەناو خودی (حیزب)، نەبادا زیمامی ئوموریان بکەوێتە دەست و کارنامەی حیزب لەدەست خەت و فەتوای مەلاکان دەرچێت

ئەوسا تابۆکان پەراوێز بخرێن و "وەسایا"کانیش بێ ناوەڕۆک بمێننەوە بەهەڵوەرینی قەڵای گەورەی موقەددەسیان (وەسایاکانی ئیمام بەننا و ڕێنماییەکانی مەکتەب).

خەتی عامی ئەحزابی (ئیسلامی سیاسی) بەگشتی دەروێش ئاسا ئارەزوومەندی مۆرکی بیری مەلایەتی و فیکری باون. هۆگری هزری بانگخوازی و ئەوینی خوانی حیکایاتن. عاشقی هەگبەو سەبەتەی فەتوان. حەزیان لێیە هەمیشە ئەم هێڵە زاڵبێت لەناو حیزب بەحیساب پارێزگاری لە ڕێژەی شوێنکەوتووانی دەنگی دەرەوەی حیزب دەکەن. خۆیان وەک سەربازی دین و پارێزەری موقەدەساتی ئیسلام پێشان دەدەن گوایە خەمخۆری ژین و دینی میللەتن. نازانم بۆ سوود لەو نموونە جوانەی تورکیا نابینن، چاو لەموسڵمانانی ئەوێ ناکەن، بۆ کەڵک لەسیاسەتی ئەردۆغان وەرناگرن. ئەزموونێکی تاسەر ئێسقان مەدەنی، نیشتمانی و پڕ ستراتیژ.

بەکارهێنانی دین لەپرۆسەی سیاسیدا خەتەر و کوفرە لەدیدو ڕوانگەی دینەوە بەگوێرەی تێگەیشتنی من بۆ دین. من لەگەڵ ئەوشدا نیم مزگەوتەکان ئیستیغلال بکرێن بۆ دەعوەی سیاسی یاخود مایکرۆفۆنی پەرلەمان (جگە لەشوێنە ئازادە ڕێپێدراوەکان)، ناوەندە سیادی و سیاسییەکان بۆ بانگەواز و هوتافکێشان و دروشمی دینی بەکاربهێنرێن وەک بانگدانی سەلەفییەکانی میسر لەناو هۆڵی پەرلەمان! بینیمان چۆن (سەعد کەتاتنی) سەرزەنشتی ئەو ئەندام پەرلەمانە سەلەفیەی کردو تەمێی کرد کە مزگەوت هەیە فەرموو بڕۆ دەرەوە کەس ڕێی لێنەگرتووی و پێویست ناکات موزایەدەی دینداریمان بەسەرەوە بکەیت. ئاخر تۆ لەئێمە موسڵمانتر نیت.

لەبیرمە لەکاتی هەڵبژاردنی کاندیدەکانی هەرێمی کوردستانیش بۆ پەرلەمانی عێراق لەسەر مایکرۆفۆنی لایەنێکی ئیسلامی پڕ بەدەنگ هاوار دەکرا: کێ (لا الـه الا الله) یان (رسول الله)ی خۆش دەوێت با دەنگ بدات بە (فلان)! ئەمە کارەسات و تراژیدیایە. مەفهومی موخالەفەی ئەو دروشمە دینییە سیاسییە حیزبییە ئەوەیە: (ئەوەی دەنگ بە فلان کەس نەدات خوداو پێغەمبەری خۆش ناوێت). کەواتە خۆشویستنی خوداو پێغەمبەر یەکسانە بەدەنگدان بە (فلان) بەواتای دەنگنەدان بەو، ئیمانی مرۆڤی بڕوادار دەخاتە ژێر پرسیارەوە و هەڕەشەی کوفر و مەترسی (دەرچوون)ی لەسەرە لەبازنەی ئیسلام. بەڵکو مۆرکی شیرک و بێباوەڕی پێوە دەلکێت.

ئەوەیە مەفهومی هوتاف و شیعاراتی حیزب و بەکارهێنانی دین لەناو سیاسەت و پراگماتییەت لەپرۆسەی هەڵبژاردن. ڕەنگە ئەو خۆیشی ڕازی نەبێت بەم چەشنە ڕێکلامی بۆ بکرێت لەسەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بۆ هەڵبژاردنەکان (بەکارهێنانی دین لەناو سیاسەت و تەوزیفکردنی شیعار و دروشمەکانی دین بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی حیزب) چونکە کارەسات بۆ خودی پەیامەکە دەخولقێنێ و فەوزاو ئاژاوەی ئایدیۆلۆژی بەرجەستە دەکات لەئایندەدا. هەروەها تەشویهکردنی خودی (دین)ە بەر لە حیزب و ئەجێنداکەی. دەبێ کاری حیزبایەتی لەسەر ئەساسی سیاسەتێکی تەندروستانەو ئابوورییەکی بەهێزی وڵات لەپێناو گەشەکردنی کۆمەڵگەو بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان پەیڕەو بکرێت. سیاسەت بکرێتە مەنهەج و بەرنامەی ژیان. ئیقحامی ئەحکامی دین بەورد و درشتی ژیان مەرگەساتە، ئینجا چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ژین و (دین) و دەوڵەت و ئیدارەو سیاسەتکردن بەپێی موتاڕەحاتی (مكتب ارشاد) و دوالیزمی دەروێشەکان تراژیدیترە کە سەرەنجامێکی دژواری لێکەوتەوە بەلای ئەوانەوە چاوەڕواننەکراو بوو. تەنزیرکردن بۆ تووڕدانی هێز و وەلانانی میکانیزمەکانی لەلایەک و فەراهەمهێنانی "جیهازی ترس و تۆقاندن" لەلایەکی دیکەوە بەڵگەی ئیزدیواجیەتی تەنزیمی و تەنزیرییە لەبونیاد و فیکر و دەعوەی ئیخواندا، سەرەڕای دەرچوونیان لەمەساری فەرمانی ئیلاهی، مەبەست لەفاکتەری (هێزە) کە دۆخی وا هەیە بۆ بەرگریکردن لەخۆت و دەستکەوتەکانت عەینی حیکمەتە کە چۆن و کەی و لەکوێ و بۆچی و لەپێناو چی و بۆ چ مەبەست و ئامانجێک بەکاربێت. سەرنجی ئایەتی (ان خير من استأجرت القوي الأمين) بدەن چۆن (قوەت) پێش وشەی (ئەمین) کەوتووە کە هەردووکیان لازم و مەلزومن. ئەمە باسی هێزە هێز کە خۆی قسەکردنە لەسەر ڕۆحی شەهامەتی و دلێری و بوێری و بەرەنگاری. ئەوە ئەو وەسایە قورئانیانەن کە دڵەکان دەدوێنێت (وانزلنا الحديد/ فيه بأس شديد ومنافع للناس) وەک دوو جەمسەری ئاراستەکراو هەم پێوەرو میزانە بۆ ڕێگەگرتن لە (ولا تفسدوا في الأرض بعد اصلاحها) هەروەها (انة لايصلح عمل المفسدين) هەم هەیبەت و شکۆیە بۆ بابای ئیماندار و تۆخبوونەوەی فۆرمی بەخشین و تەنافوسیشە (في العمل الصالح وأعمال الخيرات) بۆ درێژەدان بەخەباتی (واستبقوا الخيرات). ئاخر ئەم تەعالیمانە ئیرادەو عەزیمەت و گوێڕایەڵی و قودرەتی گوێگرتنی دەوێت بۆ درێژەدان بەکاروانی (رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه).

کەسێک (خذوا زينتكم عند كل مسجد... "وبيع وصلوات وجوامع ومعابد") ئاوازو سەمفۆنیای بێت، دەبێت هەڵگری چۆن نەفس و چ دەستنوێژێکی سەرمەدی بێت؟ ئەی (زادەی جوانەمەردو سوبحانی ئەسحار) پەیڕەوانی هەمان تەعالیم نەبوون. تێرتێر ئەم ئەرکەیان لەباوەش نەگرت، گیانیان نەکردە فیدای قورئان. ئاخر ئەوان بۆ ئەم ڕێگەیە سووتان بۆیە لەباوەشی کەس نەگیران چونکە دلێر و بوێربوون و لەمیحنەتخانەکەی یەعقوبی نەبیدا (یوسف)ئاسا پەروەردە کران.

فسلامٌ عليهما يوم وُلِدا ويوم (استُشْهدا) ورَحَلا من هذة الدار البوار ويوم مَنّ اللهُ عليهما بنعمة الاسلام والقرءان ويوم يُبعثان حيّيْن في مقعد صدق عند ملك مقتدر.

کاتێکیش پارسەنگ لاسەنگ دەبێت و موعادەلەکان بەلای بابای ستەمکار دەشکێتەوە/ واتە خەریکە زاڵم دەست دەوەشێنێت و بیری مەدەنی لەهەگبەی ئەوی زاڵمدا نییە. شەهامەت و تەدبیرو ئەخلاقی سیاسی لەفۆرمی ئەودا پێناسەیان نییە/ لەم حاڵەتەدا فاکتەری هێز (كفّ) کە یەکلادەکاتەوە.

ئیخوان، شەرخ و قۆرتێکی گەورەی لەمێژووی پڕ خەباتی بۆ خۆی هەڵکەند کە دەربازبوون لێی ئەستەمە چونکە (عجزوا عن تطبيق المسار الالهي فعادوا بخفي حنين ثم أصبحوا في خبر "حليمة" وعاداتها القديمة الى أن... وابيضّت لهم عيناي).

من دژی فەوزەوییەتم. دژی نا مونەزەمیم بەناوی ئەوەی کەهێز میزانی کێشەکان بەلای خۆیدا پەلکێش و یەکلابکاتەوە. ڕەنگە ئەم مەفهومە لە نووسینی ئەم دێڕانەم بخوێندرێتەوە بەناوی جیهاد و قیتال یان بانگەشەی شەڕو جەنگ (میوەی گەنیوی سەردەم) کە دەبینین چ ئاکام و سەرئەنجامێکی خوێناوی و مەئساوی بەسەر خەڵکی جیهان و "ئوممەتی ئیسلام" داهێناوە لەهەمانکاتدا بووەتە تەوق و بەلا بۆ گەردنی باڵای ئیسلامی حەنیفیش. کە من گومانێکی گەورەم هەیە ئەو شەڕو شۆڕو جەنگانە هەڵقولاوی دەستی ناوخۆی موسڵمانان و ئەهلی ئیسلام بن. بەهۆی زاڵبوونی سەتحیبوونی عەقڵی ڕیوایاتی و ئولفەتگرتن بەدیدگای (سەلەفی ساڵح/ پێشینەکان) و بەڕێوەبردنی گوزەرانی ژین و دین بەفیکرو تەسەوراتی مێژوو، و جوڵانەوەو هەڵسوکەوتەکان بەفەتوای "موعەللەبی" لەغیابی عەقڵی نەقدی و (عدم الاحتكام) بۆ عەقڵ ــ کە جوانترین شەریعەتی خودایە ــ و تێنەگەیشتن لەمەقاسیدو ئەبعادەکانی کتێبی خودا لوتکەی فەوزاو پیسکردنی ژینگەی فیکرو ژینگەی ژیان و تەشویهکردنی دینە.

پرۆسەی بەخۆداچوونەوە زەرووورە لەپەیڕەو و پرۆگرامی ژیانی ئیخوانی فیکری و سیاسی ئەگەرچی ئەستەمە هەوڵێکی جددی ڕادیکالی بەم شێوە لەئارادا بێت لەناو خودی ئیخوان و مەکتەبی ئیرشاد/ چونکە ئەم ئەرکە پڕ کولفەت و مەترسیدارو مامەڵەکردنە لەگەڵ سەقفێکی کۆنکریتی موقەپپەت/ هالەیەکی موقەددەس/ وەک گەمە کردن وایە بەئاگر ئاوا کولفەکەی قورس دەکەوێت.

موراجەعاتی (سيد امام ناسراو بە عبدالقادر بن عبدالعزيز)ی مونەزیری جەماعەی جیهادی میسر شتێکی چاوەڕوانکراوبوو بۆ (تەهدیئەی ئەعساب). هەرچەندە لەلایەن قوتابی و هەندێ لە مونەزیرەکانی ئەو فیکرە، (مراجعات)ی شێخ سەید (ئیمام) بە (تراجعات) لە قەڵەم دراوە. بەڵام ڕەنگە موراجەعاتی ئیخوان، شتێکی چاوەڕوانکراونەبێت کە زەرووورە بۆ (تەعبیئەی ئەعساب) و تەعدیلی کەفەکان، بەڵام بەشێوەیەکی مونەزەم لەچوارچێوەی (سورەتی حەدید) وەک مەنزومەیەکی موتەکامیل و موتەزین و موتەرابیت.

بارگاوییبوون بەقەیران و "وەسەن/ صنم"ی فیکری (مەکتەب) و بەپیرۆز سەیرکردنی ئەرکی پرۆسەی موراجەعات لەلایەن کۆمەڵەی ئیخوان قورس و ئەستەم دەکات. ئاخر ئەوان هیچ شتێک لەواقیعی بەستەڵەکی فیکری چەقیویان نەگۆڕاوە. هەمیشە لەبیری دووبارە بوونەوەی لاپەڕەکانی مێژوودان، چونکە (مەکتەب ئیرشاد) واتایەکی گرنگ و قووڵی هەیە لە ئەدەبیاتی ئیخواندا وەک ڕێوڕەسمی بوون بە ئەندام لەناو "مونەزەمەی ماسۆنی عالەمی" وایە! ئیدی گەمەکان قووڵن، دوور نییە ئەوان ببنە هۆی لەبارچوون و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی میسر گەر هاتوو (پیلانەکە) سەریگرت و سوپای میسریش بەدەردی سوپای عێراق و سووریا چوو، ئەوسا بێگومان دەستکەوتێکی مەزنە بۆ ئیسرائیل و حیزامە ئەمنیەکەی.

ئەمانە پاساونین بۆ قەیران و ڕەوشی دژواری برایان. ئاخر فیکری مرۆڤ کە بارگاوی بوو بە"نەزەریەی موئامەرە" بەوەی ئەوی بەرامبەر/ دوژمنە سەرەکیەکە/ سەبەبی گشت نەهامەتی و ناهەمواریەکانە وەک (شمّاعة) یەک بۆ هەڵواسینی هەڵەکان! ئەوە لوتکەی گومانکردنە لەبوونی کیانێکی سەربەخۆی خۆت و سەربەستبوونی عەقڵ و لەدەستدانی ئازادیت! ئەمە جگە لەخۆدزینەوەو خۆعەفوکردن و ڕاکردن لەئەمری واقیع شتێکی دیکە نییە.

متمانەو باوەڕی پتەوم هەیە بەوەی کە (الشجرة تفنى بدودة داخلها). بەدەگمەن باوەڕم بە بیردۆزی پیلان هەیە. باوەڕم وایە ئەوان نەزان و دەستوپێ سپین لەسیاسەتدا چونکە بەئاسانی بوون بە دەسکەلای دەستی سوپای موبارەک و ئاغاکان، لەهەمانکات بوون بەپردی پەڕینەوەش بۆ پلانی ئەوغادەکان.

ئێستا چارەسەر نە لەدەستی ئیسلامیەکانە نە لەدەستی لیبراڵەکان، نە عەلمانی نە دیموکراسی نە وەتەنی نە مەلەکی لەدەستی کەسیاندا نییە و لەدەست کەسیان نەماوە، تەنیا ئیحتیکام بۆ سەیتەرەکردنی عەقڵ و حورمەتدانان بۆ یەکتری. ئینجا کۆششکردن بۆ زاڵبوونی گفتوگۆی نیشتمانی و ئینسانیانە بەوەلانانی جیاوازی و جەدەلی عەقیم و سەفسەتەی سیاسی و تەعەسوب و عونسریەت کە تاکە هەتوانی برینەکانە. لەم کاتەدا کەسێک توانای بەڕێوەبردنی میسری هەیە کە تەعەسوبی سیاسی و فیکری و قەومی نەبێ و هەڵسوکەوتەکانی فەوقانی و ئینتمای تەنیا بۆ ئینسانیەت بێت. موبارەک (30) ساڵ حوکمی تۆتالیتاری و سیاسەتی ڕووتاندنەوەو برسیکردنی گەلی میسری پەیڕەوکرد. سیسی لەسەر هەمان نەهجی "باو"ە.

ئەوەی ئەمڕۆ دوای مورسی بیەوێت حوکمی میسر بکات دەبێ خاوەن هێزبێ و دەوڵەتانیش لە پشتیەوە بن! چونکە کەسی فەوقانی کە ئینتیمای تەنیا بۆ ئینسان بێ، بوونی لەم کات و سات و ڕەوشەدا خەیاڵە.

کەواتە ڕاگرتنی میسر و بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر مەحەکە و پێویستی بەدەستێکی ئەمین و بەهێزە لەهەر چ دیدو بیرو ڕەنگ و دەنگ و ڕەگەزو توخمێک بێت، گرنگ ئەوەیە بێتە مەیدان و قۆڵی بێلایەنی و ئیحتیکام بۆ عەقڵانیەت و خزمەتکردنی هاووڵاتیان بکاتە ئایدیاو شوناسی دەوڵەت و مەنهەجی ژین.

لەکۆتاییدا بەئاراستەیەکی پێچەوانە قسەدەکەم: ئیخوان ناڕووخێ، بەڵکو دووچاری نەشتەرگەرییەکی قەیسەری گەورە دەبێت بۆ سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە بەمەرجی یەکلابوونەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ فیکری کەهەنووتی مەکتەب و شکاندنی قودسیەتی کۆنکرێتی دەستکردی جەماعە کە تەنانەت نوخبەو شەریحەی عەوامی ئیخوانی پێ سەرمەست و گێژ کردووە! ئەمە بەسەرهەڵدانی دەنگە دلێر و بوێرە جیاواز و ئازادیخوازەکان نەبێ ناکرێ لەفۆرمێکی سرف مەدەنیانەدا. گەر ئەمە نەکرێ شەقی دڕی ڕۆژگار توند دەیانپێچێتەوە بۆ ناو مۆزەخانەکان و لەوێدا مۆمیاو مات و مەلولیان دەکات.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# شەڕی پۆست یان کارنامە؟

لـە مـاوەی چـوار مانگی رابـردوودا کە گـەڕ و خولی دانوسـتاندنی حیزبەکان، بە تایبەتیـش پارتـی دیموکراتی کوردسـتان لەگـەڵ حیزبـە براوەکانی دیکـەدا ناو ناوە دەسـتپێدەکات و دەوەسـتێ، بەرپرسـانی حیزبـەکان بە پارتیشـەوە کە پرسـیاریان لێدەکـرا دانوسـتاندنەکان چۆنن و لەبارەی چییـەوەن؟ وەڵامەکـە ئـەوە بـوو کـە "گفتوگۆکان زۆر ئیجابین، هەردوولا لەسـەر خاڵـە بنچینەییـەکان هاوڕایـن و باسـی کارنامەی حکومەتی داهاتوومان کرد بە تێر و تەسەلی"!

دیارە چ ئەوکات و چ ئێستاش ئەو قسانە بـۆ ئەوانەی لە سیاسـەت و بـە تایبەتیش نەوعـە کوردییەکـەی شـتێک شـارەزان، پتر لـەوەی وەڵامێکـی راسـتگۆیانە بێت، خۆدزینەوەیـە لـە وەڵام. هـەر لـە ڕۆژی یەکەمەوە کە دانوستاندن دەستیپێکردووە، میحوەری سـەرەکی ئەوە بـووە کە "کێ و کێ بەشـدار دەبن؟ ئەگەر فلان بەشدار بوو من چیـم بەردەکەوێت؟ یان ئەگەر فیسـار بەشـدار نەبوو، بەشـەکەی من چی بەسەر دێت؟"

بۆیـە شـاردنەوەی نوشوسـتی و ئـەو ئاسـتەنگانەی کـە هاتوونەتـە بـەردەم پێکهێنانـی کابینـەی هەشـتەم لـە چوارچێوەی دانوستاندن لەسەر "کارنامەی حکومـەت"، ئیتـر قسـەیەکە کـە پێناچێ خەڵک باوەڕی پێبـکات. ئینجا لە وڵاتێکدا کـە حیزبـی هەڵبژاردنی تێـدا نەبێت، واتا خەڵـک بابەلبـاب دەنـگ بـە حیزبەکـەی خۆیـان بـدەن، کارنامەی حکومـەت مانای چییە تا حیزبەکان بێن دانوستاندنی لەسەر بکـەن. کارنامەی حکومـەت کاتێک گرنگە کـە دەنگدەری کـورد پێـش خوێندنەوەی بەرنامـەی هەڵبژاردنی حیزبەکان، سـەدی سـەد خۆی یـەکلا نەکردبێتـەوە و کارنامە و بەرنامـەی هەڵبژاردنـی حیزبـی "ئەلف" بتوانـێ قەناعەتـی پێبێنـێ کـە دەنگ بە حیزبی "ب" نەدات. بەڵام ڕێژەی ئەو جۆرە دەنگـدەرە لە کوردسـتاندا زۆر کەمە و خۆ ئەگەر جارێکیـش فریوی ئەوەی خواردبێت جاری داهاتـوو دووبـارەی نەکردووەتەوە، چونکـە بە تێپەڕینی کات بۆی دەرکەوتووە کە بە هەڵەدا چووە.

کەواتا ئەوەی ئەمڕۆ خەڵکی کوردسـتان لە پرۆسەی پێکنەهاتنی کابینەی هەشتەمدا شـاهیدیەتی ئەوەیە کە هەر حیزبە دەیەوێ بزانـێ چەندی بەردەکـەوێ نەک ئەوەی کە ئەو حکومەتە چی دەکات! لەو پێناوەشـدا قسە لەسەر پۆست و دەستکەوتە تا ئەوەی کە دەسـتەبەرکردنی ئەو پۆستانە دەتوانێ چ زیانێک بە داهاتووی حکومەت بگەیەنێت. رسـتەکە بە شێوەیەکی ئاسانتر ئەوەیە کە ئەگەر بزانرێت حیزبێک بەو پۆستە وەزاری و سـیادیانەی کـە ئێسـتا هـەن قەناعەتی نایەت، دوور نییە پۆسـت و وەزارەتی دیکە زیاد بکرێـن بۆ ئەوەی جێگەی ئەوانیشـی تێـدا ببێتـەوە و کـورد وتەنی دڵیـان ئاو بخواتـەوە. نموونەی ئەوەمـان لە کابینەی پێنجەمـی حکومەتی هەرێمی کوردسـتاندا بینی کە لە کاتێکدا حکومەتی کۆماری چین بـە 10 وەزارەت ملیار و قسـورێک خەڵکی بەڕێوە دەبـرد، لای خۆمان بۆ چوار ملیۆن کـەس 42 وەزارەتمان هەبـوو! ئەو هەموو وەزارەتانـە نـەک بـۆ ئیحتیاجـی خەڵک، بەڵکـو بـۆ تێرکردنـی ئیشـتیهای حیزبـە سیاسـییەکان دامەزرابـوون و کاتێکیـش نیوەیـان لـە دەفتەری کابینـەی داهاتوودا سـڕانەوە، خەڵـک بـێ ئەوەی هەسـت بە نەمانیـان بکات باجەکەیان بـە هێمنی دا. چونکـە هەر زیادکـردن و کەمکردنەوەیەک نـەک هـەر قازانجی بۆ خەڵـک نییە، بگرە لـە زیانیشـیەتی. بەکرێگرتنی ئـەو هەموو بینایە، خەرجکردنی کۆڵێک پارە بۆ کورسی و قەنەفە، دابینکردنی ئۆتۆمبێل و دەیان و سـەدان خەرجیی دیکە، هەمووی پارەیەکە کە لـە گیرفانی خەڵک بۆ تێرکردنی حەزی حیزبی سیاسی دەردەچێ.

حکومەتـی ئیئتیلافی ئەگـەر لە ناچاری نەبێت، قـەت نموونەیەکی سـەرکەوتووی حوکمڕانـی نییـە. ئیئتیلافـی دوو حیزب لەسـەر بنەمای حوکمڕانییەکی تەندروست، لـە زۆر شـوێندا تاڕاددەیـەک توانیویەتـی سـەرکەوتوو بێـت، بـەڵام بـەو حاڵـەی ئێسـتاوە ئـەو ترەکەڵەکەیەی کـە قەرارە کابینەی هەشـتەمی لەسـەر بنیات بنرێت، قـەت پێناچـێ وا بەئاسـانی سـەربگرێ. چاوەڕوانیـی خەڵک لە حکومـەت دەکرێتە قوربانیـی مەعیـدەی حیزبـەکان و لـە حکومەتـی یەکڕیزییـەوە دەبێتە حکومەتی گەڕەلاوژە..



هێرش دۆسکی*

# هەڕەشەکانی بەغدا، لە ئاستی کوردستانەوە بۆ ئاستێکی نێودەوڵەتی

ناردنـە دەرەوەو نەناردنـی نەوتی هەرێمی کوردسـتان بووەتـە باسـێکی هـەرە گەرمـی سیاسـی لـە کوردسـتان و عێـراق و تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش. لەدوای 2003وە تاوەکـو ئێسـتا حکومەتـی ناوەند لـە خەمی ئەوەدا بووە کە چۆن بتوانێ دەسەڵاتی ڕەهای هەبێ لەسـەر داهات و سـەروەریی وڵات. ئەمە وای لـە حکومەتی بەغدا کردووە کەمتر بیر لە پلانێکی سـتراتیژی بکاتەوە بـو کۆتاییهێنان بـە کێشـە ناوخۆییەکانـی وڵات و پـەرە بـە پێشـڤەچوونی ئابـووری و سیاسـی بـدات کە تا ئێسـتا نەیتوانیوە ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە ببێتـە مایـەی پێکەوەژیان و بەشـداریکردنی لایەنـە سیاسـییەکانی دیکـە لـە کاروبـاری بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

وەک لـە دوایـن گوتـاری عەبدولکەریـم لعێبـی وەزیـری نەوتـی عێراقـدا دەرکـەوت، هەڕەشەکانی بەغدا لە ئاستی کوردستانەوە بۆ ئاسـتێکی نێودەوڵـەتی پەرەی سەندووە، ئەمە هەڵەیەکـی گەورەیـە کە حکومەتـی ناوەندی دەستیپێکردووە.

هەڕەشـەکردن لـە ئاڵوگـۆڕی بازرگانیـی نێـوان عێراق و تورکیـا لەلایەن وەزیری نەوتی عێراقەوە، چ سـوودێکی هەیە بۆ وڵاتێکی وەک عێـراق کە ناتوانێت تەنانەت بۆ پێداویسـتییە سەرەتاییەکانی پشت بە بازاڕی ناوخۆ ببەستێ و بەشی هەرە زۆری هاوردەکردنی کەلوپەلەکانی لە بازاڕەکانی تورکیاوەیە؟ هەڕەشەی دەرکردنی کۆمپانیا تورکییەکان لە بازاڕەکانی عێراق تەنیا هاووڵاتی عێراقی باجەکەی دەدات.

لە هەمان کاتدا هەڕەشەکردن لە بلاک لیست کردنی کۆمپانیا بیانی و تورکییەکان کە لە بواری نەوت لە عێراق کاردەکەن دەبێتە بەربەستێکی دیکـە بۆ عێـراق کە تورکیـا لەوانەیـە دەرگا بازرگانی و سیاسـییەکانی لەگـەڵ بەغدا وەک کارتی فشـار بەکاربهێنێ، بەتایبەتی بەربەست دروسـتکردن لە ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق لە ڕێگای بۆری کەرکووک ـ جیهانەوە. لەلایەکی دیکـەوە ئـەو لێدوانە جیاوازانـەی لەناو ڕەوتە سیاسـییەکانی بەغـداوە دەبیسـترێ لەبارەی ناردنـە دەرەوەی نەوتی کوردسـتان لە ڕێگەی بـۆری نەوتی هەولێـر- جیهان کـە هەفتەیەک پێـش وتـارەکان نەرمتر بوون بۆ گەیشـتن بە ڕێککەوتنێـک لەبارەی دانانـی میکانیزمێک بۆ ناردنـە دەرەوەی نەوتـی کوردسـتان لـە ڕێی تورکیا. بـەڵام گوتاری وەزیـری نەوتی عێراق پەیامێکی سەرسـوڕهێنەر بوو بۆ کوردستان و بەتایبەتی بۆ تورکیا کە دەکرێت بگوترێت، ئەم هەڵوێستە جیاوازانە، دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە بە عێراق لەلایەن تورکیا کە ئەمەش بە قازانجی کورد تەواو دەبێت و دەبێتە هۆی زیاتر لێـک نزیکبوونەوەی هەولێر و ئەنقەرە لەسـەر مەسـەلەی نەوت و بازرگانی و هەروەها لەسەر ئاستی پەیوەندییە سیاسییەکان.

"ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردسـتان دەبێتە مایەی لێـک جیابوونەوەی عێراقی یەکگرتوو"، ئەمـە ئـەو لێکدانـەوە و بیرکردنەوەیەیـە کە هەمیشە لە بەغداوە دەبیسترێ. بەڵام نەناردنە دەرەوەی ئەم وزەیەش دیسان دەبێتە هۆکارێک بۆ لێـک جیابوونەوەی عێراقـی یەکگرتوو. بە گوتـەی وەزیـری نەوتی عێـراق "ئەگەر هەرێم نەتوانێـت 400 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بنێرێتـە دەرەوە، بەشـە بودجـەی هەرێمـی کوردسـتان لەلایـەن عێراقـەوە دەبڕێـت". هەڕەشـەکردن لـە بڕینـی بەشـە بودجـەی کوردسـتان زەنگێکـی مەترسـیدارە کە عێراق بەرەو جیابوونەوە دەبات لە داوارۆژێکی نزیکدا.

بەڵام بەڕای من، ئەم یەکێتییەی کە لەعێراق بـاس دەکرێت تەنیا مەرەکەبی سـەر کاغەزە. بەڵگەش بۆ ئەوە، لەسـاڵی 2003وە تا ئێستا دەسـەڵاتی ناوەندی نەیتوانیوە حوکمڕانییەکی حەکیمانـە پێشـانبدات، ئەمـە جگـە لەوەی نەیتوانیـوە کێشـە ناوخۆییـەکان کەمتـر بکاتەوە، دەتوانرێت بگوترێ بەشـێک بووە لە دروسـتکردنی کێشـە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو هەڕەشەو گوشارانەی کە حکومەتی ناوەنـد لەسـەر هەرێمەکانـی دروسـتکردووە. بـۆ نموونـە ئاڵۆزییەکانی ئێسـتای ئەنبار کە دەبووایـە زووتـر چارەسـەر کرابایـە نـەوەک دەسـت بە کێشـە نانەوە بکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان. ئەم هەڵوێستە توندانەی دوایی وا لە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا دەکات فشاری زیاتر بخاتە سـەر نـوری مالیکی سـەرۆک وەزیرانی عێـراق بۆئـەوەی کۆتایی بە ململانێـی نێوان هەرێمی کوردسـتان و بەغدا لەسەر مەسەلەی ناردنـە دەرەوەی نـەوت بهێنـێ و دەسـت بە چاکسـازی ناوخۆیـی بـکات. لـەو پێوەندییە تەلەفۆنییـەی لـە نێـوان جۆ بایـدن جێگری سـەرۆکی ئەمەریکا و نـوری مالیکی دەرکەوت کـە ئەمەریـکا داوا لـە دەسـەڵاتدارانی عێراق دەکات بـە زووترین کات دەسـت بە دارشـتنی میکانیزمێک و دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بکەن بـۆ کۆتاییهێنان بە کێشـەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ ڕێگرتن لە ئاڵۆزییەکانی ناوخۆی عێراق.

ئەگەر بەغدا لەسەر ئەم جۆرە سیاسەتکردنە بـەردەوام بێت، ئەوا تووشـی نەهامەتی زیاتر دەبێت، هەم لە دەسـت کێشـە ناوخۆییەکانی و هەروەهـا لـەڕووی پەیوەندییـە بازرگانـی و سیاسـییەکانی لەگـەڵ وڵاتانـی دەوروبەر کە ئەمـڕۆ عێراق پێویسـتییەکی یەکجار زۆری بە پەیوەندی دۆسـتانە، دیپلۆماسـی و بازرگانی و سیاسـی لەگـەڵ وڵاتانـی وەک تورکیـا هەیـە بـۆ ئارامکردنـەوەی توندوتیژییەکانـی ناوخۆ، بـە هێزکردنی پێگەی سیاسـی عێراق لەنـاو کومەڵـگای نێودەوڵەتـی و هەروەهـا بووژاندنـەوەی بـازاڕی ناوخـۆ و دابینکردنـی خواسـتی بازاڕی ناوخۆ کـە پێگە بەهێزەکەی تورکیا لە ڕووی سیاسـی و ئابوورییەوە لەسـەر ئاستی نێودەوڵەتی ناتوانرێ نادیدە بگیرێت.



قەرەنی قادری

# ئەگەری "فیفتی فیفتۆکە"یەک لە کابینەی نوێدا!

لە 2013/9/21دا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردسـتان بەڕێوەچوو. گشـت حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان سـەرەڕای "تێبینی"یـان، ئاکامـی هەڵبژاردنەکەیـان قبووڵ کرد. لـەو هەڵبژاردنەدا، سـندووقی دەنگـدان کێشـی لایەنـە سیاسـییەکانی دەرخسـت و مۆرکـی هاووڵاتیانـی هەرێمی کوردسـتان بوو بە پێوەرێک، تا لەسەر ئەو بنەمایە حکومەتی داهاتوو پێکبێت.

ئـەوە زیاتر لە چوار مانگـە، دەنگدەران لە چاوەڕوانیی ئەوەدان ڕێز لە دەنگەکانیان بگیرێـت و وەکو هێزێکی مـاددی، پێوەری پێکهێنانـی کابینەی نوێ بن. بەڵام کێشـە و ململانێی سیاسـی و حیزبی، دەنگدەران و ئاکامی هەڵبژاردنی خستووەتە پەراوێزەوە. گەرچـی کۆبوونەوە و باسـەکان لـە نێوان پارتـی و یەکێتیدا چڕبوونەتـەوە، بەڵام تا ئێسـتا ئاکامێکـی ڕوون لـەو کۆبوونەوانـە بـەدی ناکرێـت و تا دێت دۆخەکـە ئاڵۆزتر دەبێت.

دەنگـی هاووڵاتیان دەبێ لـە پێکهێنانی کابینەدا یەکلاکەرەوە بێت، بەڵام باسـکردن لە "سـنووری دێگەڵە" ئەم چەمکە دەخاتە ژێر پرسـیارەوە، کە بـۆ دەبێ هەڵبژاردن و ئاکامەکەی بکەوێتـە پەراوێزی بەرژەوەندی حیزبییـەوە و لە بـری دەنگـدان، "نفووزی دەسەڵات" پێوەر بێت.

ململانێ لە نێوان "ئیستحقاقی هەڵبژاردن" و "پێگەی جوگرافیایی و نفووزی دەسەڵات" یـان بـە واتایەکـی دی، "ڕێککەوتننامـەی سـتراتیژیی نێـوان پارتـی و یەکێتـی" بۆ پێکهێنانـی کابینـەی نـوێ، کارێکـی وای کردووە کە ئەم باسـە سەبارەت بە کابینەی نوێ هەروا دەستاودەست بکرێت. هەڵبژاردن و قبووڵکردنـی ئاکامەکـەی، یەکێکـە لـە پرەنسیپە نەگۆڕەکانی دیموکراسی.

تا ماوەیەک بەر لە ئێسـتا، دەستەواژەی "ئیسـتحقاق و پێگـە" کـە لەلایـەن (ی ن ک)ەوە وەکـو مەرج هاتە ناو باسـەکانەوە، گشـت حیـزب و لایەنەکانی نیگـەران کرد، بـەڵام لـە درێـژەی کات و گنخاندنیدا، (ی ن ک) هەستی بەوە کرد کە نارەزایەتییەکی گشتگیر سەری هەڵداوە. لە ئاکامدا گۆڕینی تاکتیکیان ئەوە بوو، خێرا باسـیان لە کۆی کورسییەکانی خۆیان و پارتی کرد. گەرچی داواکارییەکـەی (ی ن ک) ڕووی لـە (پ د ک)ە، بەڵام هەم پارتی تووشی کێشە بووە، هەمیش لایەنەکانی دیکەی نیگەران کردووە. یەکێـک لە ئاکامەکانی ئـەو "داواکاری"یەی یەکێتی کـە ڕووی لە پارتی بـوو، هەندێک لایەنـی گەیانـدە ئـەو بۆچوونە کـە پارتی دەتوانێـت لە "بـەش"ی خۆی بـە یەکێتی بـدات! خاڵێکی دیکەش لـەو پەیوەندییەدا، کێشەی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، سـەرۆکی پەرلەمـان و جێگرەکەیەتـی، کە ئەمەشـیان بـاری پێکهێنانـی کابینەی هەشـتەمی لـە ڕادەبـەدەر قـورس و ئاڵۆز کردووە.

هـەر ئێسـتا هەندێک ئامـاژە و ئەگەری بەهێز لە ئارادان کە باس و دانوستاندنەکان بـەو ئاقارەدا ببـەن، تا پارتـی دیموکراتی کوردسـتان بـە دوو "پێـوەر" کابینـەی نـوێ پێکبێنـێ. لەگـەڵ حیـزب و لایەنـە سیاسییەکانی دی لەسـەر بنەمـای کورسـییەکان بێـت و، دەگـەڵ یەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتانیش لەسـەر بنەمای "ڕێککەوتنی سـتراتیژی"، یان بە چەشنێک لەسـەر داواکاریـی "ئیسـتحقاقی پێگـە و مێژوو" بێت.

واتـە کابینەیەکـی دوو پێـوەرە کـە کاکڵەکـەی لەسـەر بنەمـای کـۆی کورسـییەکانیان (56) و سـەرهەڵدانی "فیفتـی فیفتۆکە"یـەک بێت، بـەڵام لە ناو هەنـاوی حکومەتێکـی "بنکـە فـراوان"دا. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە کادیر و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی (2013/9/21)دا، بەو نەفەسەوە چوونە ناو بانگەشەی هەڵبژاردنەوە کە مادام بە لیستی سـەربەخۆ لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەن، "هەوڵ"یانـدا حیزبەکەیـان زۆرتریـن دەنگ بەدەستبێنێ، تا "زۆرترین" و "سەرەکیترین" پۆسـتیان لە کابینـەدا بەرکەوێت. ئایا ڕای ئـەوان دەبێتـە بنەمـای کاری حیزبەکەیان بـۆ پێکهێنانی کابینەی نـوێ، یان پەراوێز دەخرێن، کە ئەمەشیان کێشەیەکی دیکەیە.

بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگـەی هەرێمـی کوردسـتان لە داهاتوودا تووشـی کێشـەی وا ئاڵـۆز و دەسـتکرد نەبێتەوە، پێویسـتە بـۆ هەڵبژاردنەکانـی دی، گشـت حیـزب و لایەنـەکان پابەنـدی یاسـا بـن. پابەندیی حیزب و لایەنە سیاسـییەکان بە هەڵبژاردن و ئاکامەکەی، هەروەها بەو کاتە یاساییەی کـە بـۆ پێکهێنانـی کابینە دیـاری کراوە، مەرجی بنەڕەتییە بۆ سـەقامگیریی یاسا و سەروەرییەکەی لە کۆمەڵگەدا.

هەڵبژاردن تەنیا ئەوە نییە کە هاووڵاتیان دەنگـی خۆیـان بخەنـە ناو سـندووقەکانی دەنگدانـەوە، بەڵکـو ئـەوە دەنگەکانـن کـە دەبـێ یەکلاکـەرەوە و بنەمـا بـن بۆ دەستاودەسـتکردنی دەسەڵات و پێکهێنانی کابینـەی نوێ. هەڵبژاردن تەنیا بە ژماردنی دەنگـەکان کۆتایی نایەت، بەڵکو پێوەرە بۆ دابەشـکردنی وەزارەت و پۆستە باڵاکان، لە پەرلەمان و حکومەتدا.



گۆران شێخ مستەفا*

# هەرێمی کوردستان و ئەفریقا. گەشەیەکی خێرا لە دانیشتووان

پێشـبینی دەکـرێ ژمـارەی دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتان هاوتـای ئەفریقـا بـە جیـاواز لەژمارەدا، تا سـاڵی 2050 بە ڕێژەی دوو ئەوەنـدە زیـاد بـکات. ئـەم زیادبوونەش لەژمارەی دانیشتووان لەلایەک کاریگەری لەسەر جوگرافیـای هەرێـم و لەلایەکی دیش لەسـەر داهاتی خەڵکەکەی دەبێت.

پەیوەنـدی نێـوان ژمـارەی دانیشـتووان و هـەژاری پەیوەندییەکـی توندوتۆڵـە و لەگەڵ بەرزبوونـەوەی ژمـارەی دانیشـتووان هەلـی کارکـردن کـەم دەبێتـەوە و پێدەچێت ڕێژەی هەژاریـش زیـاد بکات. گەشـەی دانیشـتووان دەبێتە هۆی زیادبوونی خواسـت لەسـەر کۆی پێداویسـتییەکانی ژیـان و هەروەها زیادبوونی هێزی کار، بەمەش کرێی کارکردن کەمدەکاتەوە. لەگەڵ کەمبوونەوەی کرێی کارکردن و زیادبوونی خواستیش، خۆشگوزەرانی بەکاربەران دەگۆڕێت بۆ خۆتێرکردن، بەمەش هـەژاری بەرهەمدێت. ڕەنگە ئەسـتەم بێت پێوانەی زیادبوونی منداڵ بەکەمبوونەوەی کرێی کارکردن لەهەمان ساڵدا بکەین، بەڵام کاریگەرییەکە زۆر بەئاسانی دوای دوو دەیـە دەردەکەوێـت، کاتێک ئـەو نەوەیە دەبنـە هێـزی کار و بـەدوای کاردا دەگەڕێن. بۆنموونە لەسـاڵانی حەفتاکان و هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوودا کاتێـک لەدایکبووانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی گەورەبوون و هاتنە نێو هێزی کار، وایکرد کرێی کارکردن ڕوو لەدابەزین بکات، لەکاتێکدا لەدەیەی یەکەمی دوای جەنگ کرێی کارکردن بەرز و داهاتێکی بەرزیشی لێوە دابین دەکرا.

ئەفریقـا وەک هەژارتریـن ناوچـەی جیهان، تادەگاتـە سـاڵی 2050، گەورەتریـن ئاسـتی گەشـەکردنی لەدایکبوون بەرامبەر بەسەرجەم شوێنەکانی دیکەی جیهان تۆماردەکات.

چاوەڕێ دەکرێت دانیشتووانی ئەفریقا ببێتە دوو هێنـدە، زیادبوونی لە 1،1 ملیار کەسـەوە لەساڵی 2013 دا بۆ 2،4 ملیار تاساڵی 2050. ئـەو گەشـەخێرایەی لەدایکبوونیـش بەزۆری لەوڵاتانی بیابانی ئەفریقـاوە دەردەکەوێت، کە هەژارترین شوێنن لەجیهاندا.

ئاسـتی بەرزی گەشـەکردنی دانیشـتووان دەبێتە گرفتێکی سـەرەکی بەردەم ئابووری بۆ دروستکردنی هەلی پێویستی کار و هێشتنەوەی وڵات لەهاوسەنگی کۆمەڵایەتیدا.

حاڵـی حـازر هـەر ئافرەتێکـی ناوچەکانی ئەفریقـای سـەحراوی بـە ڕێـژەی 5،2 منداڵ دەخەنەوە، ئەمەش لەدوای ئافرەتانی نەیجیریا بەرێژیەکـی بـەرز دێـت. ئافرەتانـی نەیجیریا بەرێـژەی 7،6 منـداڵ بـۆ هـەر ئافرەتێکـە. لێکۆڵینـەوە ئابوورییەکان ئەوەیان پشتڕاسـت کردووەتـەوە کـە پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ لەنێوان هەژاری و ڕێژەی منداڵخستنەوە لەلایەک و زۆریی ڕێژەی منداڵ و هەژاری لەلایەکی دیکە هەیە. لەڕاسـتیدا 10 وڵاتی زۆر بەرهەمهێنەری منداڵ لەجیهاندا لەوڵاتانی ئەفریقای سەحراوییە، کـە هەژارتریـن ناوچەن لەجیهاندا. سـەرەڕای بوونی ڕێژەیەکی بەرز لەمنداڵبوون، دانیشتووانی ئـەو ناوچانـە بەکۆمەڵگایەکـی گەنـج هەژمار دەکرێـن، ڕێـژەی 43%ی کـۆی دانیشـتووان تەمەنیان دەگاتە خوار 15 ساڵ.

بەپێی دوایین ئاماری دانیشتووان، لەوڵاتانی تازەپێگەیشـتوو بۆشـایی نێـوان هـەژار و دەوڵەمەنـد ڕوو لەزیادبـوون دەکات و لەگـەڵ فراوانبوونی جیاوازیی نێوان ڕێژەی منداڵبوون و خزمەتگوزاریی تەندروستی. بۆ نموونە لە ئۆگەندا ئافرەتێک لـە خانەوادەیەکی هەژار زیاتر لەدوو ئەوەنـدە منداڵی لە ئافرەتێک لەخانەوادەیەکی دەوڵەمەنـد هەیە. بەڵام منداڵانی ئەم خانەوادە هـەژارە ئەگەری مردنیان تا تەمەنی 5 سـاڵی زیاترە لەمنداڵەکانی خانەوادە دەوڵەمەندەکە.

لێکۆڵینەوەکی USAID بەراوردێکی لەنێوان دوو وڵاتی هـەژار و دەوڵەمەند کردووە لەڕووی گەشەی دانیشتووانەوە. نەیجیریا و هۆڵەندا کە هەردووکیان ژمارەی دانیشتووانیان نزیکەی 17 ملیۆن کـەس دەبێت، تاسـاڵی 2050 ژمارەی دانیشـتووانی نەیجیریا زیاتر لەچـوار ئەوەندە زیـاد دەبێت و دەگاتە 66 ملیۆن کەس، کەچی دانیشـتووانی هۆڵەندا بەهێواشی گەشەدەکات و لەهەمـان مـاوەدا دەگاتـە 18 ملیۆن کەس. ئـەوەی مایەی تێڕامانـە لـەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە کە دانیشتووانی ئەوروپا بۆ ساڵی 2050 کەمـدەکات، ئەمـەش بەهـۆی لاوازی ڕێـژەی لەدایکبوون. لەدەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا ڕێـژەی لەدایکبوونی منـداڵ لای ئەوروپییەکان لـە 2،6 ەوە لەساڵی 1960 بۆ 1،6 لەسـاڵی پاردا دابەزیوە. دانیشـتووانی ئێستای ئەوروپا 740 ملیۆن کەسە و پێشبینی دەکرێت بۆ ساڵی 2050 کەمبـکات بۆ 726 ملیـۆن کەس. بەڵام ئەوروپییەکان چاویـان لەڕێژەی کۆچبەرانە بۆ وڵاتەکانیان تا یارمەتی گەشەی دانیشتووانیان بـدات. خێرایـی لـە گەشـەی دانیشـتووان ئاستەنگی گەورە لەبەردەم وڵاتان دروستدەکات بـۆ بەرزکردنـەوەی سـتانداردی ژیـان و پارێزگاریکردن لەژینگە، لەبەرئەوەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان زیادبوون لەخواست لەسەر خواردن، خزمەتگوزاری تەندروستی، پەروەردە، نیشـتەجێبوون، کار و وزە دروسـتدەکات. زیادبوونـی ژمـارەی دانیشـتووان واتـە ئـەو داهاتەی کە هەیە پێویسـتە لەنێوان خەڵکێکی زیاتر دابەش بکرێت. سـەرچاوە سروشتییەکان دەکەونە مەترسـیی بەڕێوەبردنەوە. بۆ نموونە لەوانەیە هەموو کەسێک دەستی نەگات بەئاوی پـاک بـۆ خواردنـەوە کە ئێسـتاش گرفتێکی سەرەکی بەردەم ئەفریقییەکانە.

لەهەرێمـی کوردسـتانیش بەپێـی ژمارەی ئێسـتای دانیشـتووان کـە تا کۆتایی سـاڵی ڕابـردوو بریتی بـوو لـە (5351276) کەس و دانیشتووانەکەشی بەرێژەی 2،8% گەشەدەکات. بەپێی ئەو ژمارانە بێت، ژمارەی دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتان بۆ سـاڵی 2050 دەگاتە نزیکـەی 11 ملیـۆن کەس، واتە تا 36 سـاڵی داهاتوو ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان هاوتای ئەفریقا زیاتر لە دوو هێندە زیاد دەکات.

بەپێـی لێکۆڵینەوەیـەک لەبـارەی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان، ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 15 بۆ 34 ساڵیدایە زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی پێکدەهێنن کـە ڕێژەکەی 34%ی کۆی گشتی دانیشتووانە. بەمەش کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بەکۆمەڵگایەکی گەنج هەژماردەکرێت. ئەگەرچی لایەنێکی نەرێنی ئەم بوارە ئەوەیە کە بەهۆی پیسبوونە ژینگەییەکانی چەندین دەیەی ڕابردوو ئاسـتی ژیـان ڕوو لەدابەزینەو ئێسـتا گەیشـتووەتە 58.2 سـاڵ. بە لەبەرچاوگرتنی گەنجیی کۆمەڵگای کوردی، گەشەی داهاتووی دانیشتووان بەندە بەتێڕوانین و پلانی خێزانەکانی داهاتوو لەخستنەوەی منداڵدا.

سـەبارەت بەداهاتەکەیشـی، هەرێمـی کوردسـتان وەک ناوچەیەکـی دەوڵەمەنـد بەنەوت هاوشـێوەی دەوڵەتی عێراق و وڵاتانی کەنداو بەرێژەیەکی بەرز پشـت بەداهاتی نەوت دەبەسـتێت. بۆ ئێسـتای هەرێمی کوردستان کە دانیشتووانەکەی زیاتر لەنیو ملیۆن کەسە، ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەدەکات، بـەڵام تا سـاڵی 2050 کـە پێشـبینی کراوە دانیشتووانەکەی زیاتر لە دوو هێندە ببێت، بەپێ ئامارەکانی وەزارەتی سـامانە سروشـتییەکان چاوەڕێدەکرێت هەرێمی کوردستان نزیکەی 18 ملیار بەرمیل کەڵەکەبووی نەوت بەرهەمبهێنێ. بەڵام ئەوەی پێشبینی ناکرێت ئەوەیە بارودۆخی ژیان و خواستی کۆمەڵگا تا 36 ساڵی داهاتوو چی بەسەردێت!

ئەگەر هەرێمی کوردسـتان بەم سیاسـەتە ئابوورییەی ئێستا ئاراستە بکرێ، بەهیچ جۆرێک توانای خۆڕاگرتنی نابێت. پێویسـتە حکومەت سیاسەتی خۆی لەبەرهەمهێنان و بازاڕی کاردا بگۆڕێت. لەڕووی نیشـتەجێبوونەوە گرنگی بە شێوەی سـتوونی بدات نەوەک ئاسۆیی، بواری کشـتوکاڵ و ژینگەیـی هاوتـا لەگـەڵ کەرتی نـەوت پەرەپێبـدات، هەروەهـا گرنگیـدان بە سیسـتەمی باج بۆ ئـەوەی لەئەگەرەکانی بەرز و نزمبوونەوەی نرخی جیهانیی نەوت تووشـی ناجێگیریی ئابووری نەبێ.

*شرۆڤەکاری ئابووری



گاری کێنت*

# گفتوگۆیەکی گەرم دەربارەی کورد لە پەرلەمانی بەریتانیا

بۆ جاری دووەم لە ماوەی ساڵێکدا، پەرلەمانی بەریتانیا هەفتەی رابردوو گەڕایەوە بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندییەکانی حکومەتی بەریتانیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان. ئەمەش جێی سەرسوڕمانە بەهۆی دووریی هەرێمی کوردستان و نەشارەزایی زۆرینەی خەڵکی بەریتانیا دەربارەی ئەم هەرێمە. گفتوگۆیەکی پەرلەمانی لەوجۆرە دەتوانێ ئەوە بگۆڕێ.

پەرلەمانتارانی هەموو پارتەکانی ناو پەرلەمان بەشداری ئەو گفتوگۆیە بوون. جەختیان لەوەکردەوە کە بەریتانیا ڕۆڵی ئەو زانکۆ و کۆمپانیایانە بەرز دەنرخێنێ کە یارمەتی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز دەدەن.

سەبارەت بە تێبینییەکانیان لەسەر پێشکەوتنی کوردستان، پەرلەمانتاران کۆک بوون لەسەر ئەوەی کوردستان لە گۆڕانکاریدایە. مارتن هۆروود، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی چەپ، باسی هەندێک لەو هۆکارانەی کرد کە جێگەی نیگەرانین وەک ئازادی رادەربڕین کە لەلایەن رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوورەوە ئاماژەیان پێکراوە، بەتایبەتی باسی کوشتنی رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی لە کەلار کرد. داوای لە دەسەڵاتدارانی کوردستان کرد تۆمەتبارانی پشتی ئەو تاوانە دەستگیر بکەن. هۆروود گوتیشی، جێی نیگەرانییە کە برازای سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆک وەزیرانی حکومەتە. گوتی ئەمە دروست نییە، راستە بنەماڵەی بارزانی پێگەو کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام ئەوە هەڵەیە بارزانییبوون ببێتە بەربەست لەبەردەم بەشداریکردنی خەڵکانی دیکە.

هەندێکی دیکە لە پەلەمانتاران ئاماژەیان بە دیاردەی خەتەنەکردنی کچان کرد، بەڵام نکۆڵییان لەوە نەکرد کە دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە لە هەوڵی بنبڕکردنی ئەو دیاردەیەدان. مێگ مون پەرلەمانتاری پارتی کرێکارانی بەریتانیا ئاماژەی بە باسنەکردنی ئامێزکردنەوەی کوردستان بۆ 250 هەزار ئاوارەی سووری کرد. پێشتر وەزیری دەرەوەی بەریتانیا وڵاتانی لوبنان و تورکیاو ئوردنی لە لیستی ئەو وڵاتانەی ئاوارە سوورییەکانیان لەخۆگرتووە ناوهێنا بوو، بەڵام ناوی کوردستانی لەو لیستەدا سڕیبووەوە، ئەمەش هەڵەیەکە دەبێ دووبارە نەکرێتەوە.

هۆروود لە کۆتاییدا گوتی، ئێستا کوردستان نموونەیە بۆ زۆر لەو نەتەوەو کۆمەڵگایانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەی دەتوانن چی بکەن ئەگەر ئاشتی و دیموکراسی و مافی بڕیاردانی چارەنووسیان هەبێت. ئەو وێنەیەی پەرلەمانتاران بۆ کوردستانیان کێشا وێنەیەکی تێروتەسەل و پڕ جۆش و خرۆش و واقیعی بوو کە گرنگی دۆزینەوەی راستییەکان لەکاتی سەردانەکاندا دەردەخات.

هەروەها پەرلەمانتاران چەند داوایەکیان پێشکەش کرد بۆ دڵنیابوون لە زیادکردنی تواناکانی بەریتانیا لە کوردستان. داواکارییەکان خراونەتە تۆمارەوە و چانسی قبوڵکردنیان زۆرە. گفتوگۆی پەرلەمانیی لەم جۆرە لەلایەن وەزیر یان بەرپرسێکەوە وەڵام دەدرێتەوە. بەرپرسی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بە گەشتێک لە دەرەوەی وڵات بوو، بەڵام هیوگۆ سوایەر یەکێکی دیکە لە بەرپرسەکانی وەزارەتی دەرەوە ئامادەبوو بۆ وەڵامدانەوەی پەرلەمانتاران و دەربڕینی تێڕوانین و پێگەی حکومەت.

سوایەر ستایشی تێڕوانین و زانیاری پەرلەمانتارانی کردو هەوڵ و کۆششی چەند ساڵەیانی لە بنیاتنانی پەیوەندییەکان لەگەڵ کوردستان بەرز نرخاند و لەگەڵ ئەو کۆششە مەزنەی لەلایەن هەموو پارتەکانی ناو پەرلەمانەوە لەم بارەیەوە دراوە. سوایەر گوتی زۆری پێخۆشە سەردانی کوردستان بکات کە گۆڕانکاری مەزنی تێدا روویداوە و ئێستا هەرێمێکی پێشکەوتوو سەقامگیرە لە ناوچەیەکی پڕ لە شەڕوشۆڕدا.

هەروەها گوتی کە تازەکی تێگەیشتوون لە گرنگیی پەیوەندی بازرگانی لەنێوان بەریتانیا و هەرێمی کوردستان و ئەو سەرکەوتنانە بە بایەخەوە تەماشا دەکەن، هەر لەبەرئەوەشە حکومەتی بەریتانیا ستافی کونسڵخانەکەی لە هەولێر زیاد کردووە کە لە ساڵی 2015دا دەچێتە بینایەکی تایبەت بەخۆی.

گرووپەکە بۆ ماوەیەکی زۆرە خەریکی ئەنجامدانی هەڵمەتێکن بۆ باشترکردنی پێدانی ڤیزا، ئەمەش پاش بیستنی ئەو هەموو نارەحەتییەی کە خەڵکی رووبەڕووی دەبنەوە لە چوون بۆ عەممان و چەندین هەفتە چاوەڕێکردن بۆ وەرگرتنی ڤیزا. ئێستا بەریتانیا پرۆسەی پێدانی ڤیزای لە سەنتەرە نوێیەکەی لە هۆتێل شیراتۆن دەستپێکردووە، بەڵام سوایەر دانی بەوەدا نا کە هێشتا نرخی تێچوونی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ ڤیزا گرانە.

هێڵی فرۆکەی راستەوخۆ لە نێوان بەریتانیا و کوردستان یەکێکی دیکە بوو لە داواکارییە درێژخایەنەکان. سوایەر ئاماژەی بەوەکرد کە پێشکەوتنی باش لە بواری ئاسایشدا مانای ئەوەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا فرۆکەخانەی هەولێر کە لەلایەن ئەندازیارێکی بەریتانییەوە دیزاین کراوە پێشوازی لە بارهەڵگری بەریتانی بکات.

لەبارەی دابینکردنی پێداویستی ئەمنی بۆ جەنگ لە دژی قاعیدە، سوایەر نەیویست باس لەو بابەتە بکات، بەڵام لەبەرئەوەی پەرلەمانتاران ئەو بابەتەیان وروژاند ئەویش لە وەڵامدا گوتی، کوردی عێراق رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بەرقەرارکردنی سەقامگیری لە عێراقدا. سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوت بۆ تورکیا، سوایەر وەک دیپلۆماتێک داوای لە هەردوولا کرد بگەنە رێککەوتن لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی وزەو دابەشکردنی داهاتەکانی.

سەبارەت بە داواکارییەک لە حکومەتی بەریتانیا بۆ دانپێدانان بە کۆمەڵکوژییەکان لە دژی میللەتی کورد وەک تاوانی جینۆساید، سوایەر هەڵوێستی حکومەتەکەی دووپاتکردەوە لە پابەندبوون بە پرۆسەی یاسایی سەبارەت بەوەی ئایا ئەو کۆمەڵکوژیانەی دژی کورد کراون دەچنە خانەی جینۆسایدەوە، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە وەزیرەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتیەکەی لە لەندەن کاردەکەن سەبارەت بە چۆنیەتی یادکردنەوەی رۆژی ئەنفال لە 14ی نیسانی داهاتوو بە باشترین شێوە.

رۆبێرت هالفن، پەرلەمانتار، داوای لە سوایەر کرد هەموو توانایان بخەنە گەڕ لە پەلکێشکردنی ئەو کەسانەی لەپشت تاوانی کۆمەڵکوژی دژ بە گەلی کوردەوەن و ئێستا لە ئەورووپا دەژین لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی چەکی کیمیاوییان بەسەدام حوسەین فرۆشتووە. سوایەر کۆک بوو لەسەر ئەو داوایە و لە وەڵامدا گوتی کە دەبێت حکومەتەکەی هەموو توانای بخاتەگەڕ لە پێناو پەلکێشکردنی ئەوانەی لەپشت هەر تاوانێکی کۆمەڵکوژییەوەن لە جیهاندا بۆ بەردەم دادگا و ئەو کۆمپانیایانەی بە نایاسایی چەکیان پێفرۆشتوون.

سەبارەت بە بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بۆ لەندەن، سوایەر گوتی ئەو خشتەی سەردان و کاروبارەکانی وەزیری دەرەوە بەڕێوە نابات، بەڵام پێشوازی لەو بیرۆکەیە کرد و گوتی پێویستە سەرۆک بارزانی بۆ بەریتانیا بانگهێشت بکەین. سوایەر گوتیشی، داواکارییەک بۆ سەردانی وەفدێکی بازرگانی بەریتانیا بۆ کوردستانی عێراق لەلایەن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاوە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە کە بۆخۆی ئاگاداری ئەو هەلە بازرگانیانەی کوردستانی عێراقە. گفتوگۆ پەرلەمانییەکە بووە هۆی بەرزکردنەوەی ناونیشان و پێگەی کوردستانی عێراق.

**بەڕێوەبەری گرووپی هەموو پارتەکانی نێو پەرلەمانی بەریتانیا بۆ پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان.***



هێمن عەبدوڵڵا

# قومار بە گیرفانی بەتاڵەوە

ئەوانە هەڵەن کە پێیانوایە کورد لە جنێڤ دوو بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە. چونکە کورد لەو کۆنگرەیەدا قومارچییەکە کە لیرەیەکی لە باخەڵدا نەبووە تا چاوەڕوانی بردنەوەی لێبکەین.

پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD کە ئێستا سێ کانتۆنی لە رۆژئاوای کوردستان دروستکردووە، بەشداریی لە کۆنگرەکەدا نەکرد. کەچی پارتەکانی دیکەی رۆژئاوا کە بستێک خاکیان لە رۆژئاوا بەدەستەوە نییە، بەناوی هەموو کوردەوە هەڵتەک هەڵتەک تەشریفیان بۆ برد. ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە لە قوماری جنێڤدا نە هیچیان دۆڕاند و نە هیچیشیان بردەوە. ئەوەی لە جنێڤ بردییەوە بەشار ئەسەد و دەوڵەتی ئێران بوون. هەق بوو ئێران خەڵاتی پیاوی ساڵ بداتە بان کی موون کە بانگهێشتکردنی ئەوانی بۆ کۆنگرەکە کشاندەوە، چونکە بەشداریی ئێران لە کۆنگرەکەدا تەڵەیەک بوو بۆی نرابووەوە و جەنابی بان زەحمەتی تەقاندنی کێشا.

ئەگەر ئێران لە جنێڤ بەشداربووایە، دەبوو رازی بێت بە جنێڤی یەک و واژووی بکات. بەوپێیەش دەبووایە سوپای ئێران و راوێژکارە سەربازییەکانی لە سووریا بێنەدەرێ و چیدیکەش کۆماری ئیسلامیی ئێران چەک نەنێرێت بۆ حکومەتی ئەسەد.

بۆ ئەسەدیش ئەوەی بە بۆمبا و فرۆکە و چەکی کیمیاوی وەدەستنەهات، لەسەر مێزی قوماری جنێڤ وەدیهات. لەو قومارەدا ئۆپۆزیسیۆن وازی لە کەللەڕەقییەکانی هێنا و تێگەیشت کە لە سووریا "بێ سەرۆک ئەسەد ژیان نابە"!

راستە ئێستا لە رۆژئاوای کوردستان پەیەدە تاکرەوی دەکات و تێبینیی زۆر لەسەر "حوکمڕانییە خۆجێییەکەی" هەیە، بەڵام هەرواش ئەو پارتە زۆرتر لە پارتەکانی دیکە شایستەیی بەشداریکردنی هەبوو لە قوماری وەکو ئەوەی جنێڤدا.

گەنجێکی خەڵکی رۆژئاوا پێیگوتم سکرتێری یەکێک لەو پارتانەی کە خۆی بە رکابەری پەیەدە دەزانێت، لە هەولێر رێستورانتێکی شاهانەی کردووەتەوە. دەیگوت هەرکەسێک لەجیاتی مامۆستا بێت، خەریکی رێستورانتەکەی دەبێ و ئاگای لە رۆژئاوا نامێنێ. جگە لەوەش ئێستا کەمپەکانی پەنابەرانی رۆژئاوا لە باشوور بۆخۆیان رۆژئاوایەکی بچووککراوەن، بەڵام پارتە هوتێلنشینەکان کە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەیگوزەرێنن، ناتوانن تەنانەت دڵی ئەوانیش رازی بکەن.

بۆیە بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوەی شاندی کورد لە جنێڤ ئاساییە. ئیتر ئەوە قومارە و قوماریش بە گیرفانی بەتاڵەوە ناکرێت!



دەیڤد ڕۆمانۆ

# گفتوگۆکانی لۆزان دوو

کاتێک ئەم گۆشەیەم دەنووسی "کۆنگرەی ئاشتی سووریا" لە سویسرا بەڕێوەدەچوو. دوای ئەوەی ساڵی رابردوو بەڕێوەچوونی چەند کۆبوونەوەیەک لە ژنێڤ ئەنجامدران، کۆنگرەی ئەمساڵیان ناونا "ژنێڤ دوو". ئەمریکا بەمجۆرە باسی ئامانجی کۆنگرەکەی کرد "دامەزراندنی ئیدارەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی سووریا بە رەزامەندی هاوبەش" هەروەها وەستاندنی شەڕ. وەزیری دەرەوەی رووسیا تیشکێکی ئەرێنیانەی خستە سەر کۆنگرەکە کە بەهەموو پێوەرەکان رۆژی یەکەم زۆر هەژارانە بوو "بۆ یەکەم جار، دوای سێ ساڵ لە ململانێی خوێناوی، هەموو لایەنەکان رازیبوون لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشن".

هەروەها لایەنێکی گرنگ ئامادە نەبوو: رێ بە هیچ نوێنەرێکی کوردی سووریا نەدرا بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئامادەی گفتوگۆکان بێت. هەڵوێستی ئەنجوومەنی نیشتمانی سووریا ئەوەیە کە ئەوان نوێنەرایەتی کوردیش دەکەن، بێگومان رێک بەو جۆرەی کەمالیستەکان نوێنەرایەتی کوردیان کرد لە گفتوگۆکانی رێککەوتننامەی لۆزانی 1923. خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە دەزانن کە رێککەوتننامەکە لە هەشتا ساڵی دواتردا چەند باش بۆ کورد کەوتەوە. بە واتایەکی دی، ئەگەر هەر شاندێکی کوردی بیەوێ ئامادەی کۆنگرەکە بێت، دەبێ بە فەرمان و هەوەسی ئیخوان موسلیمین بێت. ئەنجوومەنی نیشتیمانی سووریا هێشتا ئامادە نییە دان بە بوونی کوردستانی سووریادا بنێت یان واژۆ بکات لەسەر ئۆتۆنۆمی بۆ کورد یان کەمینەکانی دیکەی ئەو وڵاتە.

دەبووایە ئەمریکا هەوڵیدابا بۆ تایبەتکردنی شوێنێک بە کوردی سووریا لەسەر مێزەکە. رژێمی ئەسەد کە چەند شتێکی پێشکەشی کورد کردووە بۆئەوەی لەدەرەوەی جەنگ بیانهێڵێتەوە، پێدەچوو ئامادەبوونی کوردی قبووڵ بێت. رووسەکان تەنانەت لە هاوینی رابردوو سەرانی پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYA)یان بانگهێشتی رووسیا کرد و بەڵێنیان پێدان بانگهێشتی ژنێڤ دووشیان بکەن. واشنتن سوورە لەسەر ئەوەی PYD بە کەڵکی ئەوە نایەن لەگەڵیان دابنیشن، گرنگ نییە چەندی لە خاکی سووریا کۆنترۆڵ کردووە، گرنگ نییە چەند جیهادی دەکوژێت، گرنگ نییە چەند هەڵبژاردنی لۆکاڵی رێکدەخات، گرنگ نییە تۆماری مافەکانی مرۆڤی چەندە باشتر بن لەچاو گرووپە چەکدارەکانی دیکەی سووریا، گرنگیش نییە چەند نوێنەری عەرەب، مەسیحی و کەمینە جیاوازەکانی دیکە لە حکومەتە ناوچەییەکەی رۆژئاوادا بەشدار دەکات. رژێمی ئەسەدی بکوژ و ئەشکەنجەدەر و گرووپێک لە بازرگانانی سووریا کە جگە لە خۆیان نوێنەری هیچ کەسێک نین، ئەوانەن کە ئەمریکا دەیەوێ لەگەڵیان دانیشێت.

تەنانەت ئێرانییەکانیش خواستی خۆیان نیشانداوە بۆ دانپێدانان و مامەڵەکردن لەگەڵ کوردی سووریا و حکومەتە ئۆتۆنۆمییە کوردییەکانی دیکە — بێگومان تا ئەوکاتەی لە ئێران نەبن. ئێران بەشداریکردنی لە کۆنگرە لەکیس چوو، دوای ئەوەی دیپلۆماتە ئەمریکییەکان بە ئەنقەست بانگهێشتەکەی بان کی مون، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیان هەڵوەشاندەوە.

ئەنجوومەنی نیشتیمانی سووریا وەک دەبینی، نەیویست ئێرانیش لە سویسرا ئامادەیی هەبێت. ئەو گرووپە پەناهەندەیەی کە دەبنە سەرکردەی سیاسی وەک دەڵێن، دەیانەوێ سەرکردە و فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بن لە سووریا، ئەو گرووپانە پێیانوایە دەتوانن هەم کۆنترۆڵی لیستی میوانەکان بکەن لە ژنێڤ و هەم بەشار ئەسەد ناچار بکەن دەسەڵات جێبێڵێت.

بەداخەوە، پێموایە لەوێ تەنیا شوێن بۆ کوردی سووریا نەبوو. رێکخەرانی کۆنگرەکە بانگهێشتی وەزیرانی دەرەوەی زیاتر لە چل وڵات، هاوشانی بەرپرسانی UN و یەکێتی ئەورووپا، کۆمکاری عەرەبی و رێکخراوی هاریکاری ئیسلامییان کردبوو. کەس لەبیری ئەوەدا نەبوو کە لەو بارودۆخەدا کورسییەک بۆ کورد مسۆگەر بکات.



عەبدولڕەحمان سدیق*
asidiq1962@yahoo.com

# هۆشیاریی ژینگەیی لای تاک و کۆمەڵگە

مەسەلەی هۆشیاریی هاووڵاتیان لە ئاست پاراستنی ژینگەدا، مەسەلەیەکی دوو جەمسەرییە لە نێوان دوالیزمەی یاساو رۆشنبیریدا .

بە مانایەکی دی، ئەم مەسەلەیە بەم پرسیارە دەستپێکردووە: ئایا یاسا هۆشیاری دروست دەکات یان هۆشیاری یاسا بەرهەم دەهێنێت؟

لە دوای چەندین ساڵ لێکدانەوەو شرۆڤەکردن، ئێستا دەڵێن: یاسا و رۆشنبیری پێکەوە دەتوانن ئاستی هۆشیاریی تاک و کۆمەڵگە بەرزبکەنەوە بۆ ئەو ئاستەی کە هاووڵاتی هەست بە لێپرسراوێتی خۆی بکات لە بەرامبەر ژینگە. سەبارەت بە یاسا ئەرکی دەوڵەتە کە لە رێگەی دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە پرۆژە یاسایەک ئاراستەی ئەنجومەنی یاسادانان بکات بۆ پەسەندکردن و پاشان کارپێکردنی، چونکە سەرەتای هەڵمەتی هۆشیاری پێویستی بە بوونی یاسایەک هەیە بۆ دوو مەبەست بەلای کەمەوە:

**یەکەم:** دیاریکردنی ئەرکی هەر کەس و لایەنێک.

**دووەم:** ئاگادارکردنەوەی هەر کەس و لایەنێک لەو سزایانەی کە رووبەڕووی دەبێتەوە لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی بڕگەو ماددەکانی ئەو یاسایەدا، لێرەوە یاسا دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ دروستکردن و دارشتنی هۆشیارییەکی ژینگەیی لای هاووڵاتیان.

دواجار ئەرکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندن دێتە پێشەوە لە خستنەڕووی ئەو یاسایە و لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی بڕگە و ماددەکانی بۆ جەماوەر، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان هۆشیاریی یاساییان بۆ دروست ببێت لە بارەی ژینگەوە.

لێرەدا رێکخراوەکانی تایبەت بە ژینگە و راگەیاندنی وەزارەتی ژینگە و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئافرەتان و منداڵپارێزی و ئەوانی دی، دەتوانن رۆڵی بەرچاویان هەبێت شان بەشانی دەزگاکانی پەیوەندیدار بۆ خستنەڕووی یاسای ژینگەپارێزی، دواتر دەتوانین بڵێین ئەرکی هاووڵاتی ئاسایی دێتە ئاراوە کە ئەوسا لەبەر رۆشنایی یاساو پاشان هۆشیاریی یاساییدا دەتوانین ئەرک و لێپرسراوێتییەکانی خۆی بزانێت و ئاگاداری پێکهێنەرەکانی ژینگە بێت لە ئاو و هەوا و خاک و. هتد.

ئەرکی هاووڵاتی و لێپرسراوێتی هاووڵاتی خاڵێکی سەرەکییە لە پاراستنی ژینگەدا لە گشت وڵاتانی جیهاندا، بەڵام بە مەرجێک پێشتر دەوڵەت و رێکخراوەکان ئەرکی خۆیان بەجێبهێنن لەبارەی:–

**یەکەم:**

پێویستیی هەبوونی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە.

**دووەم:**

روونکردنەوە و شیکردنەوەی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە.

**سێیەم:**

ئاشناکردنی گشت کەس و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەو ئەرکانەی لەڕووی ئەم یاسایەوە روویان تێدەکات.

**چوارەم:**

پێدانی زانیاری و بەرچاوڕوونی سەبارەت بەو سزایانەی کە رووبەڕووی هەر کەس و لایەک دەبێتەوە لە حاڵەتی سەرپێچیکردن لە یاساکە لە بڕگەیەک یان ماددەیەک لە ماددەکانیدا.

**پێنجەم:**

بەردەوامیی پەیوەندیی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە نێوان دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکە و هاووڵاتیان لەڕێگەی جیاجیاوە سەبارەت بە میکانیزمەکانی هۆشیاریی یاسایی لەبواری ژینگەپارێزیدا.

بەم خاڵانەو هی دیکەش، دەتوانین بڵێین کە هۆشیاریی یاسایی، هۆشیاریی ژینگەیی بەهێز دەکات و هۆشیاریی ژینگەییش، یاساکان لەداهاتوودا باشتر دەکات.

کەواتە: بۆ مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ ژینگەدا، دوو فاکتەر پێویستن:

یەکەم: رەفتاری ژینگەیی:

کە ئەویش بەرهەمی چوار قۆناغی جیاواز و تەواوکارە:

–1رۆشنبیریی ژینگەیی: کە هۆکارەکانی راگەیاندن پێی هەڵدەستن.

–2پەروەردەی ژینگەیی: کە لەباخچەی ساوایانەوە هەتا خوێندنی باڵا دووبارە دەبێتەوە.

–3: هۆشیاری ژینگەیی: کەڵەکەکردنی زانیارییەکانە و هەستکردنە بە ئازاری پیسکردنی ژینگە.

–4ویژدانی ژینگەیی: کە پێکەوەژیان و خۆگونجاندنە لەگەڵ ژینگە نەک ململانێ و گونجاندنی ژینگە لەگەڵ خۆ.

دووەم: یاسای ژینگەیی:


ژیان لەژینگەیەکی سەلامەتدا مافێکی دەستووری هەر تاکێکە بەپێی ماددەی (33) ی دەستووری عێراق.

www. prdek. com

***نووسەر و رۆژنامەنووس و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق لەدوای رووخانی رژێم.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## کچی شێرەکە بەرگری لە سەگە بەرەڵاکانی کوردستان دەکات

11

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

RÛDAW
تەنیا لە

UB
UB HOLDING
هەواڵەکان بە سپۆنسەری
یوبی هۆڵدینگ بەردەوامە

SIDAR HOLDING
هەواڵەکانی وەرزشی بە سپۆنسەری
سیدار هۆڵدینگ بەردەوامە

qaiwan group
هەواڵەکانی ئابووری بە سپۆنسەری
گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان بەردەوامە

Signature HOLDING
کەشوهەوا بە سپۆنسەری
سیگنیچەر هۆڵدینگ بەردەوامە

MELLAT HOLDING
هەواڵەکانی تەندروستی بە سپۆنسەری
میللەت هۆڵدینگ بەردەوامە

RÛDAW

THE CV
شیاوترین هەڵدەبژێرێت
بە سپۆنسەری سەرەکی
Signature HOLDING
بۆ خۆ تۆمارکردن لەم پرۆگرامە سەردانی
www.rudaw.net
بکەن
بەسپۆنسەری هەریەك لە:



SIDAR HOLDING
ATCONZ REAL ESTATE DEVELOPMENT LTD.
qaiwan group
KARAS
KING For Electronics
SAM OFFICE FURNITURE
ROMA